# بەدرخان
Bedirxan

بەدرخانی و لەسەر لاچێ لەمەوپاش، لە گشت لاوە دەتانهارن وەکو ئاش

هەفتەنامەیەکی رۆژنامەوانیی
گشـــتیی ئـــازادە
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی
"بەدرخان" دەریدەکات

ژمارە (١٠٨) دوو شەممە ٢٠٠٨/١٢/٢٢ زایینی
بەرانبەر بە بەفرانباری ٢٧٠٨ی کوردی
ساڵی نۆیەم




## رێککەوتننامەی چاپکردنی ئینسکلۆپیدیای هەولێر لە لوبنان مۆرکرا

**رۆژنامەی (المستقبل اللبنانية) - ٢٠٠٨/١٢/٢**

رۆژی ٢٠٠٨/١١/٢٨ لە بارەگای کۆمپانیای (گرین گالۆری)ی لوبنانی، رێککەوتننامەی لەچاپدانی ئینسکلۆپیدیای هەولێر (ئەربیل) بەئامادەبوونی د.عەبدوللا عەلیاوەیی سەرۆکی لیژنەی باڵای ئینسکلۆپیدیای هەولێرو نەبیل بەدر بەرپرسی کۆمپانیای (گرین گالۆری)ی لوبنانی مۆرکرا.

ئینسکلۆپیدیای هەولێر (ئەربیل) لە (١٠) بەرگ پێکهاتووە، هەر بەرگی (٦٠٠) لاپەڕەیە، بە قەبارەی (٢١×٢٨)سم، کە باس لە مێژوو و جوگرافیاو شوێنەوارو کەلەپوورو کەلتوورو ئەدەب و فۆلکلۆرو قەڵاو ئەشکەوتەکانی هەولێر، کە مێژوویان بۆ (٦٥) هەزار ساڵ بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە.

جێبەجێکاری ئەم پڕۆژەیە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخانە.

ئینسکلۆپیدیای هەولێر (ئەربیل) لەسەر ئەرکی بەڕێز (کۆسرەت رەسوڵ عەلی) جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان چاپ دەکرێت.

شایەنی باسە، ئەندامانی لیژنەی باڵا پێکدێت لە: (د. مەولود ئیبراهیم حەسەن، د. ئومێد ئیبراهیم جوزەلی، فەرید ئەسەسەرد، حەمید ئەبوبەکر).

هێژای گوتنێیە، لە ساڵی ٢٠٠٦ــەوە دەست بەو پڕۆژەیە کراوەو لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٨ بەکۆتاهاتووە.

## نۆڤلێتی خەرەندەکانی سنوور



کاروان عەبدوڵلا ناوێکی دیاری ناوەندی راگەیاندن و رۆژنامەگەریی کوردییە، بەڵام سەرەتای دەست دانە قەڵەم و نووسینی بە ئەدەب و چیرۆک بووە، تائێستا چەند کۆمەڵە چیرۆک و نۆڤلێت و رۆمانێکیشی بڵاوکردۆتەوە، وا ئەمجارەش بەنیازە بە نۆڤلێتی "خەرەندەکانی سنوور"خوێنەری کورد و هەفتەنامەی بەدرخان بەسەر بکاتەوە، کە ئەو نۆڤلێتە بە بەش لە بەدرخان بڵاو دەکرێتەوە...

◄ ل١٥

## عەبدولموتەلیب عەبدوڵلا



عەبدولموتەلیب عەبدولڵا یەکێکە لە شاعیرو رەخنەگرو لێکۆڵەری ناوەندی ئەدەبی رۆشنبیری کوردی. ئێستا خەریکی دوو لێکۆڵینەوەی ئەدەبییە یەکێکیان سەبارەت بە شیعری هاشم سەراج و ئەویتریان سەبارەت شیعری کوردی بەگشتییە...

◄ ل٩

هەرسێ کۆمپانیای ئیتاڵی و کرواتی و نۆرسۆی تورکی جێبەجێی دەکەن

# بەردی بناغەی نەخۆشخانەی (پاڕ)ی خێرخوازی ٦٠ قەرەوێڵەیی تایبەت بە کەس و کاری شەهیدان و ئەنفال و پێشمەرگە دێرینەکان لە شاری هەولێر دانرا

◄ ل٣

کەریم قادر سکرتێری نووسینی رۆژنامەی خەبات:

## رۆژنامەی خەبات لە سلێمانی دەست ناکەوێ



زۆرن ئەوانەی ئەمرۆ لە گۆڕەپانی رۆژنامەگەری کاردەکەن و هەوڵی بەرەو پێشچوونی ئەو بوارە دەدەن، ئێمەش لە هەفتەنامەی بەدرخان بە چاکمان زانیوە هەرجارەی دیداری یەکێک لەو رۆژنامەنووسانە بکەین لەسەر ژیانی تایبەتی خۆیان و رەوشی ئەمڕۆی رۆژنامەگەری کوردی، بۆ ئەمجارەش کەریم قادری سکرتێری نووسینی رۆژنامەی خەبات-مان دواند...

کەریم قادر حەسەن لەدایکبووی (١٩٦١)ە لە گوندی قورشاغلوی سەر بە ناحیەی قوشتەپە، لە ساڵی (١٩٧٥)ەوە رووی لە شاری هەولێر کردووە و یەکەم گەڕەک کە لێی نیشتەجێ بوونە گەڕەکی تەیراوە بووە، وەک خۆی دەڵێ: سەرەتای ئارەزووکردنی بۆ نووسین دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٦، ئەوکاتەی کە لەو ساڵەدا یەکەم گۆڤاری کوردی بەردەست کەوتووە و خوێندوویەتییەوە و بابەتەکانی سەرنجیان راکێشاوە، ئەویش گۆڤاری (بانگی کوردستان) بووە.

◄ ل١١



## له لوبنان نادیەی گوڵفرۆش میللەتێکی بێ گۆڕستانی بیرهێنامەوە

◄ ل١٩



## جەمال خەزنەدار لە نێوان بەغداو هەولێرو ئەڵمانیا ئەرشیفی رۆژنامەگەری کوردی کۆدەکاتەوە...

◄ ل١٧

## نەرمین کاوانی: کۆمەڵگا (سەباو)ی دروستکردووە

◄ ل٢





## حەبیب فرام سەرۆکی رابیتەی سریانی لوبنانی پێشوازی لە وەفدێکی کوردی دەکات

◄ ل٩

## ویداد خالیس باس لە یەکەمین قوتابخانەی کچان لە هەولێر دەکات



◄ ل١٩



## رەحیمی زەبیحی لە وڵاتی ئەفسانەدا

◄ ل١٣



## دەشنێ موراد: هەیفا وەهبی زۆر سێکسییە

◄ ل. هونەر

## کاک کۆسرەت نموونەت زۆربێت

حەیدەر مەنتک

زۆرن ئەوانـەی لەمێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمـان لەبوارێک لەبوارەکانـی ژیـان دەبنە سـمبوڵ و شایانی ئەوەن میللەت ڕێزیان لێ بگرێ، بەڵام بەپەنجـەی دەست دەژمێردرێن ئەوانەی لەیـەک کاتدا لەچەند بوارێک دەبنە خۆشەویستی گەل و لە زۆر ئاست تواناکانیان لە ڕادەبەدەر دەردەکەوێت و دەبنە فریادرەس و سەرکردەی کارێزما.. لەناو کوردیش هەڤاڵ کۆسرەت ڕەسوڵ سـەرکردەیەکی سیاسـی و عەسکەری و کۆمەڵایەتـی بۆتە جێگای شـانازی و ئازایـی میللەتێک زیاتر لە ٨٥سـاڵە لەژێـر هەرەشـەو داگیرکردندایە ..بێ گومان هەر لەسەرەتای کاری ڕێکخراوەی ناو شـار ( باوکی دەرباز) شێوازی کاری سەرنج ڕاکێشـی زۆر جیا بووە لەگەڵ زۆربـەی سـەرکردەکانی بزووتنەوەی بزاڤـی کوردایەتی، نەک کوردسـتانی عێـراق بگـرە لەپارچەکانـی تـری کوردستانیش، وەک لەهەفتەی ڕابردوو بەشانازییەکی زۆرەوە سەرۆک کۆماری عێراق هەڤـاڵ (مام جەلال) لەکۆشـکی سەلام لەمەراسیمێکی شایستەدا خەڵاتی ئازایی و بوێـری و بەرەنگاربوونەوەی لەبەرامبـەر گەورەتریـن ڕژێمی خوێن مـژ دا بەهەڤاڵ(کۆسـرەت ڕەسـوڵ) لەدوای ڕاپەڕینیش هەمیشـە بەڕێزیان خەمخـۆرو داکۆکیـکاری خانـەوادەی شەهیدان و پێشمەرگەی دێرین و خاوەن پێداویسـتییەکانی سەنگەرو زیندانیانی سیاسی بووەو هەمیشە دەرگای بۆ خزمەتی گوندنشینەکان بەگشـتی، لەسەردەمی پێشکەوتن و بەجیهانی بوون ئەمجارەیان بەقۆناغێکی تری خزمەت گوزاری هاتەوە گۆرەپـان بۆ ئەوانەی ئـەوێ ڕۆژێ بۆ ڕزگارکردنـی گیانـی پێشـمەرگەیەک ژیانی خۆیان دەخستـە خەتەرەوە، بۆ ئەوانـەی لەڕۆژگارێـک نەوەکانیـان شەهید دەبوون ڕژێم پارەی فیشەکەکەی لێ وەردەگرتنەوە و نەیدەهێشت پرسە دابنێن، بۆئەوانـەی ڕۆژگاری گرانی و سەختی ژیان نانیان داوەتە پێشمەرگە. لەدەسـت پێشـخەرییەکی بـێ وێنەدا نەخۆشـخانەیەکی شایستەو بەئامێری ناوێـزە بەناوی (پار) کـە کورتکراوەی هەرسـێ ڕۆڵە شـەهیدەکەیەتی بۆیان دەکاتەوە ..لەڕاستیدا خەڵکی هەولێر، بەتایبەتـی زۆر دڵخۆش بوون بەم کارە مرۆییـەی کاک کۆسـرەت، کـە دەیان وت هەر لەخۆی دەوەشـێتەوەو کارێکی چاوەڕوان نەکـراو نەبوو لە بەڕێزیان، بەڵکو هەمیشە خەونی گەورەتری هەیە ئەگەر بـۆی برەخسـێ، ئەوەی زیاتر دڵی خۆش کردین، وەک سەرپەرشتیاری پرۆژەکـە (د.زریـان) ڕایگەیانـد بەتەواوبوونی نەخۆشخانەکە، کەکەس و کاری شەهیدان و ئەنفال چیتر پێویستیان بەدەرەوەی هەرێم نابێت .هیوای ساغ و سـەلامەتی بۆ هەڤاڵ(کۆسرەت ڕەسوڵ) جێگری سەرۆکی هەرێم دەست خۆشی لێ دەکەین، ئومێد دەکەین نمونەی زۆربێت و



کاک کۆسرەت

### هەرسێ کۆمپانیای ئیتاڵی و کرواتی و نۆرسۆی تورکی جێبەجێی دەکەن

# بەردی بناغەی نەخۆشخانەی (پاڕ)ی خێرخوازی ٦٠ قەرەوێڵەیی تایبەت بە کەس و کاری شەهیدان و ئەنفال و پێشمەرگە دێرینەکان لە شاری هەولێر داندرا



جگێری سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە مەراسیمی دانانی بەردی بناغەی نەخۆشخانەی پاڕ - ٢٠٠٨/١٢/١

## نێچیرڤان بارزانی :کاک کۆسرەت گوتی ئەم زەوییەم بۆخۆم و دروستکردنی خانوو نییە، بەڵکو دەمەوێ لەسەر ئەم زەوییە نەخۆشخانەیەکی خێرخوازی دروستبکەم بەناوی ئەو ئازیزانەی لەشۆڕش لەدەستیداوە، دیارە ئەمە گەورەیی ئەو پیاوە گەورەو شۆڕشگێڕەیە

هەڵۆ حەسەن

سەرلەبەیانی ٢٠٠٨/١٢/١ لەمەراسیمێکی گـەورەو شایسـتەدا بەئامادەبوونی کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان و نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم و عومەرفەتاح جێگری سەرۆکی حکومەت و سەلاحەدین محەمەد بەهائەدین ئەمینداری گشـتی یەکگرتووی ئیسـلامی کوردسـتان و کەمال شـاکر سکرتێری حزبی شیوعی کوردستان و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و د. فوئاد حوسێن سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و پارێزگاری هەولێرو ژمارەیەکی زۆر لەلێپرسراوانی حزبی و حکومی کەسایەتی و هاووڵاتیانی شاری هەولێر بەردی بناغەی نەخۆشخانەی (پاڕ)ی خێرخـوازی تایبەت بەکەس و کاری شـەهیدان و ئەنفال و پێشمەرگە دێرینەکان داندرا .

سەرەتای مەراسـیمەکە بەدەقیقەیەک وەسـتان بۆ گیانی پاکی شـەهیدان و خوێندنەوەی چەند ئایەتێک لەقورئانی پیرۆز دەسـتی پێکرد. دواتـر دەرباز کۆسـرەت ڕەسـوڵ بەناوی بنەماڵەی هەڤـاڵ کۆسـرەت ڕەسـوڵ وتەیەکی پێشکەشکردو تێدا وێڕای بەخێرهاتنی ئامادەبـووان، سـوپاس و پێزانینی ئاراسـتەی هەڤاڵ کۆسـرەت ڕەسوڵی باوکی کرد بۆ بیرۆکەی دروسـتکردنی ئەو نەخۆشـخانەیەو سوپاسی هەڤاڵ مام جـەلال و کاک مەسـعود بارزانی و نێچیرڤان بارزانـی و عومەر فەتاح و هەموو ئەوانەی کرد، کە پشـتیوان و هاوکاربـوون بۆسەرخسـتنی ئەو پرۆژەیەو ڕوونیکردەوە نەخۆشخانەی (پاڕ ) بەمانای هەر سێ برای شەهیدم ( پێشڕەو و ئاراس و ڕێباز)ە و گوتی ئەم نەخۆشخانەیە تایبەتە بە کەسوکاری شـەهیدان و ئەنفـال و پێشـمەرگە دێرینەکان ئەوانەی چارەسەریان نییە لەهەرێمی کوردستان وەک مێشک و دڵ و بۆڕییەکانی خوێن، کە لەلایەن برای خۆشەویسـتمان و پێشمەرگەی دێرین دکتۆر زریان عوسـمان سەرپەرشـتی دەکرێت. هەروەک گوتـی لێرەوە زۆر سوپاسی کاک مەسعود سەرۆکی هەرێمی کوردسـتان دەکەیـن بۆ هـاوکاری و پشتیوانییەکانی، لەکۆتاییشدا بەناوی بنەماڵـەو کەس و کاری شـەهیدان و پێشمەرگە دێرینەکان و کەمئەندامەکان بەخێرهاتنی میوانانی کرد.

پاشـان نێچیرڤان بارزانی سـەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان وتەیەکی پێشکەشـکردو تێیدا خۆشحاڵی خۆی و بەشـداربوونی لـە مەراسـیمەکەدا دەربڕی لەدانانی بـەردی بناغەی ئەو نەخۆشخانە، کەبیرۆکەی دروستکردنی لەلایەن کاک کۆسرەت جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردسـتان بـووەو ماوەیەک لەمەو بەر لەلای ئێمە باسیکرد، دیارە کاک کۆسـرەت لەلای هەمـوو لایەک ناسـراوەو دەیناسـن، کە لەخەبات و لەپێشـمەرگایەتی جێـی دەسـتی دیارە، خۆشـحاڵین بەوەی ئەمڕۆ لەم قۆناغەدا بەشـێوەیەکی تر هەوڵدەدات خزمەتی پێشـمەرگەکان و خانەوادەی شـەهیدان بکات، بەشێوەیەک ئەویش بە دروسـتکردنی نەخۆشـخانەیەکی خێرخوازی لەم چەشـنە لەهەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان، گوتیشی کاتی خۆی کە ئەو کارەساتە ناخۆشە بەسەر بەڕێزیان داهات من لەنامەیەکدا، کە بۆجەنابی کاک کۆسرەتم نووسی بۆم نوسیبوو، کە ئەوە یەکەمجار نییە کاک کۆسـرەت ئازیزێکی وا لەدەستدەدات، لەپێشـمەرگایەتیش دوو لە کوڕەکانی شـەهید بوون، زۆر بەداخەوە کە ئەو کارەسـاتە ڕویداو کوڕی سێهەمیشی هەر لەو پێناوەدا ڕۆیشت، بەڵام ئەمە شتێکی ئاسـایی بوو بۆ ئەو بنەماڵە شۆڕشـگێڕە و بۆخودی کاک کۆسرەت بۆ ئەو هەموو خەبات و ماندووبوونەی کە کردی، گوتیشی خۆشحاڵین بەوەی ئەمڕۆ بەرهەمـی ئەو خوێن و خەباتە و بەرهەمـی ئەو ڕەنجـە ئێمە ئەمڕۆ لەکوردسـتان دەیبینین لەسایەی ئەو خەبات و تێکۆشانە و ئەو پێشمەرگەو خەباتکارانەیـە ئەمـڕۆ کوردسـتان ئازادە، پەرلەمان و حکومەتی خۆمان هەیـە، دەبێ هەوڵ بدەیـن لەمەودوا قۆناغی خەباتکردنمان بگۆڕێ، پێشتر قۆناغەکە بەشـێوەیەک بـوو دەبووا بەچەکداری و پێشـمەرگایەتی خەبات بکەین، ئەمڕۆ دەبـێ هەموو لایەکمان هەوڵ بدەین ئـەوەی لەتواناماندا بێت بـۆ خزمەتکردنی خەڵکی کوردسـتان بیکەین، لەسـەروی هەمووشـیانەوە ئێستا ڕۆژی ئەوەیە هەوڵبدەین هەموو جـۆرە خزمەتگوزارییەک پێشـکەش بەخەڵکی کوردسـتان بکەین، خەڵکی ئێمە شایستەی هەموو خزمەتکردنێکن شایسـتەی ئەوەن، کە ژیانێکی خۆش بەسـەربەرن وحکومەتـی هەرێمـی کوردستان وەکو حکومەتی ئەو میللەتە بە ئەرکی سەر شانی خۆی دەزانێ، کە هەموو هەوڵێک بدات بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگـوزاری بـاش بـۆ کۆمەڵانی خەڵکـی کوردسـتان، ڕاشـیگەیاند ئـەو دەستپێشـخەرییەی جەنابی کاک کۆسـرەت دەستپێشـخەرییەکە وەکـو نموونەیەک جێی سـوپاس و ڕێزە بەنسـبەت حکومەتـی هەرێمی کوردسـتان، مـن دڵنیام بەنسـبەت حکومـەت و خانەوادەی سـەربەرزی شەهیدان، گوتیشـی من هیوادارم بەم کارە خێرخوازییەی ئەو کردی لەلایەک سەبوری بدات بەخانەوادەی بەڕێزیان بۆ لەدەسـتدانی ئـەو ئازیزانەی کە لەدەسـتیان داوە، ئـەوەش ببێتـە هاندەرێـک بـۆ خەڵکـی تریش بۆ ئەنجامدانـی پـرۆژەی لەو چەشـنە لەداهاتوودا لەکوردسـتاندا ئەنجامی بدەن، حکومەتی هەرێمی کوردسـتان زۆر بە جدی پشـتگیری لەو پرۆژەیە دەکات، دەستخۆشی لەبەڕێزیان دەکات دەستخۆشـی لەبنەماڵەی شۆڕشگێڕو خەباتگێـر کاک کۆسـرەت دەکات بۆ ئەو هەنگاوەی ئەمڕۆ لەشاری هەولێر ناویانە، هیوادارین نموونەیان زۆر بێت لەهەرێمی کوردسـتان و زۆر سوپاسی بەڕێزیـان دەکەیـن، هـەروا گوتی بەدڵنیاییـەوە خانەوادەی شـەهیدان و ئەنفـال و پێشـمەرگە دێرینـەکان پێویسـتیان بەم کارە خزمەتگوزارییە هەیە لەهەرێمی کوردستان، لەبەر ئەوە بۆئەوەی ئەم خەونـەی ئەوان بێتەدی لەهەولێر، گوتیشـی لەم شـوێنەی ئێسـتا کە ماڵی کاک کۆسرەت بووە، کاک کۆسـرەت داوای لەمـن کرد، کە ئەم زەوییەی تەسـلیم بکەین، ڕەنگە زۆر خەڵک وای بۆچووبێ، کە بەنیازی دروستکردنی خانووە بۆخۆی لەسەر ئەم زەوییە، بەڵام زۆر بەخۆشحاڵییەوە، کە قسـەی لەگـەڵ ئێمەکـرد و دوای تەواوکردنـی مامەڵەکانی ئەو زەوییە ئەوکاتە گوتی من ئەم زەوییەم بۆخۆم نییە و بۆدروسـتکردنی خانووم نییە، بەڵکو دەمەوێ لەسـەر ئـەم زەوییە نەخۆشخانەیەکی خێرخوازی دروستبکەم بەنـاوی ئـەو ئازیزانەی لەشـۆڕش لەدەسـتی داوە، دیارە ئەمە گەورەیی ئەو پیاوە گەورەو شۆڕشگێڕەیە، ئێمە دەستخۆشـی لێدەکەیـن، هیوادارین نموونەی لەکوردستاندا زیاترو زیاتر ببێ و سوپاسی هەموو لایەکتان دەکەم و خۆشـم زۆر بەبەختـەوەر دەزانم، کە ئەمڕۆ لەو مەراسـیمە بەشـداریم کردووە.

پاشـان دکتۆر زریان عوسمان وەزیری تەندروستی و سەرپەرشتیاری پرۆژەکە وتەیەکی پێشکەشـکردو تێیـدا وێڕای بەخێرهاتنی میوانـان و ئامادەبووان خۆشحاڵی خۆی دەربڕی و گوتی جێگای شەرەفە، کە متمانەی سەرپەرشتیکردن و دروسـتکرنی ئەم نەخۆشـخانەیەم پێبدرێت لەلایەن جەنابی کاک کۆسرەت، گوتی ئەمە خەونێک بوو وا دێتە دی و لێرەدا پێویسـتە سوپاسی هەموو ئەو بەڕێزانە بکەین، کە هاوکارییان کردین بـۆ بەدیهێنانی ئـەم خەونە، هەر لە بەڕێز جەنابی مام جەلالەوە تاجەنابی کاک مەسعود بارزانی و کاک نێچیروان و کاک عومـەر فەتـاح هەمـوو ئەو برادەرانەی، کە پشتیوان و هاوکارمان بوون، بۆئەوەی بتوانیین ئەم پرۆژەیە دەسـت پێبکات، گوتیشـی هیوادارین لەکورتترین ماوەدا بەبەرچاوی جەنابی کاک کۆسرەت خۆی ببینێ، کە باشترین خزمەتگوزاری بەبێ بەرامبەر پێشکەش بە کەسـوکاری شـەهیدان و ئەنفال و پێشمەرگە دێرینەکانمان بکەین بۆئەوەی ئاسودەیی گیانی بێت بۆ ئەو شەهیدە نەمرانەی کاک کۆسـرەت لەئەنجامی خەبات و تێکۆشـاندا بۆ ئەو میللەتە پێشکەشی کرد .

دواتـر کورتەیەکـی دەربـارەی نەخۆشـخانەکە پێشکەشـکردو گوتی ئەم نەخۆشـخانەیە لەسەرزەوییەکی رووبـەر ١١٠٠٠ مەتـر دووجـا بنیاد دەنرێـت و بریتییـە لە ٥ نهـۆم و ٧ هۆڵی نەشتەرگەری و عیادەی خارجی و چەندین ژووری پزیشـک بۆ بینینی نەخۆش و بەشی تیشک، کە باشترین و پێشکەوتووترین ئامێری MRI و سی تی سکانی تێدادەبێت لەگەڵ باشترین و پێشکەوتوترین تاقیگەو چەندین ڕەدهات و چەندین چاودێری چڕو چێشتخانەو شـۆردن و بەشـی ئیدارە، بەگشـتی نەخۆشخانەیەکی زۆر پشکەوتووی ٦٠ قەرەوێڵەیی دەبێت بەشێوەیەک تائێستا لەهەریمی کوردسـتان خزمەتگوزاری تەندروستی ئاوا پێشکەش نەکرابێت، ئـەم پرۆژەیە لەلایـەن کۆمپانیاکانی ئیتاڵی و کرواتی و نۆرسـۆی تورکی جیبەجێ دەکرێن، دکتۆر زریان گوتیشی بەنیازیـن چەندیـن پزیشـکی بیانی بانگهێشـت بکەیـن، بەتایبەتی ئەو پسپۆرە کوردانەی دەرەوە کە پسپۆری زۆر شارەزاو چاکن و ئامادەیی خۆیان دەربڕیوە پشـتیوانیمان بکـەن وەک جەنابـی دکتۆر نەجمەدیـن و دەیانی تر، کە لە نەخۆشخانە بەبێ بەرامبەر خزمەتـی هاوولاتیانـی تێدابکرێت، هیوادارین گەر خوا تەمەن بدات، نەک تەنها سەرپەرشـتی دروستکردنی ئەم نەخۆشـخانەیە، بەڵکو ئیدارەدانیشـی بکەیـن، بـۆ ئەوەی بتوانیین باشـترین خزمەتگوزاری تێدا پێشکەش بکەین.




دانانی بەردی بناغەی نەخۆشخانەی پار لە هەولێر - ٢٠٠٨/١٢/١

# یەکەمین وەرزی هونەری بەشی میوزیکی کۆلیژی هونەرەجوانەکان

**تایبەت بە بەدرخان**

بڕیارە ڕۆژی دووشەممە ٢٠٠٨/١٢/٢٢ کاتژمێر (٣,٣٠) دوای نیوەڕۆ لە هۆڵی میدیای شاری هەولێر بەشی میوزیکی کۆلیژی هونەرەجوانەکانی زانکۆی سەلاحەدین، یەکەمین وەرزی هونەری خۆی بەناوی (ماڵئاوایی پاییز) نمایش دەکەن.

لەم بارەیەوە ئامانج غازی مامۆستا لە بەشی میوزیکی کۆلیژی هونەرە جوانەکان گوتی: بڕیارە ڕۆژی دووشەممە ٢٠٠٨/١٢/٢٢ کاتژمێر (٣,٣٠)ی دوای نیوەڕۆ لەسەر شانۆی هۆڵی میدیا کۆمەڵێک شاکاری میوزیکی جیهان و کوردی سازبکەین و پرۆگرامی کۆنسێرتەکەش بریتی دەبێ لە شاکارەکانی میوزیکی کلاسیک و ڕۆمانتیک (شۆبرت+ هایدن+ شۆمان+ هوبکنز+ چایکۆفسکی لەگەڵ ڕۆمانسێکی میوزیکی قەرەجەکانی رووسیا بەناوی (چاوە رەشەکان).

هەروەها لە بەشی دووەمی کۆنسێرت کۆمەڵێک لە بەرهەمی شاکاری کوردی لە (لاوک و گۆرانی و بالۆرە و کۆراڵی هونەری)، کە بە دەنگی هونەرمەندان (خەندە عەبدوڵلا، زانا جەبەلی، گۆران ساڵح، کارزان ڕەشید) پێشکەشدەکرێ، هەروەها ٢ پارچە میوزیکی کوردی و عێراقیش نمایش دەکرێن. دوای (٥) ساڵ لە دامەزراندنی ئەم کۆلیژە ئەوە یەکەمین جارە، کە چالاکی وا گەورە و ئۆرکستراڵی لەلایەن مامۆستا و قوتابیان و خوێندکاران ئامادەبکرێ، سەرپەرشتی گشتی بەرهەمەکانیش لەلایەن دکتۆر محەمەد عەزیز زازا سەرۆکی بەشی میوزیک دەکرێ و راهێنان و پرۆڤە و ئامادە و ئاوازەکانی ئەم ئێوارە هونەرییە لەلایەن چەتۆ نەورۆز و ئامانج غازی بەڕێوەدەچن، هاتنیش بۆ هەمووانە.

جێی ئاماژەیە بەشی میوزیکی کۆلیژی هونەرەجوانەکان چەندین قوتابی و خوێندکاری لێیە و چاوەڕوان دەکرێ لە داهاتوو هونەرمەندانی کورد سوودێکی باش لەو کۆلیژە وەربگرن.



ئامانج غازی

---

## ڕۆژانی بوو ...

## زنجیرەیەک لە بیرەوەرییەکانم:

### بەشی ٣٦

دواتر دەستمان بە ڕۆیشتن کردەوە، یەکەم جاربوو شاخی سەرسەخت ملەی ڕک و دۆڵی بەسام و دارو درەختی چڕو چخور ببینم، لەهەڵکشان و شۆڕبوونەوەدا خەیاڵ و لێوردبونەوەکان دەگۆڕان خودایە ئەم سروشتە چۆن خوڵقاوە و ڕەنگ کراوە، ئەم بزنەڕێ و تولەرێیانە بۆکوێمان دەبەن و قۆناغ لە کوێیە، یەکەم جار بوو لە (دەرەشیر)و لەسەر (کەپکی بێشێخ) بیر لە خۆم و من لە کوێم شارو کەس و کارم لە کوێ، بۆ هەسانەوە پشتمان دابووە تاوێرێک لەسەر بەردێکی ئەم بەرزاییە دانیشتبووین، بایەکی کز ئارەقەکانمانی وشک دەکردەوە، تەمەنی ئەم تاوێرو بەردانە چەند بێ، وا منیش بە بەردێک لەسەر ئەم تاوێرەدا ناوی خۆم نووسی و بەجێم هێشت لەوێوە بەرەو گوندی (مەلەکان)، بە نێو گونددا ڕۆیشتین، مەلەکان بەناوبانگە بە گوێزی دانسقە زوو بیرمان بۆ ئەم گوێزانە ڕۆیشتبوو بۆ نیوەڕۆ دابینی بکەین، ئەم گوێزانە بەو دەستە جحێلیەی ئەو سەردەمەمان بەناو لەپمان قرچەمان لێوە دەهێنا کاکلە گوێزمان دەخوارد، لەیەکەم ماڵدا تێپەڕین لەبەر سێلی نان دوو ژن دانیشتبوون چەند زارۆکەک لەم دەورو بەرە، بۆنی نانی سەر سێڵ مەستی کردین، خۆزگە گوێزەکانمان ئاوا بەڕووتی نەدەخوارد، هەر زوو بە منداڵێک دەستە نانێکیان بۆ ناردین، لەوان دورتر لەژێر درەختێکی پیر و رووتاوە لەنزیک کانییەک لێی دانیشتین ئەو نانەمان لول دەداو دەمان خوارد تام و چێژێکی ئەوتۆی هەبوو باشترین چێشتخانەی ژیاری و سەردەمی ئیمڕۆی بە زاندبوو لەلای ئێمەدا، دوای سێ ڕۆژ ڕۆیشتین بە پای پەتی بە نێو بەردەڵان و درک و زی، شاخی رک و ڕێچکەی تەنگەبەر و هەورازو نشێودا، ئێوارە بوو بەنێو ریزە پەرژینەکانی باخە



موحسین ئاوارە

باخەڵ پڕەکان و بەسەر جۆگەڵەی پر ئاوی سازگار پازمانداو گەیشتینە قۆناغ ئەویش (هیران)بوو، هیرانی جوان، بەلێ لەتافی لاویەتی بووین.........

(کۆنفۆشیۆس) دەڵێت:( بەپیری جوانیت دێتەوە بیر کە جوانیت ڕۆیشت نایەتەوە گیر).

(براون جاکسۆن)یش دەڵێت:(چاوەڕوانی ئەوەت نەبێت ژیان هەمیشە لەسەر بازنەیەکی باش بۆت بسوڕێ)، بەلێ گەیشتینە ناو هیران، جارێ زوو گیرفانەکانم بەسەرکردەوە بزانم ئەو دوونامە تایبەتییەم هێناوە، کە یەکێکیان بۆ مامۆستا(محەمەد مەلا قادر)بوو ئەوکات کارگێڕی(لقی2 پ.د.ک)بوو، ئەوەی دیکە بۆ هەڤاڵ(عەلی هەژار)بوو، کە لێپرسراوە جووتیارانی دەشتی هەولێر بوو ئەو کات، هەڵبەت نامەکانیشم بۆئەوەبوو، کە لە هیران وەک مامۆستای شۆڕش و کادیرێکی پارتی بمێنیمەوە، چونکە بۆ من ئاسانتربوو مانەوەم لەهیران بۆ پەیوەندی کردنم لەگەڵ ماڵەوەم لە هەولێر ئاگام لە دەنگوباسیان بێ، دیارە ئۆقرەم نەگرت و هەر لەم شەودا چومە لای هەڤاڵ(محەمەد مەلا قادر)بەڵام بەدڵێکی شکستەوە گەڕامەوە پێیان گووتم بە(معایشە)ڕۆیشتووە بۆشاخی گلە زەردە ماوەیەکی زۆری پێدەچێ، رووم وەرسوڕاندو بەرەو هەوراز بوومەوە چوومە ناوچەی جووتیارانی دەشتی هەولێر لای شەهید (عەلی هەژار) لەوێش فەرموویان بە ئیش و کار دابەزیوە بۆگوندی شاخە پیسکە، لێتان ناشارمەوە بەدەستخەتی خۆم نامەیەکم بەناوەی (سابیر کاکە شین) بۆ هەڤاڵ (عەبدولرەحمان گومە شینی ) کە هەڤالی ناوبراو گۆمەشینی ئەوکات ئەندامی لقی2(پ.د.ک)بوو کارەکەم سەری گرت و لەلایان سەرپرشتیار هەڤال(تاهیر گۆمەشینی)فەرمانم بۆ دەرچوو لەقوتابخانەی هیران جێگیربووم، ئیتر تا ڕێککەوتنامەی(11/ی ئادار )ی 1970 وەک مامۆستای شۆڕشی ئەیلوول و کادیرێکی چالاک لەهیران و ناوچەی خۆشناوەتی مامەوە، وردە وردە دۆستایەتی و پەیوەندیم لەگەڵ کاربەدەستان و دانیشتوانی ناوچەکە پەیدا کرد، لێپرسراوانی عەسکەری وحزبی منیان خۆش دەویست ڕێزیان لێدەنام، بەتایبەتی لەبەرئەوە هەستیان دەکرد خوێندنەوەم زۆرە و کەم کەمە شیعرم دەنووسییەوە و شەو و ڕۆژیش لەوانە وتنەوەی کاری سیاسی دڵسۆزانی کارم دەکرد، ئەوکات لە هیران هێزی سەفین و لقی2 و ناوچەی جووتیارانی دەشتی هەولێری لێ بوو، هەڤال(عەزیز ئاکرەیی) ئامیر هێزی سەفین و لێپرسراوی لقی2 پ.د.ک بوو، جێگرەکەی ملازم (فازل تالەبانی )بوو، واتە لە هێزی سەفین، هەروەها جێگری پارتی لە لقی2 (شێخ ئیسماعیل مەلا عەزیزی کاکی هیرانی )بوو، هەڤالان(محەمەد مەلا قادر)کارگێڕی لقی2 و (خورشید شێرەو عەبدولڕەحمان گۆمە شینی و عەبدولواحید خۆشناو) ئەندامی لقی2(پ.د.ک) بوون جگە لەوەی (ناوچەی هێزی سەفین)، کە لێپرسراوەکەی (قادر حەمشین)بوو کارگێڕو ئەندامان بریتی بوون لە (حوسێن باداوەیی و مام برایم کاکۆ و سمکۆ بارزانی و ئەحمەد زەخۆ و محەمەد ئەحمەد)

---

## خوێندنەوەی لاپەڕەکان ... ئەو شەوو ڕۆژانەی لەبیرم ناچنەوە

# موختارمان لەخەو ڕاپەراند و بە حەپەساوی هاتە ناومان و هەر بە چەپەڕۆک لە سەروسەکوتی خۆی دەدا

**حاجی مەمۆ**



حاجی مەمۆ

شەوی ناو ئاوی دوکان و بە سەر پشتی بەلەمێکی شەق و پەق لە سەرەتای مانگی هەشتی ساڵی ١٩٨٠دا بۆ من یەک جیهانی تاقی نەکراوەی نوێ بوو، ڕاستە ساڵی ١٩٧٤ دوو جاران بە سواری بەلەم لەبەری خەلەکانەوە بە ئاوی دوکان پەڕیومەتەوە لای گوندی (دوبە)، بەڵام هەردوو جاران بەرۆژی ڕووناک و دوور لە مەترسی بوو. شەوەکەی ئەو شەوە زۆر جیاواز لە شەوانی دیکە دەهاتە بەرچاوم، لەگەڵ ئەوەش وەرزی هاوین هێشتا تەواو نەببوو، ساردییەکی سەیر ناو هەناوی داگیر کردبووم، خولقی هەتا قسەکردنم نەبوو، کزومات لە پەنایەک سەیری ئامادەکردنی ئەو بەلەمەم دەکرد کە تا ماوەیەکی چاک هاتبوونە پێشەوە، سەرەتا هەندێ پێشمەرگەی چاپووک لەگەڵ کاک عەزیز مەلەکی لەو بەلەمەی پێشەوە سوار بوون، یەکێک لە پێشمەرگە هەرە چاپووکەکانی شەڕەکەی ئێوارەش کە ناوی (یەکێتی) بوو، کوڕێکی گەنج و خوێن شیرین بوو، تازە مووی لێ هاتبوو، خووی دابووە بایەخدان بە من، ئەوجا نازانم دڵی پێم دەسووتا یاخود لەبەر ئەوەی من کۆمەڵە بووم و کە دوایی لەڕێگای دواتر بۆم دەرکەوت ئەویش هەست و نەستی لەگەڵ کۆمەڵەیە و نایەوێ لەلای ئەو مەفرەزەیەی خۆیان بدرکێنێ، چونکە ئەوان زۆربەیان هێڵی گشتی و بزووتنەوە بوون، بە حوکمی ئەوەی زۆربەیان کۆیی بوون، ئەو ڕۆژگارە هێشتا کۆمەڵە بوون لەو ناوچانەدا بۆ پێشمەرگە تاک و تەرایەکانی ناوچەکانی هەولێر تا ڕاددەیەک بڤە بوو، چونکە هێزەکانی (حسک) باڵا دەست بوون و کۆمەڵەیان بە تەیاری سەرەکی خۆیان دەزانی، هەمیشە لەناو یەکێتیش لەو ناوچانەی هەولێر بێجگە لەو کەرتەی دەشتی هەولێر و مەفرەزەیەکی بچووکی خۆشناوەتی و کەرتێکی دۆڵی خانەقا کەسی دیکە لەو پێشمەرگانەی لەناو هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە ئاشکرا (کۆمەڵە) بوونی خۆیان جاڕ نەدەدا و دەبووە مایەی دەردەسەری بۆیان، هەر بۆیەش لێرە بەدواوە چوومە بن کەوڵی هاوڕێ (یەکێتی) و قەناعەتم پێکرد، کە ببێتە کۆمەڵە و هەر کە گەیشتینە سەرکردایەتی، دوای چەند ڕۆژێک هاتە بارەگای ناوەندی کۆمەڵە و بووە هاوڕێیەکی دڵسۆزی کۆمەڵە و پێشمەرگەیەکی چاونەترسی یەکێتی، داخەکەم لە نەبەردێکی دەستەویەخەی ناو شاری کۆیە لەگەڵ شەهید ئەحمەد برنۆ گیانی پاکیان بە کوردستان بەخشی.

لەو شەوەدا هاوڕێ (یەکێتی) خۆی لەوان جیاکردەوە و هاتە تەکم و کەوتە دواندنم، کە بۆچی ئاوا دۆش داماوم و دەم و چاوی خۆم تێکناوە! بەراستی ئەو نزیک بوونەوە و گیانی بە تەنگەوە هاتنەوەی ئەو تا ڕاددەیەکی زۆر لە ڕوحەوە بوژاندمییەوە و زۆری پێ دڵخۆش بووم و پێکەوە کەوتینە قسەکردن، هەتاکو بەلەمی یەکەم بە سەلامەتی لە پێش ئێمە بەرێکەوت و ئێمە وردە وردە ئەوانەی مابووینەوە سواربووین، کە پێشمەرگە بریندارەکەش لەگەڵمان بوو، بەڵام دڵم هەر بە گەرمی لە کوتەکوتی خۆی نەکەوتبوو، جاروبار بۆ دڵنیایی دەستەکانم بۆ ناو ئاوەکە شۆڕ دەکردەوە و دەموچاوی خۆم تەڕ دەکرد تاکو خەو نەمباتەوە، چونکە ئەوانی دیکە بێجگە لەمن و هاوڕێ یەکێتی و شوفێرەکە، هەموویان یەکسەر خەوتن.

شەوەکی ئەنگوستەچاوی ناو دەریا لە جیهانی ناو لانکی ئەو منداڵە ساوایەی دەکرد، کە هیچ جۆرە فرسەتێکی دیکەی نەبوو لە دەمی برسی بوون و ئازارێک تەنیا بۆ خۆی بگری، بابایەکی زەلامی وەک من بۆ دەبێ بگریم، سەرباری ئەوەی مەلە نازانم، ماندوو و شەکەت بووم، سەری هار و مارانم لێ وێک هاتبووەوە، بەڵام هەبوونی هاوڕێ (یەکێتی) لە تەکمەوە دڵنەوایی تاراددەیەک بۆ گێڕابوومەوە و بەوپەڕی وریایی چاوم بڕیبووە پانتایی ئاوی پەنگ خواردووی دەریاچەکە و شەپۆلەکانی ئەو بەلەمەی پێشمان بە تیژی دەیبڕین، کە بەهۆی تروسکایی ئەو لایتەی پێشەوەی، کە جاروبار پێی دەکردن وەک نیشانەیەک (ئەوانە خەریکی راوە ماسین) دەسرازەیەک تروسکایی بەسەر شەپۆلەکانەوە بۆ ڕووبەری پان و پۆری سەر ئاوەکە پەخش دەکرد و لەگەڵ هاتووچۆکردنی شەپۆلەکان وەک ملوانکەیەکی زێڕین لەملی بووکی دەریا بکەن بۆ خۆیان کەوتبوونە سەماکردن. کەچی دڵی من نەدەحەسایەوە و هەر تەپە تەپی بوو، بەجۆرێک کپی و سامناکی ڕووخساری ئاوەکە ئەوەندەی دیکە سەرسامی کردبووم، ئێمە هەر بەتیژی بۆ پێشەوە دەچووین، لە ناکاو ماتۆڕی بەلەمەکەی ئێمە کوژایەوە و هەتا ئەو دەمە لایتەکەی پێ نەکرابوو، هەر بە دوو شوونی ئەوەی پێشەوەدا ملی دەنا.. پێشمەرگەکان لە خەوێکی قورسدابوون، شوفێرەکە بە یارمەتی هاوڕێ یەکێتی، چەند جارێک کندڕی لە ماتۆڕەکە ڕاکێشا، ماتۆڕەکە هەر ئەوەتە نوزەیەکی نوساوی لێ دەهات و پێ نەبوو، زۆریان هەوڵدا، ماتۆڕی چەمبەری بە یەکجاری نوزەی لەبەر بڕا، کابرای بەلەمەوان بە ناچاری چەند لایتێکی تیژی بۆ بەلەمەکەی پێشەوە هەڵکرد و کوژاندەوە وەک نیشانە کە ئێمە لەناو ئاوەکە گیرمان خواردووە، نزیکەی ١٥ خولەکی برد هەتا بەلەمی پێشەوە گەڕایەوە سەر ئێمە، ئەوانیش هەوڵی زۆریاندا، بەڵام سوودی نەبوو، کەس لە پێشمەرگە خەوتووەکان خەبەری نەبووەوە، پاش تەکبیر و ڕا گۆڕینەوە، وا بەچاک زانرا ئەو بەلەمەی پێشەوە بەتیژی پێشمەرگەکانی خۆی بگەیەنێتە کەناری دەریا کە لە پەنا گوندی (شۆڕیجە) دایان بەزێنی و لەوێ چاوەڕوانی ئێمە بکەن و بەلەمەکە بە بەتاڵی بگەڕێتەوە بە دوای ئێمەدا. بەلەمەکە ڕۆیشت و کات زۆر بە لەسەرخۆیی دەڕۆیشت، لەپڕ هەستمان کرد ئاو دێتە ناو بەلەمەکەوە، تومەز لە ژێرەوە کۆن بوو، ڕاوەستان و لەرینەوەی سەر ئاوەکەش، وایکردبوو ئاو ڕێگای خۆی بۆ ناو بەلەمەکە بدۆزێتەوە، کە لە هەمووان زیاتر من هەترەشم چوو بوو، هەموو پێشمەرگەکانمان بێدار کردەوە و بە جامێلکان کەوتینە ئاو بەتاڵکردن، لەو سەر و بەندەدا، دڵمان چەند توندە، کابرای بەلەمەوان ئەوەندەی دیکە سەرودڵی دەگرتین، ناو ناوە دەیگوت، فلانە ساڵ لەو ناوە بەلەمی بەردەشانییەکان نقووم بووە و ئەوەندە کەسە خنکاون و پاش چەندان ڕۆژ تەرمەکانیان دۆزراوەتەوە، بەراستی مرۆڤ هەندێ جاران پلاری قیرسیایە، بەرگەی هەموو ناخۆشییەک دەگرێ، هەموومان لەگەڵ ئاو فڕێدان بەجۆرێک پاڵمان بەیەکەوە دابوو، کە دەتگووت دیوارە و وەک خشت بەتەک یەکەوە چووینەتە بار یەکتربییەوە، نازانم ئەوکاتە چۆن بەسەرچوو، من لە پێشی پێشەوە دەستم لەخۆ شووشتبوو، ئەوانەی مەلەشیان دەزانی، ورەیان بەردابوو، کە چۆن بەو شەوە تاریکە لە ناوەڕاستی پانتایی ئەو دەریایە قووڵە بۆ ئەو بەلەمە بکەن! تاکو لە دوورەوە وەک هەڵهاتنی ئاسۆ بەلەمەکەی یەکەم لایتی بۆمان لێداو پەیدا بووەوە و یەکسەر پشوومان هاتەوەبەرێ و ئومێدی ڕزگاربوونمان ژیایەوە، بەخێرایی گواستمانەوە و تیژ بەرێکەوتین، هەر کە گەیشتینە لای پێشمەرگەکانی دیکە، خەریک بوو پێشەنگی گزنگی ڕۆژ ئاشبەتاڵی بە تاریکی شەو دەکرد، کاکە خان زۆر دەست و برد بریندارەکەی لەکۆڵ کرد، کە خوێنی زۆر لێ ڕۆیشتبوو، تاقەتی ڕۆیشتنی نەمابوو، وەک شارەزایەک پێشمان کەوت و لەگەڵ تاریک و ڕوونی بەیانی ئێمەی گەیاندە بەر ماڵی موختاری گوندی، کە هێشتا لەسەربان دەخەوتن و چەند ژنێک لە حەوشەکەوە خەریکی نانکردن بوون.

کابرای موختاریان لەخەو ڕاپەراند و بە حەپەساوی هاتە ناومان و هەر بە چەپەڕۆک لەسەروسکوتی خۆی دەدا، کە بەم بەرەبەیانە کەی کاتی هاتنی پێشمەرگەیە، دەبێ پێش سەعات ٨ی بەیانی لە گوند دەرچن، گوایە هێزی حکومەت لەو کاتژمێرە بەدواوە دەگاتە گوندی بە مەبەستی ئەنجامدانی دەنگدان بۆ ئەنجوومەنی کارتۆنی حکومەتی زاتی، بەهۆی دەنگە دەنگ و قەرەباڵغی ئێمە چەند هاوولاتییەکی دیکە لە دەوروبەرمان پەیدابوون.. موختار بە ناچاری سەرونانی گەرمی بۆ کردینە بالولە و هەندێ خورمای تێکرد و گەرەکی بوو هەروا بەرێمان بکات. هەڤاڵ کاکەخان لێی هاتە وەڵام و پێیگوت: دەبێ خۆت هەتا نزیکی گوندی شارەدێی بناری ئاسۆس بەپێشمان بکەوی و گوێدرێژێکیشمان بۆ پەیدا بکەی تاکو ئەو برادەرەی سوار بکەین، موختار بە ناچاری چوو گوێدرێژە زەلامەکەی خۆیانی هێناو کورتانی کرد و گوتی فەرموون با بەرێ بکەوین، لێرەدا من بیرێکی سەیرم بۆ هات، چونکە وەک ئەوان باسیان دەکرد هەموو گردو بەرزاییەکان ڕەبیەی ڕژێمی بەسەرەوە بوو، بەم ڕۆژە ڕووناکە بەدیمان دەکەن و دەرچوونمان بە سەلامەتی مەحاڵە، بۆیە کوڕێکی مێردمنداڵ لەتەکمەوە وەستابوو، لێم پرسی بوو کە کێیە و گوتبووی کوڕی موختارە، من دەنگم هەڵبڕی و گوتم: دەبێ ئەو کوڕەی موختاریش لەگەڵمان بێت و لەدواوە لەگەڵ پێشمەرگەکان بڕوات. کابرای موختار زوو لە مەبەستمان گەیشت، چەندی دایکی کوڕە داد و فیغانی کرد، کە وازی لێ بهێنین، کوڕەش بۆ خوا دەڵێم بەخۆی پێی خۆش بوو ئێمە بە سەلامەتی دەربازبین و پێشمەرگەی خۆش دەویست، خۆی لە دەستی دایکی ڕاپسکاند و بەگەڵمان کەوت. بەڵام کاکەخان لە پێشەوە ئاگاداری کردینەوە کە چەکەکانمان بەپەنادزە لە بەرانبەر ڕەبییەکان بە شاراوەیی و شۆڕکردنەوە بە لاشانمان هەڵگرین، تاکو هەست نەکەن ئێمە چەکدارین، موختاریش بەڵێنی ئەوەی داینێ (لەبەر جەرگی خۆی بوو بەزۆری) کە ئەگەر دەنگیان دانێ، دەڵێ ئەوە زەلامی گوندین و بۆ سەر قەبرانی گوندی شارسێنی دەچین و یەکێکمان لێ مردووە.

بەشی نۆزدەهەم

---

# کەرکووک برین لە دوای برین

**فەهد گردەوانی - ستۆکهۆڵم**





هێشتا برینێک لە جەستەی کەرکوک سارێژ نەکراوە ، برینەکی تر لە روخساری ئەو شارە بلیمەتە ڕوودەدات . ئەوەی مێژووی ئەو شارە بخوێنیتەوە بۆی بەدیار دەکەوێت، کە چەند جار لەلایەن دوژمنانی کورد ئەو شارە بریندار کراوە . ئەو کارەساتەی ئێستاکەش لە ڕۆژی جەژنی قوربان و لەو کاتەی موسڵمانانی دنیا زیارەتی کەعبە دەکەن و حاجیانی کەرکوک لەگەڵ حاجیانی جیهان دوعا بۆ خۆشگوزەرانی مرۆڤ دەکەن، خۆکوژێکی بەناو موسڵمان لەپێناوی گەیشتن بە حۆرییەکانی بەهەشت ئەو قەسابخانەیەی دروست کرد و ژن ومنداڵی لە خوێن گەوزاند، بۆ ئەوەی لەو دنیایەی ئاخیرە بستە خاکێکی بەهەشتی بە نسیب بێت، ئەمانەش هەر خوا بۆخۆی دەزانێت ئەو مەردمە مێشک ژەنگاوییە بەرەو کامە قوژبنی جەهەنەم دەبات و سزای ئەو بێتاوانانەی لێدەکاتەوە .

بە گوێرەی هەواڵەکانی پۆلیسی کەرکوک گوایە پێشبینی ئەوە کراوە چەند کەسانێک خۆیان ئامادەکردووە بۆ تەقینەوە و تێکدانی باری ئاسایشی کەرکوک یەکێک لەو کەسانە کچێکە بەناوی (بەسمە حوسێن طەویل محەمەد ئەحمەد) و گوایە تەمەنی دەوروبەری (٢٥ ساڵانە) و ئەندامی (ڕێکخراوی القاعدە) یە یان کەسوکاری لەگەڵ (القاعدە) کاردەکات و یەکێکی تر موسڵمانێکی سۆماڵییەو لەگەڵ دەوڵەتی ئیسلامی عێراق کاردەکات . دیارە پیلانیان هەبووە لە کوشتنی خەڵکی زۆر بەتایبەتی لە ڕۆژانی جەژن، کە خەڵک لە شوێنی تایبەتی لەگەڵ منداڵ وکەسوکاریان کۆدەبنەوە. ئەوەی جێگای سەرسوڕمانی یە ئەو کارەساتە دڵتەزێنە لەو ڕۆژە ئەنجامدراوە، کە جەنابی سەرۆک کۆماری عێراق (جەلال تاڵەبانی) زیارەتی ئەو شارەی کردووە و ئاسایشی ئەو شارە دابین کراوە بۆ ئەوەی بەڕێز (جەلال تاڵەبانی) بە سەلامەتی بگاتە ئەو ناوچەیە ، کەچی پۆلیس و ئاسایشی ئەو شارە بۆیان نەکرا ئاسایشی خەڵکی بپارێزن و شارەکە بخەنە ژێر چاودێری خۆیان . لە هەمانکاتدا دیارە ئەو چێشتخانەیە ئاسایشی تەواوی نییە بۆ ئەوەی ژیانی خەڵکی بپارێزی و چاودێری خەڵکی بکات . کە دەبوایە لە ڕۆژانی ئاوا پشوو چاودێری زیاتر بخرێتە ئەو شوێنانەی کە دەبێتە جێگای کۆبوونەوەی خەڵکی. بەر لەچەند ساڵ لە ڕۆژانی جەژن ، دەستی چەپەڵی ئەو تێرۆریستانە هەولێریان بریندارکرد و کۆمەڵێک خەڵکیان شەهید کرد و جەژنیان لەخەڵکی هەولێر کردە شین و گریان . گەلۆ لەوکارەساتە سەرۆک وەزیرانی عێراق "نوری مالیکی" هاوخەمی خۆی لەگەڵ ئەو خەڵکە نیشان دا و چووە زیارەتی ئەو چێشتخانەیە، کە بووە هۆی مەرقەدی ئەو هەمووە رووح پەپوولانەی کە لەو ڕۆژەدا شەهید کران، یا سەردانی نەخۆشخانەی ئازادی کرد بۆ ئەوەی هاوخەمی لەگەڵ کەسوکار وبریندارانی ئەوکارەساتە دەرببڕێ. یا مالیکی هەر پتی لە کورد سوارکردووە و جارێ ئاخ وئۆفی لە سەرکردەکانی کورد هەڵدەکێشی.

گەلۆ دەبێت ئەوکردەوەیەش ڕەنگدانەوەی ئەو توورەییە نەبێت یا هەر زەلامەکانی ئەو گروپە تیرۆریستانەن، کە بەکوشتنی سیڤیلی کوردی لەشکری ئەمریکی لە عێراقی داگیرکرا و دەردەکەن و لە کەرکوکی برینداردا فەلەستین بۆ موسڵمانانی عارەبی رزگار دەکەن و ئیماراتی ئیسلامی دادەمەزرێنن. ئەوانەی دڵیان بە کەرکوک خۆش نییە هەردەم حەز دەکەن ئەوشارە بە نائارامی بخەوێت و ئاسایشی تێکبدرێت بۆ ئەوەی بەدنیا بڵێن کورد ناتوانێت شاری کەرکوک بەڕێوەببات و پێکهاتەی کەرکوک بە هێمنی تێدا بژین . لەهەمانکاتدا بۆئەوەی گروپەکانی عەرەبی هاوردە و تورکمان بە مالیکی بڵێن ئەنجومەنی ئیسناد بۆ ئەوشارە پێویستە بۆ ئەوەی پارێزگاری شاری کەرکوک بکات . هەردوو زل حیزب دەبێت زیاتر خزمەتی خەڵکی کەرکوک بکەن بۆ ئەوەی خەڵکی بتوانێت بە چاوکراوەیی یارمەتیدەری ئەو ئاسایشە بێت، کە ئەرکی پاراستنی شاری لەسەرە . لە کۆتاییدا سەری ڕێزونەوازش بۆ شەهیدان دادەنوێنم و بە توندی ئەو کردەوە تێرۆریستیە ئیدانە دەکەم و سەرەخۆشی خۆم ئاراستەی کەسوکاری شەهیدەکانی ئەو کارەساتە دڵتەزێنە دەکەم و هیوای چاکبوونەوەش بۆ بریندارەکان دەخوازم . پێشم وایە کە خەڵکی قارەمان و خۆڕاگری کەرکوک وەک چۆن توانیان بەرگری لە کوردستانیەتی کەرکوک بکەن و هەردەم ڕووبەڕووی سیاسەتی تەعریب بووینەوە، ئاواش بەسەر ئەو کارەساتە زاڵ دەبن . تێکەڵاو بوونی خوێنی پێکهاتە جیاجیاکانی شاری کەرکوک دەبێتە مایەی پتەوکردنی ژیانی پێکەوەیی هەمووان

## ئەم شێرە ژنە بناسە

**باوكی لێزان**

ماوەیەک لەمەو بەر لەدیمانەیەكی تەلەفزیۆنی گەلی كوردستان چاوم بەبەڕێز دكتۆرە (عەتیە محەمەد سەعید) كەوت زۆر شتی ڕۆژانی سەختی شۆڕشی ساڵانی هەشتای هێنایەوە بیرم پێویستە وەک ئەمانەت ئەرک و ماندووبوون و قارەمانیەتی ئەم شێرە ژنە دكتۆرە بخەمەبەر دیدەی خوێنەران بۆ ئەوەی مێژووش لەسەر لاپەڕە ڕەنگینەكانی خۆی هاوشانی ژنە بلیمەت و قارەمانەكانی دیكەی ناو مێژوو بێ بەش نەبێت لەم قارەمانیەتییە. وەک شاهید حاڵێک لەنزیكەوە ئاگاداری چالاكییە قارەمانییەكانی ئەم شێرە ژنە بووم، كە چۆن كاری نەشتەرگەری بۆ ژنە پێشمەرگەو خوشكە پێشمەرگە ئەنجام دەدا بەبێ بەرامبەرو مۆڵەتی درێژ خایەنی دەدا بەخوشک و دایک و ژنە پێشمەرگەكە مامۆستاو فەرمانبەربوون لەم ڕۆژانەی، كە حكومەتی لەناوچووی بەعس بەدوای ماڵە پێشمەرگاندادەگەڕاو زیندانی دەكردن .بۆیە دەتوانین بڵێین خەباتی ناو شاری ئەم قارەمانە كەمتر نەبووە لەخەباتی برا پێشمەرگەكانی پێدەشت و شاخە سەركەشەكانی كوردستان.

بۆیە مێژوو دەبێت خەباتی فەرامۆش نەكات و ئەرک و ماندووبوونی دەبێت لەمێژوودا هاوشێوەی ژنە ناودارەكانی دیكەی مێژوو باسبكرێت. ئەم شۆڕە ژنە لەبنەماڵەكی شۆڕشگێرو خاوەن چەندین شەهیدە لە شۆڕشی گەلەكەمان، لەساڵی (١٩٣٨) لەئامێزی شارە خنجیلانەكەی حاجی لەبناری گردی كەكۆن لەدایكبووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لەهەمان شوێن تەواو كردووە .لەساڵی (١٩٦٠) زایین پەیوەندی كردووە بەكۆلێژی پزیشكی بەغداو لەساڵی (١٩٦٨) بڕوانامەی بەكەلۆریۆسی لەم بوارە بەدەستهێناوە . لەساڵی (١٩٧٤) بڕوانامەی دكتۆرای لەنەشتەرگەری و نەخۆشییەكانی ژنان وەرگرتووە .تائێستا بەشداری چەندین كۆڕو كۆبوونەوەو سیمیناری جیهانی كردووە .ئەم بەڕێزە خاوەنی كوڕێک و دووكچە تا ئەم سات و كاتە هەوڵ و تێكۆشانی بەردەوامە بۆ خزمەتی میللەتەكەی و حكومەتی هەرێمی كوردستان .لەكۆتاییدا دەڵێم چەند خۆشە مرۆڤ هێندە قارەمان و بلیمەت بێت بۆ ئەوەی مێژوو بەشانازییە وە باسی بكات.


دكتۆرە عەتیە محەمەد

یادەوەری شازادەیەكی عەرەب لەنێو حەرەمسەراكانی عوسمانیدا

# ژنان بە نهێنی لەپشت بەربەستەكان سەیری پیاوان دەكەن

**هوشیار محەمەد ئەمین كۆیی**

میوانە فەرمییەكانی باوكم بە دەگمەن نەبێ نەیاندەتوانی سەیری حەرەمسەرا بكەن، تەنها بێگانە پایە بەرزەكان و ئەوانەی لە بنەماڵەوە زۆر نزیكن، لەكاتی بۆنەكان لەلایەكی دیوەخانی گەورەی میوانان بەربەستی گەورە دادەنرا، كە بە نەخشی زێڕ ڕازابۆوە، ژنەكان لە كوونە بچووكەكان سەیری دیوەخانیان دەكردو ئاگاداری ڕووداوەكانی ناوەوەی دەبوون، ئەم خۆ گرتنەیان چەند كاتژمێرێكی دەخایاند كە پڕ بوو لە پستە پست و دیاردەی وروژێنەر، جارێک لەناو كۆشك خوانێک بۆ ئەفسەرە ئەڵمانەكان ڕێكخرا، حەزو ئارەزووی زۆری خۆ تێهەڵقورتاندن وای لە ئەفسەرێكی گەنجی ئەڵمان كرد، كە لەشوێنی دانیشتنی خۆی دزە بكاو زاتی ئەوە بكا كە وردە وردە لەو بەربەستەی خۆمان لێ حەشاردابوو بەدووری تەنها یەک مەتر نزیک ببێتەوە، بە دەیان كەس لەناو ئێمە چاویان تێ بڕیبوو، لەوكاتە خەسێندراوێكی قەبەلێی نزیک بووەوەو بە نەرمی بەڵام چاودێری كرد تا گەڕاندییەوە شوێنی خۆی، كە ناوەڕاستی دیوەخانەكە بوو، بە گەڕانەوەی هەموومان ئاخێكی زۆرمان هەڵكێشا.

**هەڵوێستی ئینگلتەرا لە پڕ چەككردنی ڕۆژهەڵات:**

لەرۆژێكی مانگی حوزەیرانی ساڵی "١٩١٤" ئامادەبووانی "فاناراكی" چەندكەشتییەوانێكی باڵا بەرزی سەرو ملی سووریان دیت، كە جلوبەرگی شینی تاریكیان لەبەردابوو، كڵاوی سەرپۆشیان لەسەر نابوو، لە كەشتییەوانە توركەكان پاكتر و ڕێكتر بوون. شازادە "فاتیمە" تووڕەیی پێوە دیاربوو و گوتی: ئەوانە ئەڵمانن.

ئەوانە كەشتییەوانی ئەو دوو كەشتییە جەنگیەبوون، كە ئەڵمانیا بەدیاری بۆ توركیای ناردبوون. بۆئەوەی سوڵتان دەربارەی ئەو پرۆتۆكۆڵەی، كە لەنێوان توركیاو بەریتانیا هەبوو سەغڵەت نەبێ، ئەو كەشتیەوانە ئەڵمانانە سەریان بەو كڵاوانە داپۆشیبوو.

گەیشتنی ئەو دوو كەشتییە جەنگییە بووە قسەو باسی ئەوڕۆژە لەناو شازادەكان. بەمە بەخشندەیی ئەڵمان بەراورد لەگەڵ ئینگلتەرا زۆر زیاترە. كاتێک هەر تاكێكی ئەو وڵاتە بەشداریكرد لە كڕینی دوو كەشتی جەنگی لە ئینگلتەرا، بەڵام لەبەر چاوچنۆكی ئەو وڵاتە تا ئێستا كەشتییەكانی نەناردییە، ئەمەش بەهۆی سیاسەتی "جلا دستون" بوو، كە بووە لەمپەر بۆ ناردنی و بەم هەڵە دیبلۆماتییەی بەریتانیا دەربارەی دەوڵەتی عوسمانی، بووە هۆی ئەوەی كە بچێتە ئامێزی ئەڵمانیا!.

ڕۆژێک شەریفە "میسباح" و خوشكەكەی كۆمەڵێک سەربازی ڕێكیان دیت، كە لە سوپایەكی توركی بوون بە "شەملوجە" دا تێدەپەڕین بۆ ئەوەی لەدژی ڕووس بجەنگێن. ئەم دوو بچووكە وایان مەزەندە كرد، كە بەرامبە جۆگایەكی پڕ لە پیاوو حەیوان و عارەبانەو تۆزو خۆڵ و ژاژاوەن و دەور دراون، پیاوەكان بەخۆشی و شادی و چڕینی سروود ئازایانە دەنگیان بەرز دەكردەوە، نەیاندەزانی بۆ مردن دەچن، هەزارانی وەک ئەوان ساڵی ١٩١٤ لە ئەوروپا بەو شێوەیە دەڕۆیشتن و وەک داشی شەترەنج لەدەست سیاسییەكان بوون. ساویلكە، نەبەرد بۆ مردن دەڕۆیشتن و بوونە قوربانی نە فامی خۆیان.

**بەهۆی هاوڕێیەتی لەگەڵ ئینگلیز سامانەكەی لەدەستدا:**

بەهاتنی شەڕی یەكەمی جیهانی، ئەڵمانەكان لە ئەستەنبۆل بڵاو بوونەوە، ئەمە ڕۆژانە لەناو "حەریم" باسدەكرا، ئەڵمانەكان خۆشەویست نەبوون، بەڵام لەبەر گیانی بەرزی خزمەتی سەربازییان خەڵک پێیان سەرسامبوون، "فاتیمە" ڕێنمایی دابووە هەردوو منداڵەكەی كە شەوانە نوێژ بكەن بۆ سەركەوتنی بەرەی سوێندخۆرەكان، كە بەریتانیا لەو بەرەیە بوو، بە شەریف عەلی مێردیشی ڕاگەیاند كە لەسەر ئینگلیزیەتی خۆی مایتەوەو هەردوو كچەكەشی لەسەر ئەو ڕێبازە پەروەردە دەكات، شەریف عەلی ئەمەی پێ ناخۆش نەبوو، چونكە مرۆڤێكی دادپەروەر بوو و مرۆڤایەتی بەسەر سۆزییەتیدا زاڵبوو، كاتی خۆی سوڵتان ڕازی نەبوو، كە ئەو كچە ئینگلیزەی خواست، بەڵام ئەو بە بیروباوەڕی ئینگلیز سەرسام بوو و هەردوو كوڕەكەشی فێری ئینگلیزی كردبوو، دواتر هەموو سامان و دەسەڵاتی سیاسی بەهۆی ئەو هاوڕێیەتییەی لەگەڵ ئینگلیز لەدەستدا.

لەگەڵ ئەوەش لەسەر لایەنگیری خۆی بۆ توركەكان ماوە. ئەو جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی پیرانی عوسمانی بوو، كە ئەم پلەیەی پێ باشبوو، لە ئەنجومەنی وەزیرانی توركیش ئەندام بوو، بەردەوام داوای لە توركەكان دەكرد، كە سیاسەتێكی پێشكەوتوو بەرامبەر سەربەخۆیی عەرەب پەیڕەو بكەن.

خەونی ئەو ئەوەبوو كە میللەتی عەرەب یەكگرتوو هاوكار بن و بنكەكەشیان لە "حیجاز" بێ، حكومەتی ناوەندیش لە كەسانی خاوەن ئەزموون و شارەزا پێک بێت. چینێكی خوێندەوار فەرمانڕەوایی ئەو وڵاتە فراوانە بكەن، كە لە چیاكانی "تەرتووس" بۆ "حەزرەت مۆت" و لە دەریای سپی ناوەڕاستیش بۆ كەنداوی فارس و زەریای هیندی درێژ دەبێتەوە.

مێژووی وڵات لە حەریم دەخوێنرێ:

"میسباح" لە كەش و هەوایەكی تایبەتی پەروەردە كرابوو، زۆرجار لەگەڵ دایک و باوكی دادەنیشت گوێی لێ ڕادەگرتن، كە وتوتوێژیان دەربارەی پرسە سیاسییەكانی دەوڵەتی عوسمانی دەكرد، پیاوەكان لەهەموو پلەو پایەیەک بۆ "شەملوجە" دەهاتن و قسەو وتوێژیان دەكرد. كۆمەڵگایەكی دیموكراتی بوو، چونكە كۆیلەو ئەمیر هەردووكیان بە یەكسانی بیروڕایان دەردەبڕی.

مامم شەریف "جەعفەر" ئەندامێكی ئەنجومەنی پیران بوو، ئەندامی كۆمەڵەی "یەكبوون و پێشكەوتن" بوو، ئەو كۆمەڵە سیاسییەی، كە مۆركی توندڕەوی پێوە دیار بوو، بۆیە سەرسوڕمان و شڵەژانی پێوە دیار بوو، كە لە دانیشتنەكانی بۆ كوڕو كچی برایەكانی دەریدەبڕی، ئەوانیش بەڕێزەوە گوێبیستی دەبوون.

شەریف "عەلی حەیدەر" سەرقاڵی كاروباری وڵات بوو، شەریف جەعفەری برای كاروباری بنەماڵەی بەڕێوە دەبرد، بە دەستێكی پۆڵایی فەرمانەكانی بەسەردا دەسەپاندن. كە زانی ژنانی بنەماڵە لە خوێندنەوە كارامەنە بڕیاریدا ڕۆژانە كتێبی "مێژووی دەوڵەتی عوسمانی" كە لە ٣٠ بەرگ پێكهاتبوو بخوێنرێتەوە!. بەڵام هەر لەدانیشتنی یەكەم ژن و كەنیزەكەكان بێزار بوون. لەبەر درێژی ماوەكەو چرپەو قسە بەدەنگی نزم لەلایەن ژنەكان بووە هۆی ئەوەی شەریف جەعفەر لە بڕیارەكەی پاشگەز ببێتەوە، خاتوونەكانی بەشی "حەریم" لە چوونە سەیران كارامە بوون و خواردنیان لە شوێنی چۆڵ دەخوارد، یان دەچوونە دوورگەی "مەرمەرە" یان دورگەی "خالقی" كە بنكەی قوتابخانەی دەریاوانی لێبوو. "ئاغاكان" بەبێ گوێدان بە زۆری یان قورسایی، خۆشترین خواردەمەنی و حەلواو كەلوپەلی تر وەكو خوانی زیویی و چینی و كریستالیان بۆ ئەو شوێنە دەبرد، هەموویان لە كەش و هەوایەكی خۆش بە هاتوهاوار، بە بەلەمی هەڵمی دەگواسترانەوە.

**گەشت و سەیران و ساكاری دەوڵەمەندەكان:**

جارێک لەژێر ڕووناكی مانگە شەو چووینە دوورگەی "خالقی"، خوانی خواردن لەنێو دەنگی موزیک و گۆرانی ئامادەكرا. لەناكاو بووە دەنگە دەنگ، توومەز "عەتیەخان" كچی "سوڵتان مراد" گەیشتە شوێنەكە، بە سادەو ساكاری ڕێكخستنی خوانەكە خۆشحاڵبوو، دواتر "سەلاحەددین بەگ" هاوسەری "عەدیلەخان" زاوای سوڵتان هات، كە زۆر حەزی لە زێدەڕۆیی و لاسایی و نەریتی ئەوروپییەكان دەكرد.

لەبەر ئەوە چەند سندوقێک "بیرە" ی لەگەڵ خۆی هێنابوو! شازادەو شەریفەكان ئەوجۆرە خواردنەوەیان پێ سەیر بوو، لەبەر ئەوە خۆیان تێهەڵقورتاند. بەڵام شازادە "فاتیمە" كاتی خۆی ڕێنمایی لە دایكیوەرگرتبوو، كەهی سەردەمی فیكتۆری بوو، خواردنەوەی بیرەی بۆ خانمەكان پێ باش نەبوو، بەڵام كەس گوێی نەدایە، شازادە گەنجەكان گوتیان: "ڕاستە مەی حەرامە بەڵام "بیرە" مەی نییە". لەبەر ئەوە بیرەیەكی زۆریان خواردەوەو بەمە "فاتیمە" بە دڵتەنگییەوە چاوەڕێی ئاكامەكەی دەكرد. دواتر كاریگەری بیرە گەیشتە كەللەی سەریان. لە پێشا بە عەتییەی كچی سوڵتان دەستیپێكرد، لە شوێنەكەی خۆی بازیداو "میسباح" ی بچكۆلەكەی گرت و وەک شێتان دەیسوڕاندەوە تا گەیاندییە سەر كەناری دەریا، ئەگەر كەنیزەكەكان نەبوونایەو هەڵوێستیان وەرنەگرتبایە، ئەوا هاوسەنگی خۆی لەدەستدەدا. دواتر هەموویان درەنگی شەو بۆ ناو "بەلەمی هەڵمی" گەڕانەوەو زۆربەیان بەهۆی ئەو خواردنەوە سەیرە سەریان دەسووڕا.

**ژنەكان بە دزییەوە سەیری ئەمیرێكی شۆخیان دەكرد:**

"سەلاحەددین بەگ" زۆر حەزی لە ئەنجامدانی داوەت و ئاهەنگ گێڕان بوو، ڕۆژێک "میسباح" لەگەڵ خوشكەكەی بۆ ئاهەنگی ئێوارە خوانێک چوون، "ڕوقیا" ی براژنیشیان لەگەڵبوو، بەهۆی كارتێكی چاپكراو بە پیتی زێڕین داوەتكرابوون، پیاوەكان لە "سەلاملک" لەشوێنی خویان بوون، منداڵەكان دەیانتوانی بۆ هەردوو شوێن بچن و هەواڵی پیاوەكان بۆ ژنەكان بگوازنەوە. پێكەنین و موزیک لەناو كۆشكەكە دەنگی دەدایەوە، تیپی سوڵتانی لە باخچەكە ئامێری موزیكیان دەژەنی، لەناو كۆشكەكەش تیپێكی دیكەی ڕۆژهەڵاتی ئامێری عودو دەهۆڵیان دەژەنی. ئەكتەرێكی كۆمیدی بەناوبانگ پیاوەكانی بە پێكەنین هێنابوو، یەكێكی تریش بەهەمان شێوە لەناو ژنان بوو، خواردنی ئێوارە درەنگی شەو ئامادەكراو دوو كاتژمێری خایاند. پاش ئەوەی "میسباح" خواردنی خوارد و بەرەو "سەلاملک" ڕۆیشت و چاوی بە هەندێک لە ئەڵمانەكان كەوت، دواتر "سەلاحەددین" بەرەو نووسینگەی خۆی بردن، كە پێشتر هەندێ كەسایەتی لەو شوێنە بە هێمنی قاوەیان دەخواردەوە، لەنێوانیان پیاوێكی قەڵەوی دەمووچاو گەش و چاوڕەشی بریسكەدار دیاربوو، ئەوە "تەلعەت پاشا" وەزیری ناوخۆ بوو، هاوڕێی شەریف "عەلی حەیدەر" ئەمیر "فاروق" كوڕی سوڵتان "عەبدولمەجید" دوا سوڵتانەكانی عوسمانی بوو، ئەمیر فاروق زۆر جوان و باڵا بەرز بوو بەڕادەیەک، كە خانمەكان بەدزییەوە لەژێر پەردە بە پەرۆشەوە سەریان دەكرد، كەمەری لاواز و شانەكانی پانبوو، چاوەكانی شین و جوان بوون، دەچووە ناو دڵان، بەڕاستی ئەمیر قەشەنگ بوو.

**بەشی هەشتەم**


دیمەنێک لە كۆشكی پاشاكانی عوسمانی

## عەیب نەبی

زۆرێک لە ئێمە گاڵتەی بە سوپاس نامە دێت بەلایەوە هەزارو یەک سوپاس نامە ناكات دیناری پیاو لەباغەڵی نێ...مرۆڤ هەیە شەوو ڕۆژ سوپاسنامە دەخواو هەمیشە بۆ سوپاسنامەیەک بە حەوا دەچێت، ئامادەیە شەرەف و نامووسی خۆی عێل و عەشیرەتی بدۆڕێنێ، مرۆڤیش هەیە سوپاسنامە دەخاتە ژێر پێیەوە بە نەعلەتی دەكا.. دیسان خەڵكمان هەیە دارێک نانێتە سەر بەردێک و دڵۆپێک ئارەقە نارێژێت، كەچی سوپاس نامەی بۆ دێت و لەسەر كەوڵی ئەم و ئەو نانی دەكەوێتە ڕۆنێ و پلەو پایەی بەرز بەرز وەردەگرێ، كەواتە سوپاسنامە پلیتی یانەسیبە بەخت یاوەرت بوو ژیانت خۆش دەبێت ئەگینا هەموو تەمەنت لە چاكەخوازی، دڵسۆزی، وەفاداری خەرج بكەیت، نە سوپاسنامەت پێدەدرێت نە كەس ناوت دەخوێنێتەوە، لەژیانی مامۆستاییمدا لە دوو ڕوداوی چاوەڕوان نەكراودا خۆم دانابوو سزا بدرێم، وە لێ سوپاسنامەم بۆهات.. كاتێک دامەزرام یەكسەر فڕێیان دامە گوندێكی دوورە دەستی سەر سنووری، ئەو گوندە سێ كاتژمێر و نیو لە جادەی سەرەكی دوور بوو، نەسەیارە دەگەیشتێ نە هیچ گوندێكی بەسەرەوە بوو.. چیاو دۆڵ و هەورازو نشێوەكانی سەرە ڕێی ئەم گوندە، لەگەڵ دننا تاریک دادەهات وات دەزانی مەملەكەتێكە لەو مەملەكەتانەی دێوەكانی نێو ئەفسانەی بەر ئاگردان، دەمیان بەش كردبووەوە نێچیری پێدا تێ بپەڕێ و پەلاماری بدات.. ئەو قوتابخانەی لێ ی دەمامەوە لە دوو ژوورو هەیوانێک پێكهاتبوو ژوورێكیان بۆ قوتابیانی پۆلی یەكەم و دووەم، ژوورەكەی تریشم كردبووە ئیدارەو خەوتن و حەوانەوە، ڕۆژانەش بە كراس و بێجامە یان بە شۆرتێكی كورت دەچوومە پۆل و وانەم دەوتەوە... ڕۆژێكیان لەگەرمەی وانە وتنەوە سەرم هەڵبڕی كابرایەكی ئەفەندی كەوتە بەر چاو وا هێدی هێدی بەرەو قەتابخانە دێت، یەكسەر زانیم ئەوە جەنابی موفەتیشە، پەشۆكام بە هەمووی دە پانزە مەترێک مایەو بگاتە بەر هەیوانەكە بیرۆكەیەكی سەیر لە مێشكمدا چەخماخەی دا، پڕتاو ڕووم كردە قوتابییەكان و گووتم "گوێبگرن قوتابیان، خۆشەویستان كابرایەكی ئەفەندی دێتە ئێرە جانتایەكی پێیە، گونی منداڵان دەبرێت تەنانەت ئەوانەی سونەتیش كراون دووبارەی دەكاتەوە، بۆیە هەر هاتە پۆلەكە یەكسەر دەست بكەنە جانتاكانتان و بكەنە قیژو هات و هاوار هەر بە هەڵاتن بڕۆنە ماڵی خۆتان، كوڕە ئەگەر بانگیشی كردن ئاوڕی لێ مەدەنەوە دەنا دەتانگرێ و بەچەقۆ گوونتان دەبرێ" جەنابی موفەتیش هەركە پێی نایە پۆلەكە، قوتابیان بەجارێ دایانە قیژەو هات و هاوار، بوو بە فەرتەنە و دەستیان كردە جانتاكانیان بەغاردان ڕۆیشتنەوە، موفەتیشەكە سەرسام بوو، بە حەپەساوییەوە پرسی" ئەوا ئەم قوتابیانە بۆ وایان كرد؟ ئەی كوا ئەم مامۆستایەی ئێرە؟ تۆ لێرە بەردەستی؟چی؟ "نەختێ سەرم هەڵبڕی و بە دەم بزەیەكی دەستكردەوە" قوربان دەنا من مامۆستای ئێرەم"لە سەرو سیمام ورد بەوە" ئەی ئەو بێجامە چییە لەبەرت كردووە؟"خۆم شێلوو نەكرد. مامۆستای بەڕێز خەڵكی ئەم گوندە ئاواییان نەدیوە نازانن شار چییە؟ هەر كەسێک بە چاكەت و پانتۆل و بۆینباغەوە ببینن دەترسێن وادەزانن بۆ سونەت كردن هاتووە، منیش وا دەبینی تا لەگەڵم بگونجێن و لە خوێندن دانەبڕێن ناچارم چاكەت و پانتۆل فڕێدەم و بەو جلەوە دەوام كەم، كەچی هێشتا لێم بە گومانن و دەترسێن. بەقووڵی تێم ڕاما، سەری باداو هیچی نەوت، جەمی نیوەڕۆ شلەساوارێكم بۆی لێناو خواردمان، دواتر گەڕایەوە، ئەو ماوەیە بە دوودڵی دەژیام ترسم هەبوو ئەمڕۆ نا سبەینێ فەرمانی سزادانم لەسەر ئەو بێجامەیە بۆ بێتەوە، كەچی سوپاسنامەم بۆهات، وەک باوەڕ بە چاوەكانم نەكەم چەند جارێک چاوەكانم هەڵگلۆفت و سوپاسنامەكەم خوێندەوە... دەوەرە من بەتەمای چی بووم ؟ چیم بۆ هاتەوە؟ بێجامەكەم لەترسان تەرک كرد، وەڵی ئەوەی خووم پێوە گرتبوو زۆربەی بەیانی درەنگ بەخەبەر دەهاتم، كاتێک چام دەنایە سەر تەباخ و هێلكەم لە قۆریەكی ئاو دەكوڵاند و تا نانم تەر دەكرد درەنگ دادەهات، گاڵە گاڵی قوتابیش وای دەكرد ئەم شتانە هەمووی ببەمە پۆلەكە، لەبەرامبەریان نیمدەرەیەک رابخەم، جا ترش بێت یان تاڵ لەپێش چاویان نانەكە بخۆم، زۆربەی قوتابیان تەماشایان دەكردم، هێندە بەتام شتەكان دەخۆم لیكاویان لەدەم دەهاتەخوارێ...ئەوجارەیان لە بێ بەختی من، موفەتیشێكی كە وەک بڵێی لەشەوەوە كەوتبێتە ڕێ، كت و پڕ خۆی كرد بەژووردا و كە منی بینی، كە پارووێكی گەورەم لە قوورگ دایە دەیخۆم، چاو ئەبڵەق بوو، تاسا، من موچڕكەیەكم بەلەش دا گەڕا، تەواو شڵەژام چاوم دایە تەختە ڕەشەكە دەرهەق بە پاک و خاوێنی و هاوكاری، كە دوێنێ لەبابەتی زانستەكان نووسیبوم، بیرۆكەیەكی خێرام بە مێشک داهات، كە ڕاست بوومەوە بەدەنگێكی بەرز:(هەڵسن):هەر بەو دەنگە:(فەرموون دانیشن):بەخێر هاتنێكی موفەتیشم كردو دامە بەرێ (قوتابیان. بەڕێزان بینیتان ئەو پارووە گەورەی لە قوڕگم دابوو دە بێ بەلای كەمەوە چەند جار بیجووین؟) هەموو بە یەک دەنگ(6_7)جار. درێژەم پێدا زۆر سوپاس كەوتمە جووینی پارووە زلەكەو ئاودیوم كرد، ئەوجا ڕووم تێكردن (كوڕم ئەحمەد پێم بڵێ پەلكی هێلكە وەكو دەیبینی لەو ناوە فڕێدەین؟) ئەحمەد هەڵساوە سەر پێ و وتی(نەخێر دەبێ خڕیكەینەوەو فڕێدەینە تەنەكەی زبڵەوە) لە جێوە ڕووبووە پەلكەكان و هەمووی خستە تەنەكەی زبڵەوە، كە پرسیم (چیتر لەڕووی پاک و خاوێنییەوە لێرە دەبینن؟) هێرش دەستی هەڵبری وتی(شەكرەكە تاكو مێش لەسەری نەنیشێ دەبێ دایپۆشین) لەجێوە دەستی كردە سەر قاپەكەو خستییە سەر شەكردانەكە و پەرۆكیشی نایە سەر نانەكە .. عومەر دەستی هەڵبری و هەڵسایەوە گووتی(دەبێت گیانی هاوكاریمان هەبێت) خۆی گەیاندە هێرشەوە بەیەكەوە شتەكانیان خڕكردەوەو بردیانە ژوورەكەی دی.. ترسی ئەو جارەم لەجارەكەی تر پڕ سوێتر بوو، لەدەروونەوە دەموت (بەخوای ئەمجارە تێكەوتم) سەری مانگ داهات چوومە پەروەردە نووسراوەكان وەربگرم حەپەسام، كاتێک بینیم یەک لەو نووسراوانە سوپاسنامەیەكی گەرم و گوڕ بوو تیایدا هاتبوو (یەكێک لە سیفاتە سەركەوتووەكانی مامۆستا ئەوەیە بە كردەوە وانە بلێتەوە و قوتابیان تێبگەینێ) ئەو دوو سوپاسنامەیە بووە هۆكارێک بۆ ساڵی داهاتوو، كە داوای گواستنەوە م كرد بە مامۆستایی بۆ ئەو قوتابخانەی، كە لە نزیک ماڵمانە، لەپەروەردە بانگیان كردم وتیان (تۆ بە كردەوە بوونی خۆت سەلماندووە ئەو دوو سوپاسنامە شایەت حاڵی ئیشەكانتە) بە فەرمانێک كرامە بەڕێوەبەر...لەو ڕۆژەوە بڕیاری خۆم داوە هەر ئیشێک بكەوێتە سەر شانم بە ڕێک و پێكی ڕایبپەڕێنم.


شاخەوان عەلی حەمەد

# ژن هەمووی خەتای خۆیەتی

**هیدایەت جەمال**

ژن ئەو کائینە گەورەیەیە کە بەهەموو شێوەیەک شیاوی ڕێزلێگرتنە، بەڵام لەم سەردەمەدا ڕووبەڕووی چەندین گرفت دەبێتەوە، بەشێک لەم گیروگرفتانەش خۆی بەشدارە تێیدا، بەڵام بەردەوام خۆی واپیشان دەدات کە بێتاوانە و هیچ هەڵەیەکی نییە، لەکاتێکدا دەبینین کە چۆن ژن و پیاوێک لەسەر کارێک کە باش نەبێت هەردوولا سەرزەنشتی یەکتر دەکەن.

دیارە ئەم سەرزەنشت کردنە مێژوویێکی کۆنی هەیە لەو کاتەوە دەست پێ دەکات، کە چۆن ئادەم و حەوا لەودارەیان خوارد لەبری ئەوە بەرگری لەیەک بکەن سەرزەنشتی یەکیان کرد.

یەکێک لەهاوڕێکانم سەردانی ماڵی ناسیاوێکی خۆیانی کردبوو بۆی گێڕامەوە: کاتێک باسی کێشەی نێوان ژن و مێردێکیان ئەکرد، یەکێک لەژنەکان کەوتە قسەو وتی :هیچ کاتێک پیاوان تاوانیان نییە (هەمووی خەتای ژن خۆیەتی )وای پێدەکرێت و قسەی پێدەکرێت و بەجۆرێکی باش هەڵسوکەوتی لەگەڵ ناکرێت، بۆیە لێرەدا بەو ژنەو هەموو ژنەکانی هاوبیری ئەم ژنە دەڵێم ئەگەر خۆتان بەم جۆرە قسە لەسەر خۆتان بکەن ئیتر ئەبێت پیاوان هەڵسوکەوتیان بەرامبەر تان چۆن بێت.

هەروەک چۆن کاری باشە بەلایە ناکرێت بێگومان خراپەش بەلایەک ناکرێت، بۆیە هەردوولا پشکیان بەر دەکەوێت لەگیروگرفتەکاندا وتەیەکی ئیمامی عەلی هەیە، کە دەڵێت:(بریار لەسەر کوشتنی کەسێک مەدە کە هاتە لات و وتی: چاوێکیان دەر هێناوم و تۆش کەسی بەرامبەر تاوانبار بکەیت بەکوشتن ڕەنگە ئەو کەسەی تاوانباری دەکەیت بەکوشتن لەوانەیە غەدری لێکرابێت و هەردووچاوی دەر هێنرابێت )

ئیتر پێویست ناکات ژن بەتاوانبارتر بزانرێت لەکێشەکاندا، هەڵسوکەوتی خراپی لەگەڵ بکرێت، دیارە ژنانی ئەم سەردەمە جیاوازە لەژنانی سەردەمەکانی پێشووتر نامەوێت لەڕێزو حورمەتی ژنی سەردەمی پێشوو کەم بکەمەوە، هیچ نکۆڵی لەوەناکرێ، کە ژنی واهەبووە هاوشانی پیاوان قسەیان کردووەو خاوەنی بەڵێن و پەیمانی خۆیان بوونە .

بۆیە با چیتر ژنان نەکرێنە ئامراز بۆ گەیشتن بەئامانج و تاوانبار بکرێن بەهەڵەیەکی بچووک کە دەیکەن، دیارە ئەویش وەک ڕەگەزی بەرانبەر مرۆڤەو خاوەنی هەستەکانە کە پێی بەخشراوە.



# لە چەمچەماڵ فەوزا لە کاری ڕۆژنامەگەریدا

**ئەو فەوزای کاری ڕۆژنامەنووسییەی ئەمرۆ سەرتا سەری هەرێمی کوردستانی گرتووەتەوە، کەشێکی وای ڕەخساندووە کە ڕۆژنامەگەری و ڕۆژنامەوانی بووە بەکاری بازرگانی و چەمچەماڵیش وەک یەکێک لە شارەکانی کوردستان لەم فەوزایە بەدەر نییە، ڕۆژنامەکانیش بێ ڕەچاوکردنی هەندێ پرەنسیپی ڕۆژنامەگەری بۆ پڕکردنەوەی ڕووپەڕی ڕۆژنامەکانیان ورد و درشتی هەواڵ و بابەتەکان بڵاو دەکەنەوە بەبێ ئەوەی بەدواداچوونی ڕاستی و دروستی بۆ ناوەڕۆکی نووسراوەکان بکەن، پەیامنێرانیش زۆر کات لەبەرامبەر بڕێک پارەی کەمدا، لەبەها و نەریتەکان لا دەدەن، بەدرخان بۆ بەدواداچوونی ئەم بابەتە ڕیپۆرتاژێک لەچەمچەماڵ سازکرد:-**

**مەهدی جەبار _ بێستون محەمەد**

**سەرەتا هیدایەت جەمال خوێندکاری قۆناغی چوارەمی ڕاگەیاندن لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا وتی :**

پێم وایە ئەو فەوزا ڕۆژنامەنووسیەی، کە لە شاری چەمچەماڵدا هەیە لەهیچ شارێک بەوجۆرە نییە، لەکاتێکدا دەبینین کەبەدەگمەن یاساو ڕێساکانی ڕۆژنامەنوسی پەیڕەو دەکەن، ئەمەش بەتەنها بۆخۆدەرخستن یان بۆئەوەی بتوانن خۆیان لەدەسەڵات و بەرپرسەکان نزیک بکەنەوە بۆئەوەی مەرامی خۆیان بێننە دی، ئەمیش خۆی لەخۆیدا بەدبەختییە لەگەڵ ئەوەشدا نابێت هەمووی زەربی سفر بکەین چەند ڕۆژنامەنووسێک هەیە لەشارەکەدا، ئەویش بەپەنجەی دەست ئەژمێرێن، کە دەتوانن ڕاستییەکان وەک خۆی بگەیەنن، سەرباری ئەوەش چەندین بەناو ڕۆژنامەنووس هەیە، کە بۆ چەند شوێنێک ئیش دەکەن لەکاتێکدا ناتوانرێت سەرکەوتن بەدەست بهێنرێت، بۆیە پێویستە لێپرسینەوە لەگەڵ ئەو کەسانەدا بکرێت و غەرامە بکرێن.

**هەڵمەت هۆشیار سەرنووسەرگۆڤاری لەن لەبارەی ئەم بابەتەوە وتی:-** ڕۆژنامە گەری لەمڕۆی هەرێمی کوردستاندا ئەگەر بە وردی و لەدیدگا ئەکادیمییەکەیەوە لێی بڕوانیین، هەست ئەکەین جۆرێک لەفەوزای خولقاندووە، ئەویش وەکو شیعر و هونەر زۆرکەس خۆی لەقەرەی دەدات، بەڵام ئەستەمە بەم سێ دەریایەدا هەمووکەسێک بتوانێت تەنانەت لەکەناریشدا مەلە بکات. ڕۆژنامەگەری، زانستە، هونەرە، بەرپرسیارێتییە جا ئیدی سەرکەوتوو ئەو کەسەیە کەبتوانێت ئەم سێ چەمکە پێکەوە گرێ بدات و ئادابی گشتی لەکەدار نەکات.

سنوری چەمچەماڵیش سنوورێک نییە بەدەر بێت لە چوارچێوەی هەرێمی کوردستان، لەم هەرێمەشدا ئێستا بەلێشاو ڕۆژنامەو گۆڤار دەردەچێت، خۆ ئەگەر ڕادیۆو تەلەفزیۆنیش وەکو چاپکراوەکان تێچووی کەم بووایە، ئەوا بێگومان ئێستا دەیان و سەدان کەناڵی بیستن و بینینمان هەبوو، ئەم لێشاوەی خولاوی چاپکراوە پێویستی بەکەس و کادر هەیە بۆ پڕکردنەوەی لاپەڕەکانیان، ئەگەر بشگەڕێین بۆکادری پرۆفیشناڵ بەشی چەند بڵاوکراوەیەک کۆبکەینەوە کە لەژمارەی پەنجەکانی دەست تێپەڕناکات وا بوو لێرەوە پێویستی وادەکات خەڵکی تر بێتە مەیدانەکەوە، کەسانێک کە ڕەنگە پێشتر بەڕێکەوتیش ڕۆژنامەیەکیان نەخوێندبێتەوە وەکو هەندێک لەپەیامنێرەکانی سنووری چەمچەماڵ.

بەشێکی تری ئەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە زۆرێک لەڕۆژنامەکان بەئەرکە ڕۆژنامەوانییەکانی خۆیان هەڵناسن، خۆئەگەر بەو ئەرکە ڕۆژنامەییەی کە لەجیهاندا هەیە هەستن، ئەوا بەدڵنیایەوە زۆربەی زۆری ئەدەبیاتە ڕۆژنامەوانیانەی کە ئێستا بڵاودەکرێنەوە پەراوێز دەخرێن، بەپێچەوانەوە بڵاوکردنەوەی بابەت، ڕۆژنامەنووس زۆر دەکات.

**هەروەها سەبارەت بەتەوەری باسەکەمان محەمەد فەریق قارەمان بەڕێوەبەری ڕادیۆی چەمچەماڵ وتی:** ڕاگەیاندن ئەو دەسەڵاتە گرنگ و پڕبایەخەیە بۆتە هەوای ژیان و پێویستی ڕۆژانەو هەموو ڕۆژێک ناتوانین خۆمانی لێ دەرباز بکەین و یەکێکە لەکۆڵەگە گرنگەکانی جیهانگیری و جیهانی بۆکردوین بەگوندێکی بچووک. وەک چۆن لایەنی ئیجابی خۆی هەیە لەچرکەساتێکی کەمدا لەوپەڕی جیهانەوە ئاگادارمان ئەکاتەوە، کەچی ڕووئەداو ڕوویداوە، بەهۆی سەتەلایت و ئەنتەرنێت و تەکنەلۆژیاو بەهەمان شێوە لایەنی سلبی خۆشی هەیە، کە بۆتە فەوزایەکی گەورە، کە هەموو کەس پێی بوێرێ. وەک چۆن لاوانی کورد لەکاتی سەرەتای گەنجێتیدا زۆربەیان شاعیرن بەهەمان شێوە ئێستا ڕۆژنامەگەریش بەهۆی ئاسنکاری ڕۆژنامە گەرییەوە زۆربەی خوێنەری ڕۆژنامە بوونەتە ڕۆژنامەنووس، جاری واهەیە ژێرخانی ڕۆشنبیری ئەو تۆشیان نییە هەرچەند کەس و گرووپێک یەکدەگرن و ڕۆژنامەیەک یان ماڵپەڕێک دەکەنەوە هەندێک لەوانە بۆ ناوبانگ و پلەو پایەو هەندێکی تریش بۆ بژێویان و ئیشی ڕۆژنامەیان لەناو ئەوانەشدا بەڵگە نەویستە بۆلایەنە ڕۆشنبیرییەکەو دەتوانین بڵێین، کە ڕۆژنامەنووسە گەرچی بەهۆی ململانێی حزب ودەسەڵات گەریی و ناوچەگەری ئەو دەستە پیرۆزەی جارانی نەماوە هەندێک نەک ڕۆژنامەنووس نین هەواڵ نووسیش نین ناسنامەی ڕۆژنامەنووسی جیهانی لەگیرفان ناوە.

**هاوڕێ لەتیف خوێندکار بۆ بەپێزکردنی بابەتەکە وتی:** ڕاگەیاندنەکان دەبێت دەرهاویشتەی ئەو ڕاستییە بن کەئەرکێکی گرنگ جێبەجێبکەن لەگەیاندنی کێشەو موعاناتەکانی گەل بەهەموو توێژەکانییەوە بەدەسەڵات، چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزنەوە، ببنە ئەو هێزەی پێی ئەوترێت دەسەڵاتی چوارەم، ڕۆژنامەوانیش بەشێکی گرنگی ڕاگەیاندنە، ئەمڕۆ لەکوردستان بەتایبەتی شارێکی بچووکی وەک چەمچەماڵ بەپێچەوانەی زۆرێک لەوڵاتە پێشکەوتوەکان فەوزایەکی زۆر ئەبینرێت لەڕۆژنامەوانیدا، چونکە بەشێک لەڕۆژنامەنووسان ئەکادیمی نین، لەپێناو گەیشتن بەئامانجێک دەستیان بەکاری ڕۆژنامەنووسی کردووە، ئەمڕۆ بەداخەوە ڕۆژنامەنووسی بووە بەئیشێکی سەرجادە لەم شارەدا لەیاسای خۆی دەرچووە، من ئەیگەڕێنمەوە بۆ سەروەرنەبوونی یاساو بێ ئاگای دەسەڵات، هەندێک ڕۆژنامەنووسی کەم هەیە بەدڵسۆزی کاردەکەن.

**هەروەها ڕووی پرسیارمان کردە یاسین حوسێن لێپرسراوی سەنتەری چەمچەماڵی ڕێکخراوی ئازادی لاوان وتی :** بێگومان چەندین کەس لەم شارەدا کاری ڕۆژنامەگەری دەکەن، ناکرێ هەمووی بەیەک چاو سەیر بکرێت، ڕۆژنامەنووسیش هەیە تەنها وەک خولیایەک یان بۆ بژێوی ژیان ئەو کارە دەکا تابڕێک پارە وەربگرێ، ئەمەش وادەکات لەئەرکی ڕاستەقینەی خۆی لابدات، ئەمە دەکرێ پێی بوترێ فەوزەوی، بەڵام ڕۆژنامەنووسیش هەیە کاری خۆی دەکا مایەیی دەست خۆشییە دەکرێ دەستی بگیرێ تازیاتر سەرکەوتووبێت و کارەکەی پرۆفیشناڵانە بێت.

**پشتیوان محەمەد کە ڕۆژنامەنووسە لەوەڵامی پرسیارەکەماندا بەم شێوەیە دوا:** ڕاگەیاندن سنووری دیاریکراوی خۆی هەیە لە ئێستاشدا گۆڕانکاری گەورەی بەخۆیەوە بینیوە لەبواری زانستیدا، گرنگییەکی زۆر بەرچاوی هەیە، چونکە ئەرکی گەیاندنی پەیامە، پەیامێک لەنێوان دەسەڵات وخەڵکیدا هەروەها گواستنەوەی ڕاستییەکانە، ئەمانەش کاتێک دەبێت ئازادی ڕۆژنامەگەری بۆ ڕۆژنامەنووس فەراهەم بکرێ، ئەگەر هاتوو ڕۆژنامەنووس ڕاستییەکانی نەگەیاند بەدڵنیاییەوە متمانەی خەڵکی لەدەست دەدات، بۆیە ڕاستگۆیی لەکاری ڕۆژنامەوانیدا لەهەموو شت گرنگترە، بەڵام بەداخەوە هەندێک کەس بۆپاداشت یان ناودەرکردن جۆرێک هەواڵ دەنێرن دوورە لەکارو سنوورو یاسای ڕۆژنامەگەرییەوە.


محەمەد فەریق


یاسین حوسێن


هیدایەت جەمال


هەڵمەت هۆشیار

# کەی ڕاگری کۆلێژی هونەرە جوانەکان دەگۆڕدرێ؟!

**هێور ئیبراهیم**

زۆرجار گوتراوە و دەگوترێ (هونەر پێناسەی گەلانە) و هەر هونەر و وەرزشە دەتوانێ میللەتان بەیەکتر بناسێنێ، ئەوەی گرنگە و دەکرێ قسەی لەسەر بکرێ ئەوەیە ئایا چۆن هەڵبدرێ پایە و ئاستی هونەر بەرزبکرێتەوە، لە هەر وڵاتێک مادام هونەر وا گرنگە، گومانیشی تێدانییە لە هەموو وڵاتان پەیمانگا یان ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان هەیە کە شوێن و مەنزڵگە و کانگای دروستکردنی کادیری ئەکادیمی هونەرین، ئەوەی دەمەوێ بیخەمەڕوو و باسی لێوە بکەم. ئایا لەم وڵاتە کێن ئەوانەی ئەو شوێنە ئەکادیمییە هونەرییانە بەڕێوەدەبەن، لەوانەیە لاتان ڕوون بێ کە لە ١٩٩٢/١١/٢٦ بۆ یەکەمجار لە شاری هەولێر پەیمانگای هونەرە، جوانەکان لەلایەن چەند هونەرمەندێکەوە کرایەوە و ئەوەش گروتینێکی تری بە خەڵکیدا بۆ ئەوەی گەشبین بن بە ئایندەی هونەر لەو شارە. دوای ئەوەی چەندین پەیمانگای تر لەشار و شارۆچکەکانی تری کوردستان کرایەوە، بەڵام ئەوەی پرسیارە و تا ئێستا بێ وەڵام ماوەتە بوونی ئەو کەسانەیە، کە لەو پەیمانگایە بە بڕوانامەی دبلۆم وانە دەڵێنەوە، کە ئەوە خۆی لەخۆیدا شتێکی نایاسایە، لەبەرئەوەی هەرکەسێک بیەوێ لە پەیمانگا وانە بڵێتەوە دەبێ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی هەبێ، بەڵام ئەوەی سەیرە و جێی هەڵوەستە لەسەرکردنە لە زۆربەی پەیمانگاکانی هونەرە جوانەکان کاتێک قوتابییەکی زیرەک ئەمساڵ بڕوانامەی دبلۆم وەردەگرێ و خوێندنی پەیمانگا تەواو دەکا ئەوا بۆ ساڵی داهاتوو وەکو مامۆستا لە پەیمانگا دایدەمەزرێنن ئەوەش جێی پرسیارە، ڕاستە لەوانەیە لەبەر نەبوون یا کەمی کادیری پسپۆڕ بێ لە بوارەکە، بەڵام دەکرێ لەمەودوا چارەسەری ئەو کێشانە بکرێ، ئەویش تەنها بەپلان دەبێ.

لایەنێکی تری پێویست بۆ قسە لەسەر کردن، کە زۆرجار ئەو لایەنە کێشەی گەورە دروست دەکات، ئەویش دانانی کەسانی ناهونەرمەند و ناشارەزا لە هونەر وەکو بەڕێوەبەر لەو شوێنە ئەکادیمییە هونەرییانە، بۆ نموونە پارساڵ، کەسێک بەڕێوەبەری پەیمانگای هونەرەجوانەکانی هەولێر بوو زۆربەی جار لەکاتی نمایشکردنی چالاکییەکانی پەیمانگا ئامادە نەدەبوو، باشترین بەڵگەش بۆ قسەکەم لە وتەی ئەو قوتابییەی قۆناغی پێنجەمی بەشی مۆسیقایە کاتێک بەڕێوەبەری پەیمانگا هاتبوو قسەی بۆ کردبوون گوتبووی ئەوە نوێنەری وەزیری پەروەردەیە؟! ئاخر عەیب و شەرم لەوە زیاتر چی، کە قوتابییەک بەلانی کەم ٥ ساڵ لە پەیمانگا بخوێنێ بەڕێوەبەری پەیمانگاکەی خۆی ببینێ و بڵێ ئەوە نوێنەری وەزیرە، یان کاتێ هەر لە سەردەمی ئەو بەڕێوەبەرە کەسێکی دەرچووی بەشی زمانی عەرەبی کرابووە سەرۆکی بەشی شانۆ، هەر بۆیەش کە شانۆگەری من و قالە و سەگەکەی پاڤلۆڤ لە هۆڵی گەل نمایشکرا، کە بەرهەمی پەیمانگا بوو ژمارەی مامۆستایانی ئامادەبووی ناوهۆڵ نەدەگەیشتە ژمارەی پەنجەکانی دەستێک، ئەوە جگە لەوەی ئەوەی ڕیکلام بێ بۆ کارەکە نەکرابوو.

ئەو دوو نموونەیەی باسمکرد دڵۆپێکە لە دەریای نەگبەتییەکانی ئەم وڵاتە، چونکە زۆر ڕاشکاوانە دەڵێم لەم وڵاتە تاکو بوونە بەڕێوەبەر بە تەزکیەی حزبی و دەزگا حزبییەکان بێ ڕەوشی هونەر باشتر نابێ بگرە بەرەو خراپتریش دەڕوا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ باسی ئەوە بکەم، کە ئەمساڵ دوای ئەوەی چەندین گۆڕانکاری لە بەڕێوەبەرایەتی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی هەولێر کرا، ڕەوشی ئەو پەیمانگایە بەرەو باشتر چووە و وەکو فەرهەنگ غەفووری بەڕێوەبەر لە یەکەم کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی خۆی ڕایگەیاند لەمەودوا واستە و واستەکاری نامێنێ و دەبێ پسپۆڕی لە پەیمانگا ڕۆڵ ببینێ، لەبەرئەوەی بە بەڵگەوە دەڵێم لە ساڵانی پێشوو قوتابی هەبووە بە تەزکیەی حزبی و بەناوی کوڕە شەهید لە پەیمانگای هونەرەجوانەکانی هەولێر وەرگیراوە، کەچی باوکی لەژیان ماوە، دەکرێ لێرە بە دڵنیاییەوە بڵێم فەرهەنگ غەفوور دوای دەستبەکاربوونی لە پەیمانگا وەکو بەڕێوەبەر چەندین گۆڕانکاری لەو پەیمانگایە ئەنجامداوە هەر لە گۆڕینی هەردوو سەرۆکی بەشی شانۆ و شێوەکاری و چەندین گۆڕانکاری تر لە شێوازی دەوامی قوتابیان و چالاکیان، ئەو قسەیەشم ڕیکلامکردن نییە بۆ فەرهەنگ غەفوور، بەڵکو ئەوە کورتەی ئەو ڕیپۆرتاژەیە کە لە ژمارە ١٠٧ی ٢٠٠٨/١١/٢٢ی هەفتەنامەی بەدرخان بڵاوکرایەوە و بەڕای زۆربەی قوتابیان و مامۆستایان ڕەوشی ئەمساڵی پەیمانگا زۆر جیاوازە لە ساڵانی تر و خەریکە پەیمانگا بەرەو ئاقارێکی ئەکادیمی دەڕوا، ئەویش لەبەرئەوەی بەڕێوەبەر و سەرۆک بەشەکان کەسی هونەرمەندن و لەمانای هونەر تێدەگەن.

لەخوا بەزیادبێ و شوکریش بۆ خوا ئەوە گۆڕانکاری لە پەیمانگا کرا و خەریکە ڕەوشی پەیمانگاش بەرەو باشتر و ئەکادیمی دەڕوا، بەڵام ئەی هاوار بۆ ئەکادیمیای هونەرەجوانەکان!! دەزانن بۆ؟ چونکە ڕاگری ئەو کۆلێژە دکتۆرای لە هونەر هەیە، ببوورن مەبەستم ئەوەیە دەرچووی بەشی کشتوکاڵە!! جا کەوایە و مادام کۆلێژی هونەر وابێ، دەبێ چی لێ چاوەڕوان بکەین، کە کەسانێک هەن بە زەوقەوە دەڕواننە ئەو کۆلێژە بۆ داهاتووی هونەر، بەڵام پێیانوایە ئەگەر کەسێک هونەرمەند نەبێ یا هونەردۆست نەبێ ناتوانێ ڕێز لە هونەر و هونەرمەندان بگرێ.

هەمووتان لەمن باشتر دەزانن لە وڵاتان پایەی هونەرمەند لە پایەی سیاسییەکان ئەگەر زیاتر نەبێ کەمتر نییە، بەڵام لێرە بەبڕیاری ڕاگرێکی کۆلێژ، کە دەرچووی بەشی کشتوکاڵە هونەرمەندێک لە کۆلێژ فەسڵدەکرێ و لە خوێندنەکەی بێ بەش دەبێ، کە بەشێکی زۆری خەڵکی بە ئایندەیەکی گەش دەیانڕوانییە ئەو هونەرمەندە.

لەوەش سەیرتر گوناه نییە شوێنێکی وەکو ئەکادیمیای هونەرەجوانەکان لە بۆنە و یادەکان چالاکیان نەبێ، لە کاتێکدا چالاکی قوتابخانەکان چالاکیان هەیە!!!

بۆیە دەکرێ لەمەودوا بیر لەوە بکەینەوە کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو، یانی ئێمە هونەرمەندێکمان نەبوو ببێتە ڕاگری کۆلێژی هونەر لە کاتێکدا ٣ هەزار تا ٥ هەزار هونەرمەند ڕێزلێنانیان وەردەگرت. هەر لەبەرئەوە هەقوایە سەیری ئەزموونی پەیمانگای هونەرە جوانەکان بکەن و دەرسی لێوەربگرن، چونکە دڵنیام ئەگەر کەسێکی هونەرمەند ببێتە ڕاگری کۆلێژی هونەر، ئەوا ڕەوشی ئەو کۆلێژە زۆر گۆڕانی بەسەردا دێ و کاریگەری باشیشی لەسەر ڕەوشی هونەر لە کوردستان دەبێ.

بۆیە بەهەڵە نەچوومە ئەگەر بڵێم یا دەبێ ڕاگری کۆلێژی هونەرەجوانەکان بگۆڕدرێ یان لەگەڵ کۆلێژی کشتوکاڵ تێکەڵ بکرێن کە ئەمەش نابێ، چونکە نازانم پەیوەندی نێوان کشتوکاڵ و هونەر چییە، مەگەر لەو گۆرانییانە یەکبگرنەوە کە جووتیاران لەکاتی دروونە دەیڵێنەوە.

## لە تاراوگەوە

# قومار

لەژمارەی ڕابردوودا باسم لەدیاردەی درۆکرد، لەگۆشەی ئەم ژمارەیەدا هەوڵدەدەم تیشک بخەمە سەر قومار کە یارییەکی دیارو بەرچاوە، بۆتەکلتوورێکی تارادەیەک باو لەنێو گەلانی جیهان، لایەنی باش و خراپی هەیە، بۆ ئێمەی کورد تائێستا جگە لەکات بەسەر بردن هەر خراپ کەوتۆتەوەبەزەرەری مادی و دروستبوونی کێشەوئەنجامدانی تاوانی جۆراوجۆر.

بەگشتی بەخراپ لێی دەڕوانن، زۆرکەس زەرەرمەند دەبن، زۆرجار ئیفلاسی مادی، تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵ، لەبەر یەک هەڵوەشانەوەی خێزان، پەنا بردن بۆ تاوان و دزی و کاری ناشەرعی.....هتد و چەندین دیاردەی ناهەموارتری لێدەکەوێتەوە کە لە کۆمەڵ و دین و یاسادا نامەشرووعن.

لەقورئانی پیرۆزدا، لەسورەتی (المائدة)، لەئایەتی ژمارە نەوەتدا، خودای مەزن دەفەرموێ:{انمایرید الشیطنآن یوقع بینکم العدوةوالبغضآء في الخمروالمیسرویصدکم عن ذکر الله وعن الصلوة فهل آنتم منتهون}لێرەدا بۆمان دەر دەکەوێ کە خودای مەزن لەقورئاندا بەکارێکی خراپی لەقەڵەم دەدا، مەبەستی لەقومار وشەی(المیسر) دەگرێتەوە، ساڵی ڕابردوو لە پەرلەمانی ئەڵمانی باس لەوە کرا کە ئەو شوێنانەی وەک(هۆڵی یاری)یەکان کە جۆرەها یاری تێداهەیە دابخرێن لەبەر ئەوەی ئەم هۆڵی یارییانە بوونەتە هۆیەک بۆ تێکچونی ژیانی خەڵک، زۆر ژن و مێرد لێک جیابوونەتەوەو خێزانەکانیان


یوسف مەنتک - ئەڵمانیا

تێکچووەو منداڵەکان بوونەتە قوربانی، خەڵکانێکی زۆر هەن ئەو پارەیەی کە لە کارکردن یا لە سۆسیال وەریدەگرن هەمووی لەکاتێکی کەم لەم هۆڵی یاریانە دەدۆڕێنن، ترسناکترین یاریان ئۆتۆمات ڕۆلێتە، بەڵام یاری ئۆتۆمات ترسناکترین یارییە هەر ئەوەندە مرۆڤ فێر بوو زۆر بەزەحمەت دەتوانی تەرکی بکات، ئەوەش جیهازێکە تەنها پارە وەر دەگرێ زۆر بەکەمی دەیدات، یاریکەرەکە لە تەماعیدا هەر پارەی تێدەکات تا قەلۆش دەبێت، جاری وا هەیە ئاگای لەبرسێتیش نامێنێ وا غەرقی ناو یارییەکە دەبێت، بۆیە دەست بەتاڵ وبرسی و بێ ماڵ دەمێننەوە و دەبنە بارگرانی بەسەر دەوڵەتەوە، بەڵام ئەم بۆچوونەیان قەبوڵ نەکرد چونکە دەوڵەت سوودمەند دەبێت ئەویش بەوەرگرتنی زەریبە کە داهاتێکی باشی هەیە بۆ دەخیلی حکومەت.

زۆر خانەوادەی کورد هەن تائێستا تێکچوون ژن ومێرد لەیەکتر جیابونەتەوە، ژنەکان دەڵێن: پیاوەکانمان هەر خەریکی قومار کردنن ئاگایان لەماڵ ومنداڵ نەماوە، ئێمەش چیتر تەعەمولمان نەما، ژیان کردن لەگەڵ ئەم جۆرە پیاوانە، نەبوونیان باشترە لەوەی بارگرانی و خەم و خەفەت بن بەسەرمانەوە، ژیانی تەنهایی سەد قات باشترە، نەک لەگەڵ ئەم جۆرە پیاوانە، پیاوەکانیش بۆ داکۆکیردن لەخۆیان لەنێو خەڵک و لای کەسوکاریان بڕو بیانووی بێ ماناو پڕوپووچ دەبیننەوە کە منداڵیش پێیان بڕوا ناکات و کەسیش بە دوو پولی قەڵپ لێیان ناکڕێ، بەندە لەنزیکەوە لەگەڵ چەند خانەوادەیەک قسەم کردووە بەدواداچونم هەبووە بۆ هۆکاری لێک جیابونەوەکان زۆرترین خەتاکان پیاوەکانن. ئەوانەی بێژنیشن زۆریان تووشی ئەم دەردەخراپە بوونە، هەردەم بێ پارەنماڵیان نییە، گەر هەشیان بێت ماڵ و حاڵێکی گونجاو نییە بۆ ژیان، کەسی وا هەیە بۆ دوور کەوتنەوە لەم یارییە بەناچاری و بەیەکجاری گەڕاوەتەوە وڵات، یا هەیە تووشی دەرمان فرۆشی کێشان بووە کەوتۆتە زیندان، لە وڵاتیش ئەو خەڵکانەی قوماریان دەکرد زۆر هەبوو وەزعی خراپ بوو و قسەی سەیر سەیرمان گوێ لێدەبوو وەک: ئەها فلان سەروەت و سامانی خۆی لە قومار دۆڕاند، ئەها فلان ژن و کچی لە قومار دۆڕاند، ئەها فلان ئیفلاسی کرد، لەبەر قومار شەوو ڕۆژ نایەتەوە ماڵێ، ئاگای لەماڵ و منداڵی نییە بەرەڵای کردوون....دەستەواژەی جۆر بەجۆرمان گوێ لێدەبێت، لە هەشتاکان کابرایەکی قومارچی بەدەستی منداڵەکانی کوژرا، لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکی نەعلەتیان لەمنداڵەکانی کرد کە چۆن باوکی خۆیان کوشت.

ئەوانەی پارەدارن بۆخۆشی و کات بەسەر بردن یاری قومار دەکەن، دەچنە شوێنە ناسراوەکان کە تایبەتە بەم یارییە، بەڵام قوڕ بەسەری ئەو کەسەی پارە بەکرێکاری پەیدا دەکات و پارووی لەدەمی منداڵەکانی دەگرێتەوەو دەچێ بە ماوەی چەند سەعاتێک دەیدۆڕێنێ، کەچی لەو لاوەش ماڵ چەندین کەم و کوڕی و پێویستی هەیەو منداڵەکانیش بێ جل و بەرگ و سکێ تێرو دەمی برسی ژیان دەگوزەرێنن، شەوانەش خەونی سەوز بەشتی ڕەنگین و جلی پۆشتەو بووکە شوشەو یاری جۆر بەجۆری منداڵانە دەبینن.

# نامیق عەلی قادر و دوو پێشانگای تایبەت

**ئا: هونەری بەدرخان**

نامیق عەلی قادر لەو ماوەیەدا دوو پێشانگای تایبەتی خۆی کردەوە، ئەو لەباسی پێشانگای یەکەمیدا گوتی: پێشانگاکەی رابردووم پێشانگایەک بوو وەکو پێشانگاکانی تر، بەڵام جیاوازییەکەی ئەوەیە کە ئەوەی ئەوجارەیان پەیوەندییەک بوو لەنێوان شیعر و تابلۆ، ئەوە کۆمەڵە کارێکی گرافیکییە، لەماوەی جیا جیای ساڵانی ١٩٨٨ و ١٩٨٩ و تا دەگاتە کاتی پێش نووسینی شیعرەکانی کاک شێرکۆ بێکەس، ئەوانە من کاتی خۆی بە پێشانگا کردمنەوە، دوایی بە شێوەی گرافیک چاپمکرد، ساڵی ٢٠٠٢ تا ٢٠٠٥ پازدە ئیش لای شێرکۆ بوو، شێرکۆ لەسەر ئەو تابلۆیانە شیعری نووسییە، دەمەوێ لێرە باسی ئەوە بکەم زۆر بە وردی و تێڕوانینەکی قووڵەوە و بە رۆشنبیرییەکی قووڵەوە توانیبووی تابلۆکان بخوێنێتەوە و روئیا و وێنەی شیعری خۆی لەسەر دروست بکات، دەشمەوێ ئەوە بڵێم لەگەڵ ئەوەی خۆم دەزانم چۆن ئەو تابلۆیانەم دروست کردییە، کە شیعرەکانی کاک شێرکۆشم خوێندەوە کە لەسەر تابلۆکانی نووسیبوو، لەوێدا زیاتر گەورەیی شێرکۆم وەکو شاعیرێکی گەورە لەلا سەلما.

لێمان پرسی بۆچی شێرکۆ بێکەست هەڵبژارد بۆ ئەوەی شیعر لەسەر شتەکان بنووسێ، گوتی: ئەوە لەکاتی خۆی پێشانگایەکی گرافیکیم لە سلێمانی کردەوە، دوایی شێرکۆ ئەو تابلۆیانەی دیت و ئەو رێککەوتنە دروست بوو، کە ئەو کۆمەڵە ئیشە لای ئەو دابنێم و ئەویش موتەفیق بوو لەسەر ئەوەی لەوحەکان ببینێ و شیعری لەسەر بنووسێ.

پێشانگای دووەمی هونەرمەند لە ١٢/٢٥ـە، سەبارەت بەوە و بەردەوامی ئەو پێشانگایانە نامیق عەلی گوتی: من لەلای خۆم بڕیارمداوە لەمەودوا ئەو ئیشانەی کە ساڵەکانی رابردوو هەمە بەردەوام نمایشیان بکەم، لە هەمان کات ئەو بڕیارەشم لەلا سەریهەڵداوە، کە بەردەوام دەمەوێ ئیش بکەم و ناوە ناوە پێشانگا بکەمەوە، چونکە هەستدەکەم گرنگی کردنەوەی پێشانگا زەرووریە، ئێمە بتوانین زیاتر بەردەوام بین و پێشانگا بکەینەوە، لەبەرئەوەی روئیاو زەوقی خەڵک بگۆڕین، یاخود رایکێشین بەرەو خوێندنەوەی تابلۆکان و هاتووچۆی پێشانگاکان بکەن، من هەستدەکەم سیمبوڵییەک هەیە. پێویستیشە پێشانگا بکرێتەوە، بەڵام بەو مەرجەی پێشانگای باش و هونەرمەندی باش ئەو کارە بکەن. ئەو پێشانگایەش پێشانگایەکی تایبەت بە نەحتە، ئەوەش چەند ساڵێکە خەریکی ئەو ئیشانەمە و بیرکردنەوەی پێشانگای نەحت و ئیشکردن لە بواری نەحت کە پەیوەندی بە ئیشەکانی خۆمەوە هەیە، بە تایبەتی ئیشە سیمبوڵییەکان، ماوەیەکی زۆر پێش ئێستا مەوادیان بۆ کۆدەکەمەوە و شتیان بۆ چا دەکەم، لەو چەند ساڵەی دوایی وردە وردە دەستمپێکرد و ئیتر گەیشتمە ئەو قەناعەتەی کە نمایشیان بکەم.



نامیق عەلی قادر

# رەحیمی زەبیحی: سینەما هونەرێکی گرنگە ، جێگای هەموو کەسێکی تێدا نابێتەوە

**رەحیمی زەبیحی لە ساڵی ١٩٧١ لە شاری بانەی رۆژهەڵاتی کوردستان لە دایکبووە و پاش ١٦ ساڵ کارکردن لە شانۆ، بەدیتنی فیلمێکی یەڵماز گۆنای گرنگی سینەمای بۆ دەرکەوتووە و خەباتی خۆی لە شانۆوە بەرەو سینەما گواستۆتەوە و لەساڵی (٢٠٠١)ەوە تا ئێستا چەندین کورتەفیلم و دوو فیلمی درێژی سینەمایی بەرهەمهێناوە و هۆکاری گواستنەوەی خەباتی خۆشی لە شانۆوە بۆ سینەما بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە کارە سینەماییەکان لە کاری شانۆیی زیاتر دەمێننەوە. سەبارەت بەمرۆی رەوشی سینەمای کوردی ئەو دیدارەمان لەگەڵی سازکرد..**

**ئا: هونەری بەدرخان**

*** چۆن دەڕوانییە ئەمڕۆی سینەمای کوردی؟**

– خۆی ١١٣ ساڵ لەمەوپێش سینەما لە هۆڵێکەوە لە پاریس دەستی پێکرد سینەما بووە بەرهەمی مێشک و هەستەکانی ئینسان و وردە وردە ئەم سینەمایە کەوتە گڕوگاڵ و گەورە بوو و ئێستاکە ئەم سینەمایە خۆی کردووە بە گوندەکانیشدا لەرێگای سەتەلایت و تەلەفزیۆنەکانەوە خۆی کردووە بە هەموو شوێنەکان، ئێمە وەکو کورد بەرهەمهێنەری ئەو سینەمایە نەبووینە، ئێمە وەرمانگرتووە، بەڵام زۆر درەنگ کەڵکمان لە سینەما وەرگرت، وەختێک تەماشا دەکەین هەموو جووڵەکان و شەپۆڵەکانی ئێمە بە جۆرێ تاکە کەسین، بۆ نموونە: تۆ یەڵماز گۆنای دەبینی، بەهمەن دەبینی خەڵکانێکی تر دەبینی لەو گۆڕەپانە کاریان کردووە، کە پێموایە بۆ میللەتێک کە دنیایەک موعاناتی هەیە، بۆ میللەتێک کە ١٨٢ هەزار کەسی لێ جینۆساید کراوە، بۆ میللەتێک کە ٥ هەزار کەسی لە هەڵەبجە لەیەک چرکەدا گیانی دەرچووە، بۆ میللەتێک بە هەزاران گوندی تێکدراوە، بۆ میللەتێک کە دنیایەک کێشەی هەیە، پێموایە رێژەی بەرهەمهێنانی ئەو فیلمانە زۆر زۆر کەمن، ئەوە سەرەتایە بۆ سینەمای کوردی، سینەمایەکە بوونی هەیە، بەڵام لەگڕوگاڵ دایە، منداڵە.

*** رات چییە لەسەر ئەو فیلمانەی لە باشووری کوردستان بەرهەمهاتوون؟**

– ئەو فیلمانەی لە باشووری کوردستان بەرهەم دێن، ئاساییە فیلمی باشیش هەیە و فیلمی خراپیش هەیە، خراپ بە مانای ئەوەی زمانی سینەمایی نییە، سیناریۆ و وێنەگرتن و مەلزومات باش نییە، زۆر سروشتییە ئەو قۆناغە تێپەڕێنین، بەڵام سروشتی نییە کابرایەک کە کارنامەیەک و ئەزموونێکی نییە بۆ ئەوەی کە ئەزموونێکی پێشووی خۆی بڵێ من ئەمەم و دەتوانم فیلمێکی ئاوا بکەم بە پارەیەکی زۆر بیانەوێ کارم بۆ بکەن ئەوە سروشتی نییە، تەواوی دەرهێنەرەکانی کوردستان بە گەورە دەرهێنەرەکانیشەوە لە توانایان نییە بەو شێوەیە کاربکەن، لە ئەورووپا ١٠٠٠٠ دۆلار پەیا دەکرێ، من بە جورئەتەوە پێتدەڵێم حکومەتی کوردستان حکومەتێکە پارەی داوە بە سینەما، یانی بەراوردێک بکەین لە دەمی کەسوکاری شەهید و ئەنفالکراوەکان و لە پرۆژەکانی گێڕاوەتەوە و هێناویەتی کردوویەتی بە سینەما، دەستی خۆش بێ کارێکی باشە، بەڵام ئەوەی کە ئێمە چەند ئەو پەیامانەمان گەیاندۆتە دنیا، پێموایە لە باشووری کوردستان هیچ پەیامێک نەگەیوە بە ئەندازەی ١٠٠٠ دۆلار بۆ دەرەوەی کۆمەڵگای کوردی، ئەوە قەیرانێکی زۆر عەجیبە، کێشەکەش لەوەدایە، کە دەسەڵاتی کوردی تا ئێستاکە نازانێ چی لە سینەما بکرێ، ئەگەر پارەش دەدات لە ئینزاری ئەو پارەیەی کە داویەتی بە سینەماکار چی لە سینەماکار دەوێ و لەم وڵاتە سینەماکاریش ئەوەندەی کە بیر لە گەندەڵێ دەکاتەوە بیر لە ژانی کەسوکاری ئەنفالکراو و شەهیدەکان ناکاتەوە، بیر لە سینەما ناکاتەوە کە ئەوە گرنگترە، ئەمە کێشەیەکی سەرەکی لەم وەزعەدا هەیە بەراستی پێویست دەکات ئێمە بە ستراتیژیەتەوە کۆوەبوون، فیلمسازەکانی ئێمە خۆیان ئیسپات کردووە هەموویان پارەیان وەرگرتووە و هەمووشی دەزانێ بای چەندین، یانی دەزانی قسەکەمان بۆ گەڕەکێک یان شارێک بووە یان بۆ چەندین وڵات بووە، هەموو نموونەو پارەی وەرگرتووە، جگە لە سینەماگەرە سەربەخۆکان کە خۆم یەکێکم لەو کەسانەی سەربەخۆ بووم و دینارێکی حکومەتی کوردستانم وەرنەگرتووە و حەزیشم دەکرد وەریگرم و کاربکەم و باشیش کاربکەم، بەڵام تا ئێستا ئەو رێککەوتنە دروست نەبووە.

*** بۆ؟**

– لەبەرئەوەی تۆ کۆمەڵگایەکی نەخۆشی هەر بەڕێوەبەرێک دێ، هەر کەسێک دێ زەوقی لێ نییە تۆ کاربکەی لەبەرئەوەی کە ئەمانە نەخۆشن، تۆ پێشنیاز دەکەی و داوا دەکەی کە کاکەگیان ئەم کارە هەیە، من ئەم کارنامەیەم هەیە و دەتوانم فیلمێک لەسەر ئەم بابەتە دەربێنم، رووبەڕوو رێزت لێ دەگرن و باوەشت پیادەکەن، بەڵام لەدواوە ناهێڵن کارەکەت بڕوا و ئەمە نەخۆشییەکی ئێجگار گەورەیە لە باشووری کوردستان و ئاگاداری ئەمەن، خەڵکانی نانەوا لەشوێنی بەرگدوور دادەنێن و بەپێچەوانەوە، کاکە سینەما وانییە کە هەر کەسێکمان پێ خۆش بوو بیخەینە ئەو شوێنە و بەڕێوەبەرایەتی سینەما بکا، کلتوور شتێکی زۆر گەورەیە و خەتەرناکە ئەگەر بە فیکرەوە خاوەندارییەتی لێ نەکەین و کەسێک دانەنێین کە شیاوی بێ، تا ئێستا ئەمە نەبووە لە سینەما، رەنگە لە بوارەکانی تریش ئەمە نەبێ، بەڵام گرنگ ئەوەیە کە ئێمە وەکو سینەماکاری کورد تا ئێستا نەمانتوانیوە ئەو پەیامانەی هەمانە بیگەیەنین بە ئەندازەی ژانەکان و قسە پێشینانەکان کە لەلامانە، بۆ سینەماش پارە خەرج دەکرێ، بەڵام خەڵکانی سەربەخۆن دەچن نوێنەرایەتی سینەمای کوردی دەکەن، نەک ئەوانەی پارەکان وەردەگرن، کێشەی سەرەکی لێرە ئەوەیە کە گوێت لێ ناگرن.

*** پێتوانییە لەناو سینەما لە باشووری کوردستان پسپۆڕی و ئەکادیمییەت بوونی نییە؟**

– ئەکادیمییەت رۆڵ و بایەخی خۆی هەیە، بەڵام لە ئێران، کە وڵاتێکە سینەمایەکی باشی هەیە، ساڵانە ٤٠٠ کەس لە ئەکادیمیای سینەما تەخەروج دەکەن، بەڵام ٤٠٠ دەقیقە فیلم بەرهەم ناهێنن، زانکۆ زانستگا شوێنێکی باش و نەخراپە، وەکو زانکۆکانی لای ئێوە دەچنە زانکۆ دوای ئەوەی کشتوکاڵ تەواو دەکەن دەچنە وەزارەتی مافی مرۆڤ ئیش دەکەن، مافی مرۆڤ تەواو دەکا دەچێ لە کارەبا کاردەکا، یانی ئەمە شتێک نییە، من پێموایە ئەم کەسەی کە بڕیارە لە سینەما کاربکا دەبێ شتێک لە ناخیا هەبێ و هەندێک شتیش کە فێردەبێ بە ئەزموون، ئیتر من نازانم تەماشایەکی مێژووی سینەما بکەین هەموو شاکارەکانی دنیا نموونەیەکی بچکۆلە لە کورد یەڵماز گۆنای ئەسڵەن سینەمای تەواو نەکردووە، یەڵماز گۆنای لە بێکاری هاتووە بۆتە یارمەتیدەری پشتی کامیرا دوایی بۆتە ئەکتەر و دواتر بۆتە دەرهێنەر، یانی شتەکە لەناو ناخیدا مەوجود بووە، لە کوردستان چەندین دکتۆرای سینەمامان هەیە، بەڵام ٣ دەقیقە فیلمیان نییە کە بتوانێ کاریگەری لەسەر جیهان هەبێ، ئەمە واقیعێکە و دەبێ ئێمە تێبگەین، بەڵام بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری سینەمایی رەنگبێ بێ کاریگەر نەبێ و شوێنێکمان هەبێ ئەکتەر و وێنەگری باش بەرهەم بێنێ، هەروەها دۆزینەوەی ئەو کەسانەی کە قابلییەتەکە لە ناخیان مەوجود بێ، ئەمە شتێکی زۆر زۆر باشە و پێموایە دانانی ئەم کۆلیژە دەستی پێکردووە و کۆلیژێک هەیە بەناوی سینەما، کە ئەمە شتێکی باشە، بەڵام دەبێ چاوەڕێ بکەین بزانین چەند کەس لەم کۆلیژە دەبنە فیلمسازی باش، چونکە ئەو میللەتە پێویستی بە خەڵکی باشە، ئەگینا خەڵکی لە ئاستی ناوەڕاست زۆرە و زۆر کەسمان هەیە دەڵێ سینەماکارم، بەڵام ئێمە پێویستمان بە خەڵکی هەرەباش هەیە، قسەی جیهانی بکا، روانینەکە و ماناکەی جیهانی بێ، ئەوە باشە.

*** زۆرجار دەگوترێ سینەمای کوردی لە باشووری کوردستان کاریگەری سینەمای ئێرانی بەسەرەوەیە، تۆ دەڵێی چی؟**

– من وای تێناگەم، رەنگبێ هاتنی ستافی ئێرانی بۆ ئێرە و کارکردنی ئەم ستافانە کاریگەری هەبێ، بەڵام زۆرجاریش دەگوترێ کاریگەری میدیا عەرەبییەکانیان لە سەرە، سەیرکە تۆ خاوەنی سینەما نەبووی و هەلومەرجی جوگرافی و سیاسی و رامیاری تۆ کاریگەری فارس و عەرەب و دەوروبەری لەسەرە، ئەوە زۆر ئاساییە تا دۆزینەوەی زمانی تایبەت، روانینی تایبەت... ئەم قسانە ئاساییە تا سینەمای تایبەت بە کورد دروست نەبێ ئاساییە، وردە وردە ئێمە بەو زمانە دەگەین کە پێی دەڵێن زمانی سینەمای کوردی، یانی تایبەتمەندییەک هەیە لە بەرهەمهێنانەوە دەست پێدەکات، کە بەرهەمهێنەر دەبێ کورد بێ، یانی بەرهەمی کورد بێ و موڵکی کورد بێ.

*** جانۆ رۆژبەیانی دەڵێ: زۆربەی فیلمە کوردییەکان ئەگەر ئاستیشیان باش بێ، ئێرانییەکان فیلمەکە سەقەت دەکەن. پێتوایە ئەو قسەیە چەند راستە؟**

– من دەڵێم لە فیلم حاکمێکی رۆحی لەسەر کارەکە هەیە ئەویش دەرهێنەرە، دەرهێنەرێک ئەگەر دەرهێنەر بێ، ستاف لە ئەمریکاوە بێ و لە ئەورووپاوە بێ و فلان بێت، خەڵک میکانیکتارە و لەژێر دەستی ئەو کاردەکا، ئەگەر ئەو شتی لەباردابێ، هیچ کێشەیەک نییە، فیلم بە قۆناغێکی تر و شوێنێکی تردا ناڕوا، ئەو شتەی کە وێنەگر و فلان دەیەوێ، من لە سینەما خەریکی دروستکردنی روئیاکانی خۆمم، ئیتر دەبێ کابرایەکی وێنەگر کە یارمەتیدەری دروستبوونی روئیاکانی منە، یان کابرایەکی دەنگهەڵگر دەبێ خەریکی دروستبوونی روئیاکانی من بێ، نا ئەوەی کە روئیاکانی خۆی دروست بکا، کێشەکە لەوەدایە کە رەنگ بووبێ چەند فیلمێک ستافی ئێرانی هاتبێ و لێرە لەگەڵ کەسانی ئێرە کاریان کردبێ، کاریگەری ئەوان لەسەر دەرهێنەرەکان بووبێ، لەبەر بێ سەوادی دەرهێنەرەکە، لەبەرئەوەی کە دەرهێنەرەکە شتی لەبارا نەبووە و هەر گوێی گرتووە بزانێ چۆن فیلمەکەی باش دەبێ، رەنگە ئا لەو جۆرە رەفتارانە فیلم سەقەت بووبێ، واقیعەتەکە ئەوەیە کە ئەم هونەرە هونەرێکی گرنگە، هونەرێک نییە جێگای هەموو کەسێکی تیا ببێتەوە، تەنها جێگای ئەو کەسانەی تیا دەبێتەوە، کە زمانی سینەما بزانن و روانینیان روانینێکی تایبەت و باش بێ و لە بەرژەوەندی ئەم میللەتە و مرۆڤایەتیدا بێ.

*** پێتوایە کێن ئەو دەرهێنەرانەی بەو زمانە گەیشتوون؟**

– من نامەوێ باسی ئەوەبکەم، کێن ئەو دەرهێنەرانە، ئەوە رەنگبێ ئیمڕۆ جەنابت وەکو میدیا من دۆستایەتییەکت لەگەڵ خۆشبکەم و لەگەڵ تەلەفزیۆنەکان بەهەمان شێوە، شەو و رۆژ هەر باس باسی من بێ، کە ئەم جۆرە ئیتفاقاتانە بووە و کاک جانۆش باش دەزانێ ئەو ئیتفاقاتانە بۆ کوێ کەوتووە، بەڵام گرنگ ئەوەیە فیلمێک کە دەهۆڵ و زورنای بۆ لێدەدرێ کە ئەوە فیلمێک فڵانە و فڵانە.. پێنج ساڵ یان دە ساڵی دیکە دەمێنێتەوە، ئایا ئەو ئەهەمیەتە و ئەو شوێنە تایبەتەی ئێمە ئێستا بۆی دادەنێین ئەوکاتەش بۆی دادەنێن، ئەمە بەلای من گرنگە، ئەگینا هەموویان دەرهێنەرن و باشن، بڕۆ لەگەڵ هەریەکێ کە لە کورتە فیلمێک ستاف بووە و چایی داناوە، دەڵێ من سینەماگەری هەرەباشی کوردم، بزانن کێن ئەوانەی نوێنەرایەتی سینەمای کوردی دەکەن لە دەرەوەی ئەم کۆمەڵگایە، با بزانین کێن فیلمەکانیان دەمێنێتەوە، تۆ تەماشاکە ساڵی ١٩٨٢ فیلمی رێگای یەڵماز گۆنای خەڵاتی کانی بەدەست هێنا، ماوەیەک پێش ئێستا هاتن (٥٠) شاکاری دنیایان هەڵبژارد کە یەکێک لە فیلمەکان فیلمی رێگا بوو، دووبارە دوای ٢٦ ساڵ ئەوە گرنگە، ئێستاش من کە فیلمی رێگا دەبینم کاریگەری لەسەرم هەیە و زمانەکەی شوێنی تایبەتی دەدەمێ، دەیان فیلمی تریش دەبینم، بەڵام ناتوانن شوێنی ئەو رێگایە بگرێ، کە فیلمی رێگا دەیگرێ، ئەگینا کێ یەکەمە و کێ دواییینە گرنگ نییە، ئەگینا کورد ٤٠ ملیۆن کەسە، پێویستی بە ٤٠ هەزار سینەماکارە، من حەزدەکەم کورد لە ساڵێکدا ٤٠ ملیۆن فیلم بەرهەم بێنن، لەبەرئەوەی کێشەکەی ئەوەندە جیهانییە، حەزدەکەم کورد هەمووی ببێتە سینەماکار و نیگەرانیش نیم، چونکە هیچ کەس ئەو فیلمە دروست ناکا کە من دروستی دەکەم، ئەمە باس لە باشە و فڵان ناکەم، باس لە دیدگا و روئیا دەکەم، ئەوەی کە لە فیلمی وڵاتی ئەفسانەدا بیری لێدەکەمەوە، ئەو روئیایە دەهێنم بە دنیای واقیع و کامیرا و ئەکتەر و دەنگ و هەموو ئەو شتانە، رەنگە خەڵکانی تر جۆرێکی تر دروست بکەن.

*** هەندێ جار دەگوترێ ئەو فیلمە کوردییانەی خەڵاتی جیهانی وەردەگرن، خەڵاتەکە لەسەر سیناریۆکەیە نەک لەسەر دەرهێنان و وێنەگرتن، چی دەڵێی؟**

– ئەوە زۆر ئاساییە، لەبەرئەوەی کە تۆ خاوەنی مێژوویەکی گەورەی سینەما نەبووی، تۆ خاوەنی قوتابخانەیەکی سینەمایی نی، هەرچی تەکنیک و کەرستەیە لەوێ بە باشترین شێوە بەکاریان هێناوە، هەروایە و هەر دەمێنێتەوە بۆ تۆ خەریکی روانینێکی تازە لە تاکی کورد و کۆمەڵگای کوردی بەوان نیشان دەدەی و ئەم روانینەیە، کە شوێنی خۆی دەدۆزێتەوە و ئەمە ئاساییە و تا نەگەین بەو زمانە رەنگە ئاسایی بێ، بە روانینی من تا ئێستا زۆرجار فیلم گەیشتۆتە فێستیڤاڵەکانی دەرەوە، ئەوەندەی کە نێگەتیڤانە بووە، پۆزەتیڤانە نەبووە. کەچی خۆشحاڵ دەبم فیلمێک لە شوێنێک نیشانبدرێ، بەڵام شتێک لە فیلم هەیە ئەو نیگاهی دەرهێنەرە، لە زۆر فیلمدا دەبینم دەرهێنەر ئەوەندەی بیری لە گیرفانی خۆی و خەڵات کردۆتەوە، ئەوەندە بیری لە ژانی کاراکتەرەکان و کۆمەڵگاکەی نەکردۆتەوە. ئەوە بە کێشە دادەنێم کە ئەوەش ماوەیەکە تێدەپەڕێ و دەڕوات، یانی ئەو شتە زۆر ئاساییە تێدەپەڕێ و دەڕوا، بەڵام دەڵێم باشترین تراولینگ لە فیلمە هۆلیودەکان و ئەورووپاییەکان هەمانە، باشترین جووڵەی کامێراو ئینارە لە فیلمەکانی ئەوان هەمانە، بە شێوەیەک کە کارەبای هەولێر دەبێ هەموو بۆ ئینارە ئیش بکا، ئێمە لە کوردستان زۆر کێشەمان هەیە، کە ناتوانین وەکو ئەوان ئیش بکەین و بڕیاریش نییە وەکو ئەوان ئیش بکەین، کە بڕیارە ئێمە زمانی سینەمایی خۆمان هەبێ.

سەیرکەن سینەمای ئەوان سینەمایەکە بە بەرجەستەکردنەوەی سێکس و توندوتیژی هۆلیۆد دەیانەوێ دنیا بچووک بکەنەوە، سینەمایەکە بانگهێشت بۆ ئاڵای ئەمریکا دەکا، سینەمایەکە دەیەوێ لەسەر دنیا کاریگەری خۆی دانێ و بڵێ ئەمریکا بەهێزترین وڵاتی دنیایە، ئەمریکا وایە و ئەمریکا وایە. من ئەوەی کە بۆ تۆی باس دەکەم ئێمە پێش ئەوەی بانگهێشت بۆ ئاڵا بکەین، دەبێ هەندێ پێشنیاز بگوزەرێنین بۆ مێژوویەک لە کارەسات، کە بەسەر ئێمە هاتووە و ئەوانە بگەیەنین، ئەو کارەساتانە هەمووی روانینی ئێستای پێویستە و دەبێ هەوڵیش بدەین زمانەکەش سینەمایی تر و بە جیهانیتری بکەینەوە، ئەوە ئەرکی سەرشانی هەمووماننە، سینەماش بە کەس و دوو کەس نییە، سینەما پێویستی بە خەڵکی زۆر هەیە و پێویستی بە جۆرەها دەرهێنەر و ژانر هەیە، بۆ نموونە لە سینەمای منداڵان چی کراوە بۆ منداڵانی کورد، چی کراوە لە ژانری کۆمیدیا، هیچ نەکراوە.. یانی دەبێ سیستەمێک دابمەزرێ کە هەر کەسە و شوێنی خۆی بدۆزێتەوە، من زۆر حەزم لێیە کاری کۆمیدیا بکەم بۆ میللەتێک، کە زۆر گریاوە و ئەشکەنجە دراوە، بۆ میللەتێک کە رۆحی چرنوکی لێگیراوە و ئەزیەتدراوە، بەڵام هەموو ئەوانە پشتگیری حکومەتی دەوێ، بۆ نموونە پێتدەڵێم تا ئێستا سینەماکارێکی سەربەخۆم، خۆم مایەم داناوە بۆ کارەکانی خۆم، ئەوانەی کە ئاگاداری ژیانمن، دەزانن کە چۆن ژیانم لەو رێگایە ناخۆش بووە.

*** بۆچی هونەرمەندی کورد بەردەوام هەژارە و دوای مردنیشی میراتەکەی یان قەرزارییە یان کیسەیەک دەرمانە؟**

– لەبەرئەوەی کۆمەڵگای تۆ کۆمەڵگای کڕیاری هونەری واقیعی نییە، ئێستا لە بواری گۆرانی هەندێ گۆرانیبێژ دەبینم عەزیز شارۆخی خەریکە دەمرێ لە برسان، کە لە ٢٠٠-٣٠٠ ساڵدا حەنجەرەیەکی وا یەکجار دێت، حەسەن زیرەک، تاهیر تۆفیق، عەلی مەردان ئەوە وەزعیانە و هیچیان نەبوونەتە خاوەنی ڤێلا و شت، ئێمە چونکە شتەکە بە پێویست نازانین، لەو وڵاتە خواردن و تکەی مریشک و بیرە و شتی تر بە پێویست دەزانرێ و ئامادەن پارە لەپێناو بە دەستهێنان و خواردن سەرف بکەن، بەڵام ئامادەنین لە پێناو بیستنی پارچە مۆسیقایەک و بینینی فیلمێکدا پلیتێکی (٥) هەزاری ببڕن، کاکە دەبێ کاری بۆ بکەین، دەبێ (هونەرمەند ژیانی خۆش مەحاڵە و هونەرمەند رەنجەڕۆیە) ئەوە تەواوبێ و دەبێ هونەرمەندیش وەکو هەموو کەسێک رێز و کەرامەتی هەبێ و پارێزراو بێ، لە راستیدا عەیبە بۆ کۆمەڵگای کوردی کە هونەرمەندی بە زەجرا بژی و لە هەلومەرجی ئابووری سەخت بژی، مەگەر ئێمە چەند هونەرمەندمان هەیە، لە کاتێکدا بێ هونەرەکان دەتوانن بە ریکلام بە تایبەتی لە بواری گۆرانی، خەڵکانێکمان هەیە گۆرانی دەڵێن، تەلەفزیۆنەکان و میدیاکان گەورەیان دەکەن، کە دوو ساڵی تر ناویشیان نامێنێ، بەڵام ئەوان دەبنە خاوەنی هەموو شتەکان و هەموو خەونەکان، لە کاتێکدا دوو ساڵی تر گوێیان لێ ناگیرێ، بەڵام تاهیر تۆفیق بەسەدان ساڵی تر هەر تاهیر تۆفیقە.

*** هونەرمەندانی کورد بەناو راوێژکارێکی هونەری سەرۆکی حکومەتیان هەیە، پێتوایە ئەو راوێژکارە چی بۆ سینەمای کوردی کردووە، چونکە وابزانم سینەماش بەشێکە لە هونەر؟**

– من ئاگاداری هیچ راوێژکارێک نیم، نازانم راوێژکاری هونەری و کاک نێچیرڤان چیان بۆ سینەما کردووە، هیوادارم رۆژێک لە رۆژان پیلانی کار و کارنامەی کاری بێتە دەرەوە سەبارەت بەم وەزیەتە، لەگەڵ خۆشەویستیم بۆ هەردووکیان، بەڵام بەراستی هیچ بەهرەمەند نەبووم لە یارمەتی ئەوان، ئەگەرچی هەردووکیشیان دەناسم و دەشزانن رەحیم باوی چەندە و رەحیم لەکوێدایە و سینەمای رەحیم سینەمایەکە لە دەرەوەی کۆمەڵگای کوردیش بڕیاری هەیە ئەوەش دەزانن، بەڵام هیچ جۆرە یارمەتییەک نەدراوم، هیوادارم سەرۆکی حکومەت کە سەرەتا بایەخێکی باشی بە سینەمادا ئەو بایەخەی بەردەوام بێ، تۆ وەکو کورد هیچ شتێکت نییە کە کورد دروستی کردبێ، تەنها شتێ کە خەریکە کورد دروستی دەکا سینەمایە، یانی تۆ شتێکت نییە بینێری بۆ دەرەوەی کۆمەڵگای کوردی، تەماتە و خەیارت لە وڵاتانی دراوسێ بۆ دێ، یانی هیچ شتێکت نییە، کڵاشی هەورامیت هەیە کەس لەپێی ناکات، شاڵە لە دەرەوەی کۆمەڵگای کوردی کەس لەبەری ناکا، هەموو شتەکان لە کۆمەڵگاکانی تر دێ و تۆ پارە دەدەیتە کۆمەڵگاکانی تر، تەنها شتێ کە خەریکە دروست دەبێ سینەمایە.

*** پێت وانییە لە سەرەتادا کە سەرۆکی حکومەت زۆر یارمەتی سینەمای دا، بەڵام چەند کەسێکی نە شارەزا لە سینەما ئەو هەلەیان قۆستەوە؟**

– ئەوە خەتایی سەرۆکی حکومەتە، ئەگەر هەڵەی کردووە لە هەڵبژاردندا رەنگە زۆر کەس بێ بڵێ من فڵانم یان فیسارم، کاکە شت دیارە خۆ ئێمە لە عەسری حەجەری ناژین، کەسێکی وەک رەحیمی زەبیحی دێ دەڵێ من فڵانم، تۆ بێ ئەوەی کە پێویست بکا گوێ لە قسەکانی بگرێ، رەحیمی زەبیحی بێ ئەنتەرنێت هەیە گوگڵێک لێ دەدەی و دەگەڕێی دەزانی ئەو مرۆڤە لە دنیادا باوی چەندە و چییە و چ کاری کردووە، ئەوە تەواوە بزانە رەنگدانەوەی کاری ئەو کورە لەسەر کۆمەڵگاکەی باوی چەندە و چەند کاریگەر بووە و بزانی ئەم مرۆڤە چەند پاسەوانە.

*** کەوایە دەمانهێنێتە سەر ئەوەی چ سەرۆکی حکومەت و چ وەزارەتی رۆشنبیری کەسی شیاویان لە شوێنی شیاو دانەناوە تاکو بەرهەمی شیاو بەرهەم بێت؟**

– کاکە یەک کێشەتان پێ بڵێم کە تۆ دەڵێی خەڵکانێکی زۆر بەناوی سینەماکار چوونە لای سەرۆکی حکومەت و بەناوی سینەماکار کاریان کردووە و پارەیان وەرگرتووە، من دەڵێم رەنگە ئەوە زۆر ئاسایی بێ، هەر کەسێ کە کورتە فیلمێکیشی دروست کردبێ و لە ستافی فیلمێک چایی دانابێ حەزبکا فیلمێک دروست بکا، بەڵام من دەڵێم ئەو مرۆڤە هەقیەتی حکومەت با یارمەتی بدات و خۆی تاقی بکاتەوە، بەڵام کەسێک هەیە باوی ١٠٠٠ دۆلار دەتوانێ و کەسێک هەیە ١٠ ملیۆن دۆلاری بۆ خەرج بکە بەزایەح، ناچێ لەبەرئەوەی دەبنە خاوەنی فیلمێکی باش، ئەوەیە کە من کێشەم هەیە لەگەڵیدا، من ناڵێم با پارە خەرج نەکرێت بۆ خەڵک و سینەماکار، نەخێر با پارە خەرج بکرێت هیچ کێشەیەک نییە، بەڵام کابرایەک هەیە دەیەوێ فیلم دروست بکا با بەڕێوەبەرایەتی سینەما هاوکاری بکا، بەڵام بایی ١٠٠٠ دۆلار، چونکە ئەگەر لە کیسمان چوو و فیلمەکە نەبووە فیلم ئەوە ١٠٠٠ دۆلارەکەمان چوو، نەک ١٠٠ هەزار و ٢٠٠ هەزار دۆلار، لێرە کەسەکە یەکەم کارییەتی ١ ملیۆن دۆلاری بۆ خەرج دەکەن، کاکە لە کوێی دنیا وایە، تۆ ١ ملیۆن خەرج دەکەی. دەی ئەوە نەبوو بەفیلم و ناشبێ بە فیلم، لەبەرئەوەی ئەو کەسە زمانەکە نازانێ، کێشەیە.

*** لەو بوون و نەبوونەی سینەمای کوردی، باس لە پیشەسازی سینەما دەکرێ، پێتوانییە جارێ زووە بۆ پیشەسازی سینەما؟**

– کورد بە ئەندازەی ١١٣ ساڵ لە بواری سینەما دواکەوتووە، پێموایە ئێستا کاتێکی لەبارو گونجاوە بۆ پیشەسازی سینەما، لە هەموو شوێنێک سینەما پیشەسازییە، پیشەیە دواجار هونەرە. پیشەیە و دواجار ئەو پیشەیە زمانەکە و روانینەکەی دەبێتە هونەر، زۆر زۆریش درەنگە پێموابوو دەبووایە زووتر خەریکی ئەوە بووینایە، بەڵام ئێمە خەڵکی پسپۆڕ و شارەزای دڵسۆزمان نییە، خەڵکمان هەیە رەنگە شارەزابێ و دڵسۆز نییە، خەڵکمان هەیە دڵسۆزە شارەزا نییە، ئێمە پێویستمان بە خەڵکانی دڵسۆزی شارەزایە بۆ ئەوەی بێ لە بواری سینەما ئەوکارە پیشەیی بکا، بۆ نموونە زۆر ئاسان دەتوانرێ ئەو کارە بکەین بە دانانی پلان، کێشەکە لەوەدایە دەست پێناکەین. دەبێ رۆژێک لە رۆژان دەست پێبکەین، جا ئەمساڵ دەست پێبکەین باشترە.

بەشی یەکەم

> کورد بە ئەندازەی ١١٣ ساڵ لە بواری سینەما دواکەوتووە، پێموایە ئێستا کاتێکی لەبارو گونجاوە بۆ پیشەسازی سینەما



رەحیمی زەبیحی - ٢٠٠٨

## حیکایەتی شار ... دەبابە خۆرەکان

**محەمەد کەریم نانەوا**

بەڵێ ئەرباب، هەر ڕێبوارێک دێت و دەگاتە جێ بنەو بارگەی لێ بە عاردی دەدات، کەسیشیان بێ گرفت نین هەر کەسەو بای خۆی خەمی لە کۆڵەخۆی هەڵداوە لە ژێریدا کوورا بووە تەوە، بێگومان بەم بارە کۆڵەوە هەر دەبێ یاغر یاغر ئەم ڕێگا سەختەو ئەو هەوراز و نشێوە ببڕێ..

وەلێ ئەوەی وای لێکردووە بەم کۆڵە بارە قورسەوە چۆک نەدات، هەست بە ماندووبوون و مشەقەت و زەحمەتی ڕێگا نەکات..! هیوایە، ئەم ڕێبوارانە بە هیواوە سەفەر دەکەن، بە هیواوە دەخەون، بە هیواوە یادەوەرییەکانیان دەنووسنەوە، بگرە بە هیواوە چاوەڕوانی ئاسۆو گزنگی بەرە بەیانی ڕۆژانی ئایندەن.

بەڵێ کاروانسەرایە. ئەوەی دێت و دەڕوا گلەیی و گازاندەی خۆی لێ بەگۆڕێ وەردەکات و دەڵێ:
ئەو فشەکەرانە لە شەوانی نووتەک و ئەنگوستە چاودا بە مەرج..!!
خوێی هەورامانیان تێبکەی ناوێرن، ئەسڵەن قەلەزراون، جورئەت ناکەن بە تەنێ بڕۆن بۆ گەڕەکی جاو لەبەران، یان بچن بۆ سەر دەستاو، کەچی لە شێنەیی ڕۆژانی ڕووناکدا وەکو کەڵەشێر ئاسا سینگ دەردەپەڕێنن و خۆیان بۆ پێشەوە ڕەپێش دەکەن، مەپرسە چۆن دەقووقێنن، ئەوەی نەیانناسێ دەڵێ: ئەوانەن دەبابە خۆرەکان. دەبابەکانی پاشماوەی عەسکەرتارییەتی بەعسی عەفلەتی لە داستانی"کۆڕێ"، جەنابیان تێکوپێکیان شکاندوون، بەڵێ لە ڕۆژانی ساماڵ، لە دیدارو چاوپێکەوتن و کۆڕو سیمینارەکاندا لە هوتێلی خانزاد و چوارچراو شێراتۆن و. تەنانەت لەسەر شاشەی"tv"ییەکانیش بایان لە پیاوانی ئاوقات بڕیوە، زمان لووس و زۆر بڵێن، بوار بە کەس نادەن بدوێ، وەستاکارن دەستێکی باڵایان هەس لەبواری مامڵەت و سەوداو بازرگانی پیشەسازی لە هەردوو توخمی "گورینگ و گوڵ".
چ بەتاک، چ بە کۆ لارییان نییە، گرنگ دەستکەوتی چەورو بەس.
هەڵبەتە لێ جاقی بوونە، گاڵتەیان بە نووسینۆکەی سەر رووپەڕی گۆڤارو ڕۆژنامەکان دێت.
هەر بۆ گاڵتەجاری چاو بە نووسینەکاندا دەخشێنن، دواتر لە پرمەی پێکەنین دەدەن دەحیلکێنەوە، هێند دەحیلکێنەوە هێندە دەحیلکێنەوە دەکەونە سەر گازەرای پشتێ، جاری وا هەیە دەبوورێنەوە، پاشان دەڵێن: ئەم هەتیوە پیس و چەپەڵانە بێتامیان کردووە، بەڵام با بڕۆن لە گوپی خۆیان بدەن، باوبڗ لە زگی خۆیان دەرکەن، نووسینەکانیان بکەن بە نووشتە لە ئاوییان هەڵکێشن، سبەینەو ئێوارە پاش نانخواردن دوو کەوچک بە کەوچکی چای لێ فربکەن، بەڵکو بۆیان دەبێتە شیڤاو بەهۆش دێنەوەو چیتر هوڕێنان ناکەن و دەحەسێنەوە.

# جەمال خەزنەدار: نزیکەی سێ هەزار ناونیشانی ڕۆژنامەو گۆڤاری کوردیم لەناوەوەو دەرەوەی کوردستان کۆکردۆتەوە

**جەمال خەزنەدار، لە ساڵانی پەنجاوە لە گۆڤاری (شەفەق)ەوە دەستی کردووە بە نووسین وخولیای ڕۆژنامەگەری کوردی بووە، چ ڕۆژنامەو گۆڤاری کوردی هەیە لە هەموو دنیایێ هەوڵی داوە کۆی بکاتەوە لە ئەرشیفخانەیەکی باش و ڕێک و پێک دایبنێ، بۆ ئەوەی نەتەوەی کورد سودی لێببینێت، لە دەرفەتێکدا لەمیانەی سەردانێکی بۆ دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان، ئەو دیدارە خنجیلانەمان لەگەڵی سازکرد**

**ئا: بەدرخان**

***مامۆستا کاتی منداڵیت چۆن بەسەربردووە؟**

– لە سەردەمی منداڵی من، ئەوکاتە لە هیچ ماڵێک کتێب و گۆڤارو ڕۆژنامە لە هەولێر نەبوو، کەچی لەماڵی ئێمە کتێبخانەیەک هەبوو، هەموو گۆڤارەکانی هاواری دیمەشقی ساڵی ١٩٣٠، ئەو گۆڤارو ڕۆژنامانەی، کە لە ئەستەنبوڵ و شوێنەکانی دیکە، لەڕێگای باوکمەوە کە ڕۆشنبیرێکی عوسمانی بوو، پێی ئاشنا دەبووین باوکم تورکی زانێکی زۆر باش بوو، هەوڵی دەدا ئەو شتانە بخوێنێتەوە، ئێمەش ئەو شتانەی کە دەهاتە بەر دەستمان، لە گۆڤار و ڕۆژنامە کۆنانەی هەتا ئەوانەی شام و هەتا گەلاوێژ، لەڕاستیدا بە گەلاوێژ بووینە ڕۆشنبیری ڕاستەقینە و خوێندەوار، کە لە نێوان ساڵانی (١٩٣٩_١٩٤٨) دەردەچوون، گەلاوێژ (١١٦) ژمارەی لێ دەرچووە هەموو ژمارەکانی گەلاوێژ لەماڵی ئێمە هەبووە، ڕەنگە تا ئێستا چەند بەرگێکی لە ئەرشیفخانەی ئێمە مابێت.

***ڕۆشنبیرو خوێندەوارو کەسانی هاوتەمەنت لەوکاتەدا کێ بوون؟**

–سەرەتا من مامۆستا عیزەدین فەیزی بە مامۆستای خۆم دەزانم ئەو ڕۆڵێکی یەکجار بەرچاوی لە قوتابخانەی هەولێری یەکەم (اولی) هەبوو، وانەی کوردی بەئێمە دەگوت کتێبەکانی شاکر فەتاحی دەهێنا، وانەی کوردیمان بەو وانانە دەخوێند، ئەو فێری دەکردین، ڕۆڵی مامۆستا عیزەدین فەیزی لەو سەردەمە قەت لەبیر ناکرێت، ئەوە دووەمیش کتێبخانەکەی ماڵی خۆمان بوو، هەرکاتێک هەستمان بەبێ کاری و دەست بەتاڵی بکردبا ئەو گۆڤارو ڕۆژنامانەمان دەخوێندەوە، دیوانی شاعیرە کوردییەکان، حاجی قادری کۆیی، شێخ ڕەزای تاڵەبانی، نالی، .......... بەو کتێبانە پەروەردە بووین.

***ئەی بیستومانە لە تەمەنی(١٢) ساڵیدا هەوڵی نووسینت بەزمانی ئینگلیزی داوە، ئەوە چۆن بووە؟**

–تازە فێری زمانی ئینگلیزی ببووم، کە لە پۆلی پێنجەم و شەشەم دەمانخوێند، مامۆستایەکی جوولەکەمان هەبوو، منی هان دەدا فێری زمانی ئینگلیزی بم، نەشرە (بڵاوکراوە)یەکمان دەرکرد بەناوی(cosel of Arbil) قەڵای هەولێر، کە مامۆستا داوای لەمن کرد لەسەر قەڵا بە ئینگلیزی بنووسم، منیش پێم گوت، من چۆن دەتوانم! ئەویش گوتی تۆ لەماڵەوە هەوڵ بدە بزانم چی دەکەیت، ئیدی لەماڵەوە چەند شتێکم لەسەر قەڵای هەولێر ڕێک خست، کەوا چۆن و کەی دروست کراوە هەندێ شتی دیکە سەبارەت بەقەڵا، ئەویش بەتەواوی ڕێکی خست و گوتی فەرموو بڕۆن تایتل و بابەتەکە بنووسنەوەو هەڵیواسن، ئەوە لە قوتابخانەی ئەربیل ئولا بوو، کە ئێستاکە خەریکن بیروخێنن، کەچی پێویستە بیکەنە مۆزەخانەو بۆ نەوەکانی داهاتوو بمێنێت.

***مامۆستا پێت نەگوتین هاو پۆلەکانت کێ بوون؟**

–پیربال مەحموودی شاعیر هاوپۆل بووین هەروەها جەوهەر غەمگین، کە دەمێکە نەمبینیوە.

***دەمانەوێت باسی گەنجێتی و عەشقی خۆتمان بۆ بکەی؟**

–من لەو بڕوایەدام مرۆڤ تا دوا هەناسە و تا دوا دڵۆپ خوێن لە لەشی مابێت، ئەگەر عاشق نەبێت مانای وایە مرۆڤ بۆ بژی، کەی ئەمە ژیانە!!

***بەواتای مرۆڤ دەبێت بەردەوام عاشق بێت؟**

–بەڵێ دەبێت عاشق بێت، خۆ عاشق هەر عاشقی کچ و ژن و نێرو مێ نییە، عەشق ...عەشقە، عەشقی وشە، عەشقی کتێب، عەشقی وڵات، عەشقی دایک.

***ئێمە مەبەستمان لە عەشقە ڕۆمانسییەکەیە؟**

–ئەگەر عەشقە ڕۆمانسیەکە نەبێت عەشقەکەی دیکە پەیدا نابێت، ئەوەیان هەوێنی عەشقەکانی دیکەیە.

***مامۆستا بە منداڵی شەڕت کردووە؟**

–ئەرێ وەڵڵا زۆر شەڕانگێزبووم.

***سەریان شکاندوی یان سەری خەڵکت شکاندووە؟**

–بەبۆنەی سەر شکاندن شتێکی زۆر خۆش هەیە بۆتان بگێرمەوە: دراوسێیەکی جوولەکەمان هەبوو، کوڕێکیان هەبوو، یەخەگیرم بوو گووتی: تۆ شەڕت بە خوشکم فرۆشتووە، بەو واتایەی من پەیوەندیم لەگەڵ خوشکەکەی هەیە، ئیدی ئەوە بوو بۆم هات، بەردێکی بەدەستەوە بوو بەردەکەی بۆم ڕاوەشاندو سەری شکاندم.

***ئەوە جوولەکە سەری تۆیان شکاند، ئەی تۆ سەری کێت شکاندووە؟**

–ئەوکەسەی کە سەری شکاندم ئێستا گەورەترین مۆسیقارە لە ئیسرائیل، ناوی (موشێ) بوو، لەڕادیۆی ئیسرائیل مەقاماتی عێراقی دەگووت.

***پەیوەندیت لەگەڵ ماوە؟**

–نەخێر پەیوەندیم لەگەڵی نەماوە، بەڵام لەڕێگای ئێزگەوە تا ناوەڕاستی نەوەدەکانیش گوێبیستی دەنگی دەبووم، گۆشەیەک لە ڕادیۆی ئیسرائیل بەناوی (اغانی عراقیە) هەبوو، ئەو (مۆشێ)یە لەوێ مەقاماتی دەگوت، بەنیاز بووم ئەگەر ڕێم بکەوتە ئیسرائیل سۆراغی بکەم، بەڵام تائێستا دەرفەت نەبووە.

***ئێوە مادەم دراوسێی جوولەکە بوون دەبێ زمانی ئەوانتان زانیبێت؟**

–نەخێر ئەو کاتە ئێمە منداڵ بووین هیچ فێرنەبووین، بەڵام دایک و باوکم ئەگەر شتێکی نهێنیان هەبووایە بیانوویستبایە ئێمە تێنەگەین، بەو زمانە قسەیان دەکرد. (بە پێکەنینەوە)

***دەسپێکی بڵاوکردنەوەت وەکو کتێب چی بوو؟**

–پێموابێ ڕابەری جووتیاران بووە.

***چ سەرو بەندێکت لەگەڵ جووتیاران هەبوو؟یان بڵێین بۆ جووتیاران؟**

–بەڕاستی من لەکاتی دامەزراندن و وەزیفە لەوەزارەتی کشتوکاڵ بووم، بەحوکمی ئەوەی لەوێ ئیشم دەکرد، هەوڵیان دەدا لە ڕاگەیاندنی وەزارەتی کشتوکاڵ کاربکەم من ئەم کارەم نەکرد، بەڵام دواتر فەرمانگەیەکی تازەیان دامەزراند بۆ جووتیارەکان من لە ڕۆشنبیری کوردی بووم، لەگەڵ (عوسمان فائق) نێوانمان تێکچوو، منیان بۆ ئەنجومەنی باڵای کشتوکاڵ گواستەوە، کە دکتۆر (ساماڵ مەجید فەرەج) لەوێ بوو، پێی گووتم ئێمە گۆڤارێک دەرەکەین بەناوی (الثورة الزراعیة). منیش گووتم : باشە من دێم کار دەکەم بەمەرجێک بەشە کوردییەکەی بەجیاواز (سەربەخۆ) بێت، ئەوە بوو (١٦) شازدە ژمارەمان لەگۆڤاری (شۆڕشی کشتوکاڵ) دەرکرد، من بەرپرسی ئەو گۆڤارە بووم .

***بێگومان ئەم گۆڤارە لەئەرشیفی بەڕێزتان پارێزراوە؟**

– بەڵێ، هەر (١٦) شازدە ژمارەی هەیە، ڕەنگە ژمارەی زیادیشم هەبێت پێشکەشتانی بکەم.

***مامۆستا ئەی ڕابەری ڕۆژنامەگەری کوردی؟**

–ڕابەری ڕۆژنامەگەری کوردی، چیرۆکی خۆی هەیە، کە من لێرە بۆتی دەگێرمەوە: لەوکاتەی بەیانی (١١ئاداری ساڵی١٩٧٠ درا)، لەلایەن شەهید سەیدا ساڵح یوسفی داوام لێکرا، کەوا بەڕێوەبەرایەتییەک بەناوی (بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری کوردی) دامەزراوە، کە سەر بەوەزارەتی ڕاگەیاندنە، بیبێتە ئەوێ، لەوێ کاربکەیت، ئیدی ئەوەبوو فەرمانی گواستنەوەم دەرچوو، بەبۆنەی یادی (٧٥)ساڵەی دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان لەساڵی (١٩٧٣)دا، داواکارییەکم بۆ بەڕێوەبەری گشتی خۆم بەرزکردەوە، ئەویش بەرزی کردەوە بۆ وەزیری ڕاگەیاندن، کە ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی گەورەی ڕۆشنبیری کوردییە، پێشانگایەک و فێستڤاڵێکی گەورە لە ڕۆژی ٢٢/نیسانی ١٩٧٣ ڕێک دەخەین، ئیدی وەزارەتی گەیاندن ڕەزامەندی نیشاندا، منیش ئەو ڕابەرەم لەڕۆژی کوردستان ئامادە کرد، لەم بۆنەیە لەگەڵ چەند پۆستەرێکشمان چاپ کرد، لەو دەرفەتە پرۆگرامێکی دوورو درێژمان ڕێکخست بۆ سیمینارو کۆڕو خەڵکێکی زۆریشمان داوەت کرد، هەروەها بڕیار بوو کەسانی شارەزاو پسپۆڕانی کوردیش ئامادەبن، بەڵام هەر دوو سێ ڕۆژ پێش بۆنەو یادەکە، وەزیری ڕاگەیاندن ئاگاداری کردینەوە، ئەگەر پێشانگاش دەکەنەوە، دەبێ تەنیا ئەو گۆڤارو ڕۆژنامانەی، کە لە کوردستانی عێراق بڵاوبوونەتەوە، ئەوانە نیشان بدەن، نەک ئەوانەی دەرەوە، بەواتا پارچەکانی دیکە، ئێمە گوتمان بۆنەکە (٧٥) ساڵەی یەکەم ڕۆژنامەی کوردییە، ئەویش لێرە دەرنەچووە، بەو واتایەی لەدەرەوە، لە قاهیرە یان لە شوێنی دیکە دەرچووە، کەواتە نابێت ئێمە یادەکەمان بکەینەوە، ئەمە پێش پێگرتنە، ئیدی بەڕێوەبەری گشتیش گوتی: کەوابێ ئەگەر ئێمە ئەوانە نیشانی خەڵکی نەدەین، ناکرێ، کەوابوو ئێمە هیچمان نەکردووە، بەم شێوەیە کارەکەمان سەری نەگرت، بەڵام ئەو شتانەی چاپمان کردبوون بڵاومان کردنەوە، کە یەکێک لەکارەکانیش لەچاپدانی(١٠)دە هەزار دانەی یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی (کوردستان) بوو.

***دواتر چۆن(ڕۆژی کوردستان)تان لەچاپ دایەوە؟**

–وەک لەپێشتر باسمان کرد، ئەو لە ئەرشیفی ماڵەوەمان هەبوو، بەڵام هەندێک ژمارەمان نەبوو، چووم لەسلێمانی و لەمۆزەخانەی سلێمانی ژمارەکانم دەست خست و بەسەر یەکەوە بڵاوم کردەوە.

***ئەوەی جەمال خەزنەدار پێی ناسراوە، خاوەنی ئەرشیفخانەیەکی گەورەی، لە بەغداش وەک بزانین مەترسی بۆ پەیدابوو، ئەمڕۆ ئەرشیفەکە لەچیدایە؟ ئایا لەبەغداوە گواستراوە کوردستان؟**

–بڕیار وابوو لێرە لە هەولێر، ئەرشیفخانەکە سەنتەرێکی بۆ بکرێتەوە و بخرێتە ناو ئەوسەنتەرە، باڵەخانەیەکی تایبەتیشی هەبێت، بەڵام تاوەکو ئێستا ئەوە سەری نەگرتووە، تەنیا ئەوە نەبێت وەزیری ڕۆشنبیری (سامی شۆڕش)، لەساڵی (٢٠٠٦)پێی ڕاگەیاندین، کەوا حکومەت حەز دەکات ئەو شتە بکرێت، بۆئەوەی ببێتە بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی لەوەزارەتی ڕۆشنبیری، تۆش وەک بەڕێوەبەری گشتی دادەمەزرێنین کارەکانی بەڕێوەببە، منیش گوتم: ئەوە ڕێکخراوە، ئەو ڕێکخراوە دەستەی بەڕێوەبەرمان هەیە، ڕاستە من بەڕێوەبەریمە، بەڵام من هەروا ڕازی نابین، چونکە کە بووە بەشێک لە حکومەت، ئەوە نییە دەمانەوێ، کاتی خۆی بڕیاری حکومەتی هەرێمی کوردستان وابوو سەبارەت بەئێمە وەکو کۆمەڵەیەکی ڕۆشنبیری و مەدەنی بمێنێتەوە، ئێوەش پاڵپشتیمان بکەن بۆ سەرخستنی و پێشخستنی ئەو کۆمەڵەیە.

***مامۆستا لەبەغدا دەستی تاڵان گەیشتۆتە ئەو ئەرشیفخانەیە ؟**

–لەڕاستیدا هەندێک شت بەرشاڵاوی تاڵان کەوتوون، بەڵام تا ئێستاش نازانم چەند شتە سەرەکییەکان دزراون یان نا.

***بەتەواوی گەیشتۆتە هەولێر؟**

–بەڵێ، ئەوەی ماوە لە هەولێرە.

***مادام ئەو هەموو شتە نایاب و شتە دەگمەنە لای بەڕێزتان هەبن، هەڵبەتە لەدەستدانی، تەواوی نەتەوەکەمانە و کتێبخانەی کوردی زیانی لێدەکەوێت، لەکاتی خۆی هەوڵت نەداوە ئەو ئەرشیفخانەیە لەلای دەسەڵاتی کوردییەوە دەرباز بکرێت بۆکوردستان؟**

–بەڵێ، پێش ڕووخانی ڕژێم سەدام هەوڵدراوە، کە ئەم ئەرشیفخانەیە بگوازرێتەوە، بەڵام نەکراوە لەبەر هۆکاری تایبەتی ماڵەکەی ئێمە.

***دەسەڵاتی کوردی بەدەنگتەوە نەهات؟**

–با بەدەنگمەوە هاتن، ئەوان گوتیان بەهەر شێوەیەک بێ بەپارە بە چ شتێک دەتەوێ، ئێمە ئامادەین.

***ئەوسەنتەرەی بەنیازی، سەنتەری ئەرشیف و لێکۆڵینەوەی کوردی، بەکوێ گەیشت؟**

–ئێمە لە نێو ئەم سەنتەرە پرۆژەیەکمان هەیە، ئەو نزیکەی (١٥_٢٠) ساڵە خەریکن و کاری لەسەر دەکەم، نزیکەی سێ هەزار نموونە ڕۆژنامەو گۆڤاری کوردی لەهەموو کوردستان کۆکراوەتەوە.

*** لە هەرچوار پارچەی کوردستان؟**

–بەڵێ، تەنانەت لە ئەوروپاو هەندەرانیش، هەرچی بەکوردی دەرچووبێت ئێستا ئێمە پیتی (الف)مان ئامادەکردووە بریتیە لە (٢٣٨)گۆڤارو ڕۆژنامەو بڵاوکراوە، دەمانەوێت ئەوە بەبەرگێک بڵاو بکەینەوە وەک بەرکوڵێک بۆ ئەو پرۆژەیە.

***پێت وایە دەستت بە تەواوی بڵاوکراوەکانی کوردی ڕاگەیشت بێت؟**

–لەو بڕوایە دام (٩٥٪)م دەست خستووە.

***بەوانەی لەشاخیش دەرچوون؟**

–بەوانیشەوە.

***دەکرێ ئەو پرۆژەیە بەهاوبەشی بکرێت؟**

–من ئامادەم هەر دەزگایەک بیەوێ.

***دەزگای بەدرخان بەشانازییەوە ئەو ئەرکە لەئەستۆی خۆی دەگرێت؟**

–منیش سوپاستان دەکەم.

***گرفتی بڵاوکراوەکان؟**

–هەندێک لەو ڕۆژنامەو گۆڤارانە گرفتیان هەیە، بۆیە بەنیازم فۆتۆکۆپی ژمارە(١)ی لێ بڵاوکەمەوە، ئەوە هەر بیبلۆگرافیاش نییە، مێژوشی لەگەڵە.

***دەکرێ پیتی (الف)بدرێتە توێژەرەو شارەزایەک بتوانێت لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی لەسەر بنووسێت؟**

– بۆنا، لەجێی خۆیەتی– گۆڤارێک دەردەچێت بەناوی (کوردستان هۆیت)، واتە(کوردستانی ئەمڕۆ) بەزمانی ئەڵمانی دەردەچێ، هەموو ئەو بابەت و نووسینانەی بڵاوی دەکاتەوە سەبارەت بەکوردە.

***بەو مانایەی هەر ڕۆژنامەی کوردی نییە، بەڵکو هەر بڵاوکراوەیەک کەبابەت و نووسینی سەبارەت بەکوردو پرسی نەتەوەی کورد نووسیبێت، ئێوە هەوڵتان داوە دەستی بخەن و کۆی بکەنەوە.**

–من بە ڕۆژنامەگەری کوردی حیسابی بۆ دەکەم، بابەزمانی کوردیش نەنووسرابێت، یان بۆ نموونە لە ئێران ڕۆژنامە زۆرە بەفارسی دەردەچێت، لەسەری نووسراوە (ئاسۆ) یان (ئاگر) یان ( ئاشتی)، ئەوە دەچێتە قاڵبی ڕۆژنامەگەری کوردی، ناتوانم دەری بکەم، هەرچەندە گفتوگۆ و دیالۆگم لەگەڵ زۆر کەسدا کردووە، ڕاستە ئەوە زمانی نووسینی کوردی نییە، بەڵام لەخزمەت زمان و ڕۆژنامەگەری و نەتەوەی کورد دایە.

***مامۆستا زۆر پرۆژە هەبووە بە ئەلف بێی کوردی دەرچووە و چەند بەرگێکی لێ دەرچووە و دواتر تەواونەکراوەو بەئاکام نەگەیشتووە، تۆپێت وایە ئەو پرۆژە ئەرشیفیە هەموو پیتەکانی هەیە تا کۆتایی؟**

–من هەموو پیتەکانم کردووە تا کۆتایی، بەڵام تەنها نووسینەوەی ماوە.

***ئێستا پیتی ئەلف کۆتایی پێهاتووە؟**

–بەڵێ تەواو بوو کێشەم لە سەر (١٨_١٩) ناو هەیە، ئەوەش بڕیارم داوە بۆ نموونە یەک لەوانە (ئارارات)ە، کەچەند سەرچاوەیەکم بەدەستەوەیە دەڵێن لەساڵی (١٩٥٤) لەمەهاباد دەرچووە، بەناوی (ئارارات)، ئەگەر ئەم گۆڤارەم دەست نەکەوێتە فۆتۆکۆپی بڵاوناکەمەوە، من بەپێی ئەو سەرچاوانەی کەباسیان لێکردووە، دەینووسمەوە، دواتریش نیشانەی پرسیارێک دادەنێم و وەڵامەکەی بۆ دوارۆژی ڕۆژنامەگەری کوردی جێ دێڵم.

***ئەو گیرو گرفتانەی لەو کارەت پێشگرو کێشەیان بۆ دروست کردوویت چین؟**

–گرفتی من تاوەکو ئێستا لەلایەنە ماددییەکەیە، چونکە بەپارە زۆر شت دەکرێت، لەڕاستیدا من بەشداری لەکڕینی زۆربەی گۆڤارو ڕۆژنامەکان دەکەم، بەڵام ئەوە لەتوانای تاکەکسێکدا نییە، تەواوی بڵاوکراوە کوردییەکان بکرێت، کە دەبێت سەنتەرێکی تایبەت بێت بە ئەرشیفی ڕۆژنامەگەری کوردی هەموو ئەو شتانەی هەبێت، من بەهۆی پەیوەندی و ئاشنایەتی و هاتووچۆوە سەردانی دەزگاکان و سەنتەرەکان دەکەم بۆدەست خستنی ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانە.

***لەکاتێکدا زۆر جار دەبینین پارەو پووڵێکی زۆر بۆکاری پرۆژەی بێ کەڵک بەهەدەر دەدرێت، کەچی بەڕێزت بۆکارێکی وا پیرۆز دەگەڕێیت و دەرۆزەی ڕۆشنبیری بۆ ئەرشیفی ڕۆژنامەگەری کوردی دەکەیت، قسەت لەم بارەیەوە چییە؟**

–وەڵڵا زۆر دەرۆزەم کردووە.

***من ڕێزم بۆ جەنابت هەیە، دەرۆزە بەو مانایە نا، کە تۆ دەستت پان بکەیتەوە، بەڵکو مەبەستم ئەوەیە تۆ ئامادەی بۆکارێکی وا پیرۆز لەدەرگای خەڵک و سەنتەر و ڕێکخراوەکان بدەیت؟**

–بەڵێ بەشانازییەوە، من ئێستاش ئامادەم ئەوەش دەمێنێتەوە سەر دەسەڵات و سەرمایەداران و بەرپرسان چەند خزمەت بە ڕۆشنبیری و پرۆژە و کاری لەم جۆرە دەکەن.

***مامۆستا سەرەتا خزمەتی ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەگەری کوردی لەتاک و هەندێک ناو دەستی پێکردووە، بێماندووبوون و بێ بەرامبەر (بەدرخانییەکان، پیرەمێرد، حوزنی، گیوی موکریانی،....) لەکاتێکدا ڕەنگە خەڵکانێک هەبن ئەمڕۆ بتوانن کارو پرۆژەی زۆر لەچاپخانەو دەزگایەکی چاپەمەنی گەورەتر بکەن، ئەگەر بە هوشیاری و کارێکی بازرگانییەوە بیکات بتوانێ قازانجیش بکات. لەم بارەیەوە چی دەڵێیت؟**

–ئەمە دەکەوێتە سەر هۆشیاری کۆمەڵگاو نەتەوەکەمان و هۆشیاری دەوڵەمەندو گەورە ڕۆشنبیرانی کورد، چەند هۆشیاریان هەیە بەرامبەر پێشخستنی بزاڤی ڕۆشنبیری کوردی. با قسەیەکی دیکەش بکەین، من هیچ کاتێک دژی حزبایەتی نیم، بەڵام ئەگەر ئێستا حزبی بام ئەوا حزبە دەسەڵاتدارەکان هاریکاریان دەکردم و پرۆژەکەیان دەقۆستمەوە، دەیان کرد بە تانجێک بەسەر سەری خۆیانەوە، چونکە ئەم کارانەی منیش کردوومە پێشتر هەر شانازی و تاجێکە بۆسەری ئەوان و نەتەوەکەمان.

***مامۆستا لە تەوەرێکی دیکە، لەکەیەوە بەغدات جێهێشت و ڕووتکردە ئەوروپا و ئەو سەنتەرەتان لەئەڵمانیا پێکەوە نا؟**

–بەراستی ئێمە ئەو سەنتەرەمان لە ئەرشیف و لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەگەری کوردی لەو ڕۆژەوە داناوە، کە یەکەمین ڕۆژنامەی کودستان لە ٢٢/نیسانی ١٩٦٨ بۆیەکەمین جار فۆتۆکۆپی ژمارە (١)ی (ڕۆژنامەی کوردستان) لە ٢٢/نیسانی ١٩٦٨ بڵاوکراوە ئێمە پێشتر نەمانبینیبوو.

***کێ بڵاوی کردەوە؟**

–دکتۆر مارف خەزنەدار بڵاوی کردەوە.

***لەکوێوە دەستی کەوت؟**

– لە ئەرشیفی ڕۆژهەڵاتناسێک لە لینینگراد دۆزییەوە، وتارێکی لە ڕۆژنامەی (برایی) بڵاوکردەوە، ئیتر دەستمان کردە ڕێکخستنی ئەو ئەرشیفخانەیە، ئیدی لەیادی یۆبیلی (٧٥) ساڵەی ڕۆژنامەی کوردستان لەساڵی (١٩٧٣) بیرمان لێکردەوە بیکەینەوە، لەساڵی (١٩٦٨)ەوە دەستم پێکرد بەردەوام بووم لەکۆکردنەوەی ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارو بڵاوکراوانە تا ئەوانەی لە شاخیش دەرچوون، هەندێکیان لەماڵی خۆم لەبەغدا پێم دەگەیشت ئێستاش لە ئەرشیفخانەکە ماون و پاراستوومن، لەساڵی (١٩٩٦)دا من هەستم کرد حزبی بەعس دەیەوێ من بکوژێ، نافع عەقراوی سەرۆکی یەکێتی نوسەرانی کورد شەو لەماڵی من بوو، سبەینێ لەماڵی من ڕۆیشت چووە موسڵ، لە موسڵەوە دەهاتە هەولێر، لەو ڕێگایە تیرۆر کرا، لەبەغدا دکتۆر بەدرخان سندی چلەی بۆکرد، لەو چلەیەی من شیعرێکم خوێندەوە، عەبدوڵڵا عەباس گوتی: (وەڵڵا جەمال خەزنەدار لەبنی کودی دایە). حیزبی بەعس نافع عەقراوی ڕاسپاردبوو، پاش ئەوە من هەستم بەو شتە کرد. لەبەغدا دکتۆر حوسێن قادر عەزیز هەیە کابرایەکی کوردە و شیوعییە، بەخۆی نەخۆش بوو ژەهریان دەرخوارد دا، بەماوەی هەفتەیەک کوشتیان. مستەفا نەریمان ژەهریان دەرخوارد دا، هەرچەندە بۆ ئەوان کاری دەکرد.

***واتە مستەفا نەریمانیش بەعس کوشتی؟**

–بەڵێ مستەفا نەریمانیش بەعس ژەهری دەرخوارد دا، زۆر کەسی دیکەش هەیە ئەوە مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی لەهەموو لایەک ڕوونە، بەفیتی بەعس کوژرا. ئیدی ناچار منیش ڕووم کردە ئەڵمانیا.

***لەئەڵمانیادا چۆن ئەو بیرە سەری هەڵدا؟**

–لەئەڵمانیا دووبارە لە ٢٢/نیسانی ساڵی ١٩٩٧ ئەو سەنتەرەم دامەزراندەوە، وەک ڕێکخراوێکی ڕۆشنبیری کوردی بەڕەزامەندی حکومەتی ئەڵمانیا.

***لەوێ بەچییەوە خەریکن؟**

– لەوێ ئێمە هەموو ساڵێک چالاکی جۆراو جۆر دەکەین، بەتایبەتی چالاکییەکانی بیرەوەری ڕۆژنامەگەری کوردی، هەڵبەتە هەر ساڵەو داوەتی کۆمەڵێک شارەزاو کۆمەڵێک پرۆفیسۆرو ڕۆژنامەنووسی ناودارمان کردووە و لەگەڵ ئێمە بەشداربوون، ساڵانە بەلای کەم (٤–٥) چالاکی ئەنجام دەدەین و لەسەر کارەکانمان بەردەوامین.

***ئەندامانی ئەنجومەنی ئەم ڕێکخراوە کێن؟**

– دەستەی بەڕێوەبەری ئەم ئەنجوومەنە بریتین لە: جەمال خەزنەدار، دکتۆر سەروەر عەبدوڵڵا، دکتۆر ئەکرەم خامۆش، ئەدیب چەرچی، خالید شەیدا، دکتۆر ئەسعەد ڕەشیدی، کەریم گەرمیانی.

***ڕات سەبارەت بەکارو چالاکیەکانی بەدرخان لەبواری ڕۆژنامەگەری کوردی، کە ئەوە هەشت ساڵە، هەموو ساڵێک فیستڤاڵێک سازدەکات؟**

–دەزگای بەدرخان وەک دەزگایەکی ڕۆشنبیری جێگای شانازییە کە بەو چالاکییانەی ئەنجامی دەدات خزمەتێکە بە بزاڤی ڕۆشبیری کوردی، بەڵام من پێم باشە لەمەودوا ئەم چالاکییانە بخرێتە (٥ یان ١٠) ساڵ جارێک بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی چاک و شتی تازە خۆی بۆ ئامادە بکەین و چالاکییەکان ئەنجام بدەین.

***چۆن کاتی خۆی بەڕێزتان بانگی کوردستان و ڕۆژی کوردستانتان ئامادەکردووە، ئێمەش وەکو دەزگای بەدرخان بەهاوبەشی لەگەڵ دەزگای ئاراس وەک پرۆژەیەکی هاوبەش هەموو بڵاوکراوەکانی ژێکاف و کۆماری کوردستانمان لەدوو توێی کتێبێکدا کۆکردووە، چۆن دەڕوانیتە ئەم جۆرە کارانە؟**

–من کتێبەکەم چاو پێکەوت، پرۆژەیەکە وەکو تاجێکی زێرینە بەسەر بزاڤی ڕۆشنبیری کوردییەوە، ئەو کارەی، کە ئێوە کردووتانە کارێکی گەلێک مەزن و پڕ بەهایە.

***پرۆژەیەکی دیکەی بەدرخان ئەوەیە لەگەڵ عبدوڵڵا زەنگەنە، (کوردستان) هەردوو دەورەکەی، دەوری یەکەم و سێیەممان هێنایتە سەر ڕێنووس و ئەلف و بێی کوردی، خەریکین تەواوی بکەین و چاپ و بڵاوی بکەینەوە؟**

–ئەوەشیان کارێکی گەورەو پیرۆزە، ئیشێکی زۆر گرنگ وڕێکوپێکتان ئەنجامداوە، ئەمە ئاسانکارییەکی زۆر باشتان بۆ ئەوانە کردووە، کەخەریکی مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردین یان لەداهاتوو کاری لەسەردەکەن.

***کارێکی هەرە گەورەش دەزگای بەدرخان بەدەستییەوەیە ئینسکلۆپیدیای هەولێرە، لەم بارەیەوە بەڕێزتان چی دەڵێن؟**

–هەرچەندە ئێمەی کورد، بزاڤی ڕۆشنبیریمان لەئاستی پێشکەوتوو دایە، بۆیە دەبوایە زۆر زووتر، دە ساڵ پێش ئێستا ئەو پرۆژەیە جێبەجێ بکرێت، ئێستاش ئەوەی ئەو پرۆژەیە ئەنجام دەدات لەمێژووی کورد جێگایەکی مەزن بۆخۆی داگیر دەکات.

***وەک براو برادەر لەگەڵ دکتۆر مارف ئەگەر شتێکمان بۆ باس بکەیت، بەیەکەوە تەبابوون؟**

–لەگەڵ دکتۆر مارف تەبابووین، وەک بۆچوونی خۆشم دکتۆر مارف زۆر بەلای پەیوەندی کۆمەڵایەتییەوە نییە، پەیوەندیەکانی تەنیا ڕۆشنبیری و ئەدەبین، بەبۆچوونی من پێویستە مرۆڤ لەئاستی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەش بێت، خۆ ژیان هەر ئەدەب و ڕۆشنبیری نییە، دکتۆر لەپەیوەندیدا جۆرێکە، ئەوەی دکتۆر نەناسێت، دکتۆر مارف بەکەسایەتییەکی باش نایێتە بەرچاو هەتا لە نزیکەوە نەی ناسن نازانن چۆنە.

***دووساڵ دەرسی پێگووتم من باش دەیناسم؟**

–بەڵێ وایە کە تێکەڵی بیت زیاتر لێ نزیک دەبیتەوە.

***مامۆستا خۆشەویستترین شت لەبڵاوکراوانەی دەرچووە پاراستووتە کامەیە؟**

– پرسیارێکی زۆر سەیرە، بەڵام ئەوەی زۆر خۆشمدەویست، پاشی بڵاوبوونەوەی خۆشەویستییەکەی نەما، ئەویش ئەو سێ ژمارەی (ڕۆژی کورد)ە بوو، کە کاتی خۆی لەگەڵ دکتۆر کەمال مەزهەر پێم دادەگرت لەسەر ئەوەی، من دەمگوت ژمارە(٤)ی دەرنەچووە، ئەوانەم زۆر لاخۆشەویستبوو، هەروەها ئەو ژمارەی گۆڤارەی شەفەق، کە پاراستوومە لەلای خۆم کاری تێکردووومە، بەخۆم ئاگام لە (ئەلفی هەتا بێی). هەیە.



جەمال خەزنەدار - هەولێر ٢٠٠٨

# (نادیە)ی گوڵ فرۆش و میللەتێکی بێ گۆڕستان


نادیەی گوڵ فرۆش

* بەدرخان- لوبنان
لە وڵاتی لوبنان یا"شەوانی سوور"پڕییەتی لە شتی جوان و سەرنجڕاکێش، تێکەڵیەکی زۆر عەجیب هەیە، "موسڵمان، مەسیحی، جوولەکە، مارۆنی، کورد، ئەرمەنی، شیعە، سوونی، دورزی و...هتد". یەکێ لە شەوانی شەقامی "حەمرا" ٢٠٠٨/١١/٢٨ لە گازینۆی"ستاربکس"بەدەم قاوە خواردنەوەو قسەکردن لەگەڵ سەرۆکی حیزبی رزگاری کوردی لوبنان"مەحموود فەتاح"و"د. عەبدوڵڵا عەلیاوەیی، ئەندامی پەرلەمانی عێراق و د. عەلی"ئەبو غازی" و سمکۆ شێرەو محەمەد کوردی و حەمید بەدرخان. ژنێکی فریشتە ئاسا، کە تەمەنی ٨٠ ساڵ دەبوو، بەدەر لە کچە جوان و نەشمیل و بەلەنگازەکانی لوبنانی و میللەتانی دیکە، لە شەقامە جوان و پاک و خاوێنەکانی ئەوێ هەریەکەو چیرۆک و خەمی خۆی هەیە، هەموویان دوو دوو قسە لەسەر"ژیان، گوزەران، ژیاندۆستی، ژیانخۆشی" و دنیای نوێ بۆ کۆمەڵگای مەدەنی و شەوانی سووری شەقامی حەمرایان دەکرد، بەدەم قسەکردنەکانیان و قسە کردنمان لەناکاو ژنێکی قژ سپی فریشتە ئاسای مریەمی، کۆڵێک گوڵی بەدەستەوە بوو، لەنێو سەبەتەیەکی دروستکراوی دەستکردی داردا و بەدەستەکەی دیکەشیدا تاقە گوڵێکی هەڵگرتبوو، هەر زوو زوو ئەو ژنە سەرنجی منی بۆ لای خۆی راکێشاو ناچاری کردم بەدوایدا بچم و پرسیاری لێبکەم، بەڵام لەهەمان کاتیشدا سمکۆ شێرە بەدەم کامێراکەیەوە، کە دیاربوو سەرنجی ئەویشی راکێشابوو، وێنەی گرت.. منیش دەمویست و دەمخواست چۆن بیدوێنم و قسەی لەگەڵدا بکەم، هەر چۆنێ بوو، کەوتمە قسەکردن و پرسیار لێکردن.

* چۆنی؟
– زۆر باشم.
* گوڵ دەفرۆشی؟
– بەڵێ.
* بەچەند؟
– بە"١٠٠٠"لیرەی لوبنانی.
* ناوت چییە؟
– ناوی منت بۆ چییە؟
* بۆ ئەوەمە بزانم بەو تەمەنە بۆ گوڵ دەفرۆشی؟
- تۆ رۆژنامەنووسی؟
* بەڵێ، رۆژنامەنووسم.
– لەکوێ دەژیت؟
* عێراق- کوردستان- ئەربیل.
– باشە ناوم"نادیە عەبود هیرناندز"ە.
* تەمەنت چەندە؟
– لەسەرووی "٧٥"ساڵییەوە.
* خەڵکی کوێی؟
– من لوبنانیم و مەسیحیم.
* بۆ ئەوکارە جوانە دەکەیت؟
– چونکە مێردەکەم نەخۆشە.
* تۆ هەقی ئەوەتە لەماڵەوە پشوو بدەیت؟
–ژیان گرانە، ناکرێ دابنیشم، مێردەکەم نەخۆشەو خۆشمدەوێ، گوڵ جوانترین دیارییە، ئەوە گوڵی رووەکی جوانە، پلاستیک نییە، گوڵ بۆ کەسێکی باش و خراپ دەبێ، گوڵ خاڵی هاوبەشی مرۆڤ و مرۆڤایەتییە؟
منیش چاوەکانم پڕ ببوو لەگریان و بەقسەکانی نادیە خانم خەیاڵم رۆیشتبوو بۆ ئەو تیاترۆخانەو ئەو شوێنانەی کە مرۆڤ تێیدا هیچ بایەخێکی نییە، بەدەم بۆنکردنی گوڵەکەی نادیە خانم هەموو دنیای مرۆڤایەتیم بۆنکرد، بە گوڵەکەی نادیە ئەو کوردانەی لوبنانیشم ماچ کردو بۆن کرد.. لە نەتەوەیەکن و گۆڕستا نێکیان نییە.

# مامۆستا ویداد خالیس باس لە رەوشی پەروەردەی ئێستا دەکا

ئا: بەدرخان

ویداد خالیس رەشید لە ساڵی ١٩٤٢ لەشاری هەولێر لەدایکبووە و دەرچووی بەشی بایەلۆجییە لەکۆلیژی پەروەردەی زانکۆی بەغدا و وەکو مامۆستاله شارەکانی (رومادی، بەغدا، کەرکووک، هەولێر) وانەی گوتۆتەوە و لە ساڵی ١٩٧٤ بەشداری شۆرشی کردووە لە گەڵاڵە و چۆمان و مەهاباد وانەی گوتۆتەوە. لە ساڵی ١٩٨٦ چۆتە ئەوروپا، لە پاشان بۆ ماوەی دوو ساڵ بەشداریکردووە لە پرۆسەی پێشخستنی خوێندن لە شاری هەولێر، لە ساڵی ٢٠٠٤ بۆتە ئەندامی ئەنجوومەنی نیشتمانی عێراق لەسەر لیستی هاوپەیمانی کوردستان.

مامۆستا ویداد وەکو مامۆستا لە ڤیەننا وانەی گوتۆتەوە، سەبارەت بەمرۆی رەوشی پەروەردە ئەو دیدارەمان لەگەڵی سازکرد.

لە سەرەتای دیدارەکە مامۆستا ویداد باسی لە گۆڕینی هەر پرۆگرامێک کرد و گوتی: ئایینی زەردەشتی لە کۆندا کورد و فارس و پاکستانی و هیندی دەگرتەوە، ئەوانە باوەڕیان بە خوا هەبوو، کاتێک خەڵکەکە بتیان دەپەرست، ئەوان لە شوێنی بت هەتاویان دەپەرست، چونکە سەرچاوەی رووناکی و ژیانە، پیاوە گەورەکانیان زۆر زیرەک بوون، جلی کوردی سێ گرێی تێدایە ئەوە لە زەردەشتییەکان بۆمان ماوەتەوە، گرێی یەکەم مانای هاتنی بیرۆکەیە، گرێی دووەم مانای پلان دانانە بۆ ئەو بیرۆکەیە، گرێی سێیەم کارکردنە بۆ بە ئەنجامگەیاندنی ئەو بیرۆکەیە، ئەوجا ئەگەر ئێمە هەموو شتێکمان ئاوا بایە قەت شکستمان نەدەهێنا لە هەموو بوارێکی ژیاندا، چ کۆمەڵایەتی بێ چ سیاسی بێ، چ ئابووری بێ، چ سیستەمی تازەی خوێندن بێ.

مامۆستا ویداد باس لە گەڕانەوەی خۆی لە ڤیەنناوە بۆ کوردستان دەکا و دەڵێ: من بە رەسمی لەلایەن د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح و نەرمین عوسمان داوام لێکرا بگەڕێمەوە کوردستان تا هاوکاریان بم لە گۆڕینی پرۆسەی خوێندن، ئەوەبوو گەڕامەوە سلێمانی و دواتر داوام کرد کە بگەڕێمەوە هەولێر و خزمەتی ئەوشارە بکەم، ئەوەبوو هاتمەوە هەولێر و پەیوەندیم بە عەبدولعەزیز تەیب کرد، کە ئەوکات وەزیری پەروەردە بوو، ئەویش زۆری پێخۆش بوو، پرۆژەکەی منی زۆر بەدڵ بوو ئەوەبوو دوای ئەوە دامەزرام و سەرپەرشتی قوتابخانەکانی هەولێرم دەکرد، لە پرۆسەی خوێندنی ئەو شارە بەشداریم کرد.

مامۆستا ویداد باس لە پۆلەکانی خوێندن لە ئەوروپا دەکا و دەڵێ: پۆلەکان لە (١٥) قوتابی زیاتر نینە، بەمەرجێک لە مامۆستایەک زیاتر لەپۆل هەیە، مامۆستای بابەتی وانەکە شەرح دەکا، یەک دوو مامۆستای تر سەرپەرشتی قوتابییەکان دەکەن، بە تایبەتی لە زمانەکان و وانە زانستییەکان، ئەگەر هەندێ قوتابی لەو بابەتە تێنەگەیشتن یەک لەو دوو مامۆستایەی تر ئەو قوتابییە دەباتە ژوورێکی تر تا تێیان نەگەیەنێ نایەتە دەرەوە، لەوێ زۆریش بایەخ بە گەشتی قوتابییەکان بۆ کارگە و باخچە و مۆزەخانەی سروشتی و مێژوویی دراوە، هەر قوتابییە و راپۆرتی خۆی لەسەر ئەو گەشتانە دەنووسێ هەتا لە قۆناغی سەرەتاییش و لەرێگاوبان راپرسی دەکەن لەسەر بابەتێکی دیاریکراو، کە مامۆستاکەیان بۆیان دیاری دەکا، لەوێ هەڵسوکەوتی مامۆستا لەگەڵ قوتابی زۆر جیاواز لەگەڵ ئێرە، چونکە لەوێ مامۆستا و قوتابی وەک برادەرن و لەگەڵ کەسوکاری قوتابییەکانیش هەر برادەرن، بۆ ئەوەی لەرێی کەسوکاری قوتابی بزانن ئەو قوتابییە لە ماڵەوە هەڵسوکەوتی چۆنە.


مامۆستا ویداد خالیس

لە بەشێکی تری دیدارەکە مامۆستا باس لە رەفتاری مامۆستا لەگەڵ ئەو قوتابییانە دەکا، کە دایکیان دیارە و باوکیان دیار نییە و دەڵێ: هەندێ قوتابی هەن دایکیان دیارە و باوکیان دیار نییە، ئەوجا ئەو منداڵانە نەفسیەن جیاوازن لە منداڵانی تر و لە وانەکان دوا دەکەون و کەمێک هاوروهاجن لە پۆلدا، بۆ ئەوە مامۆستایەکی تایبەت لەگەڵ ئەو منداڵە خەریک دەبێ تا وای لێدەکا وەکو منداڵانی تری لێ بێ.

ئایا باڵەخانەی قوتابخانەکان لەوێ چۆنە، بەشێکی تری پرسیارمان بوو لە مامۆستا ویداد، ئەویش گوتی: بینایەکان زۆر رێک و پێکەو هیچ پۆلێک لە ١٥ قوتابی زیاتری لێ نییە و مامۆستاکان پێش نیو سەعات دێنە قوتابخانە و ئەگەر بابەتێکی تایبەتی لە وڵاتەکە یان لە جیهان روویدابێ، ئەوا لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکەن و رای قوتابیانی لەسەر وەردەگرن، لەوێ قوتابخانەی نموونەیی و ئاسایی نییە، بەڵکو هەموو قوتابخانەکان وەکو یەکن، کەچی ئێستا لە هەولێر چەند قوتابخانەیەکی نموونەیی هەیە، کە هەم قوتابیان کەمە و مامۆستاکانیش وانەیان کەمترە و هەمان بڕوانامەی مامۆستایانی تریان هەیە و ئیمتیازاتی باشتریان هەیە، ئەوە بەشەنسە و تاکەی دەبێ ئەو جیاوازییە هەبێ، چونکە دەبێ مافی خوێندن بۆ هەموو کەسێک وەکو یەک بێ. بۆ نموونە کە دەیانەوێ پەیمانگای مامۆستایان دابخەن دەبێ چارەسەرێک بۆ ئەو دەرچووانە دابنرێت و لەبەرچی دابخرێت. باشە کە قوتابییەک ١٤ ساڵ بخوێنێ چۆن پێناگات بۆ وانە گوتنەوە، سووچی لە قوتابییەکە نییە، بەڵکو خەتاکە لە سیستەمەکەیە، لە ساڵانی سی و چلەکان ٩ ساڵیان دەخوێند دەبوونە باشترین مامۆستا، پێویستە بودجەیەکی باش تەرخانبکرێ بۆ وەزارەتی پەروەردە، تا بتوانێ باڵەخانەی زۆر دروست بکا و ژمارەی قوتابخانەکان زیاد بکا و سیستەمی ئیزدواجیەت نەمێنێ و ژمارەی قوتابیان لە پۆلەکان کەمبکرێتەوە، بۆ ئەوەی هەموو مامۆستایان بتوانن بەشداری لە پرۆسەی خوێندن و پەروەردە بکەن، نەکا نیوەی مامۆستایان بە تایبەتی لە قۆناغی سەرەتایی لە ژوورەوە دادەنیشن و رۆژانە ٢ یان ٣ وانەیان هەیە.

لەوێ خوێندن بە پارە نییە، بەڵکو مانگانە پارەش دەدرێتە قوتابی تا تەمەنی ١٨ ساڵی، لە زانکۆش ئەگەر ئەو قوتابییە لە کۆرسی یەکەمی خوێندن دەربچێ پارەشی دەدرێتێ بۆ کۆرسەکانی تریش هەروایە، ئەگەر ئەو قوتابییە دەربچێ ئەو گەنجەش کە تەمەنی ١٨ ساڵی تەواو دەکا ئەگەر ژنیشی نەهێنابێ خانووی حکومەتی دەدرێتێ تەنها دەبێ مانگانە کرێکەی بدات بە گوێرەی مووچەی خۆی، هەرچەندی مووچەت زۆربێ کرێی خانوو زۆردەبێ و چەندی مووچەت کەم بێ داشکانی بۆ دەکەن لە کرێکەدا.

مامۆستا ویداد باس لە تەئمینی تەندروستی کۆمەڵایەتی بۆ قوتابی دەکا و دەڵێ: لەوێ تەئمینی تەندروستی و کۆمەڵایەتی هەیە، ئەگەر گەنجێک دەرچوو ئیشی دەست نەکەوت مانگانە پارەی بۆ دەبڕدرێتەوە تا پێی بژی، تا ئەو کاتەی ئیشی دەست دەکەوێ، جگە لە ژن و پیاوی پەککەوتە، کە مانگانە مووچەیان دەدرێتێ. هیچ نەبێ پێویستە بۆ قوتابیان تەئمین تەندروستییەک بکرێ بۆ ئەوەی یارمەتیان بدرێت لە بواری تەندروستی، چونکە ئەوانە منداڵ و گەنجن با تووشی نەخۆشی نەبن، ئەوانە دوارۆژی میللەتی ئێمەن.

مامۆستا ویداد پێی وایە ئەو سیستەمە نوێیەی پەروەردە لە کوردستان سەرناگرێ و دەڵێ: سیستەمی پەروەردەی نوێ بەو شێوەیە لە کوردستان سەرناگرێت، ئەگەر چارەسەری بنکەکان و ئەو خاڵانە نەکرێ کە باسمانکرد.

مامۆستا لێرە ناتوانێ لە پۆلەکان قوتابی خۆی بناسێ و لێی تێبگا، لەبەرئەوەی ژمارەی قوتابییەکان زۆرە، مامۆستاش گوناحە لەناو ئەو هەموو قوتابییە، چونکە نازانێ پەروەردەیان بکا یان وانەکەیان تێ بگەیەنێ. جا لەبەرئەوە توندوتیژ دەبێ لەگەڵیان ئەگەر لێشیان نەدا قسەی نەشیاویان پێدەڵێ.

دواتر لەوێ قوتابییەکان بەپێی تەمەن لە پۆلەکان دادەنیشن جیاوازی تەمەن لەنێوان قوتابییەکانی یەک پۆل نییە، لێرە لە پۆلی شەشی سەرەتایی قوتابی تەمەن ١٦ ساڵی لەگەڵ قوتابییەکی ١٢ ساڵی لەیەک پۆل دادەنیشن، ئەوە لە پەروەردە شتێکی غەڵەت و کفرە، بە تایبەتی ئەو قوتابخانانەی پێکەوەن و کچ و کوڕ بەیەکەوەن.

# یەکەم قوتابخانەی کچان لە هەولێر


مامۆستا شوکریە عەلی ئەکبەر

ئا: مەسعود مەلا هەمزە

لە دیدارێکی تایبەتی بەدرخاندا مامۆستا ویداد خالس باس لەیەکەم قوتابخانەی کچان لە هەولێر و مامۆستا کوردەکانی ئەو قوتابخانەیە دەکا و دەڵێ: یەکەم قوتابخانەی کچان لە هەولێر لە ساڵی ١٩٢٧ لە قەڵات بەناوی قوتابخانەی هەولێری کچان دامەزرا، خوێندن بە زمانی عەرەبی بوو، تەنانەت وانەی کوردیشی تێدا نەبوو، مامۆستاکان هەموویان لە شاری موسڵ و بەغدا هاتبوون.

ژمارەی قوتابیان ١٦ کەس بوو لە قۆناغی شەشەمی سەرەتایی، لە ساڵی ١٩٣٣ (٧) کچ بەشداری تاقیکردنەوەی بەکەلۆریەیان کرد و پرسیارەکانیان لە بەغدا دەهات و دەفتەرەکان هەر لە بەغدا کۆنترۆڵ دەکران، لە ئەنجامدا تەنها یەک قوتابی لە تاقیکردنەوەکان دەرچوو و بڕوانامەی شەشی سەرەتایی وەرگرت، ئەویش خوالێخۆشبوو مامۆستا شوکریە جیاووکی دایکم بوو. لەو سەردەمەدا دابونەریتی کۆمەڵایەتی رێگەی بە کچ نەدەدا بۆ خوێندن بچنە شارێکی تر، بەڵام خاڵم پاڵپشتی دایکم بوو و هەروەها خوالێخۆشبوو مەعروف جیاووک رووناکبیری هەولێر و داکۆکیکار لە مافی میللەتی کورد پاڵپشتی کرد، تەواوکردنی خوێندن لە (دارالمعلمات) لە بەغدا ماوەی ٣ ساڵی دەویست، واتە دایکم لە ساڵی ١٩٣٦ بڕوانامەی خانەی مامۆستایانی لە بەغدا بە پلەی یەکەم وەرگرت و لە قوتابخانەکەی خۆی لە قەڵات دامەزرا.

مامۆستا ویداد باس لەوە دەکا دابونەریتی ئەوسا رێگەیان نەدەدا قوتابخانەی قەڵا لە سەرەوەی قەڵا بگوازرێتەوە بۆ خوارەوە، چونکە زۆربەی قوتابییەکان خەڵکی قەڵات بوون.

مامۆستا شوکریە یەکێک بووە لە مامۆستاکانی ئەو سەردەم و مامۆستا ویداد لە بارەیەوە گوتی: مامۆستا شوکریە بەردەوام بوو لەکاری فێرکردن و پەروەردەی قوتابیان تا ساڵی ١٩٧٦ و لە ساڵی ٢٠٠٣ ماڵئاوایی لە ژیان کرد و تا ئێستا هیچ رێزلێنانێکی بۆ نەکراوە هەرچەندە وەزیری پێشووی پەروەردە عەبدولعەزیز تەیب لە پرسەکەی سەردانی کردین بەڵێنی پێداین کە قوتابخانەیەکی بەناو بکا، بەڵام تا ئێستا وەڵامی نییە.

کاتی خۆشی دایکم داوای لە دایکان و باوکان و خزم و کەسەکانی خۆی دەکرد کە منداڵەکانی خۆیان بنێرنە قوتابخانە.

دووەم مامۆستای دەرچووی خانەی مامۆستایان مامۆستا خەیریە رەفعەت بوو، کە لە ساڵی ١٩٣٨ خانەی مامۆستایانی تەواوکرد.

لە ساڵی ١٩٣٩ش دوو مامۆستای تر خانەی مامۆستایانیان تەواوکرد ئەوانیش خەیریە نادر و رەبیعە رەشید بوون.

لە ساڵی ١٩٤٠ ئەستێر سەعید لە خانەی مامۆستایان دەرچوو، مامۆستا ئەستێر جگە لە کاری مامۆستایی خۆی لەگەڵ نەقابەی مامۆستایان لە دەرچوونی رۆژنامەی هەولێر بەشداری دەکرد.

مامۆستا ئەستێر لەبەرئەوەی هاوسەرەکەی دکتۆر حیکمەت قوزمیدس لە شۆڕشی ئەیلوول بەشداری کردبوو مامۆستا ئەستێر بۆ ماوەی ٢١ رۆژ لە هەولێر گیراوە و دواتر بەریانداوە، ئەگەرچی ٣ منداڵی وردی هەبووە.

مامۆستایەکی تری شاری هەولێر بەدریە پیرداود بوو، کە لە ساڵی ١٩٥٢ دامەزراوە و لە ساڵی ١٩٨٤ خانەنشین کراوە و نموونەی مامۆستای دڵسۆزی کوردپەروەر بووە و بەهەموو جۆرێک یارمەتی خێزانە لێقەوماوە کوردەکانی دەدا و خوشکی فازیڵ پیرداودی پێشمەرگەی دێرینە و مەسئولیەتی بەڕێوەبردنی هەموو منداڵەکانی فازیڵ لە ئەستۆی ئەو بووە، جگە لەوەی لەهەموو بەندینخانەکانی عێراق بەدوای فازیڵی برای دەگەڕا.

مامۆستا ویداد باسی لەوەکرد لە ساڵی ١٩٥٨– ١٩٥٩ ئەوان چوار قوتابی بوونە، کە بریتی بوونە لە (ویداد خالس، رووناک ناسح، زاهیدە شەهاب، سوعاد مەعروف) و پۆلیان بۆ نەکراوەتەوە، بەڵام نەشئەت محەمەد سەفوەت بەڕێوەبەری پەروەردە بووە و پۆلی بۆ کردوونەتەوە بە موافەقەی وەزارەتی پەروەردە لە بەغدا بەماوەی هەفتەیەک دوو هەفتە ژوورێکمان بۆ دروستکرا بۆ پۆلی چوارەمی زانستی.


مامۆستا ئەستێر سەعید- ڤیەننا ٢٠٠٨

لەو سەردەمیشدا مامۆستا نەشئەت محەمەد سەفوەت و مامۆستا عیزەدین فەیزی رۆڵیان هەبوو لە داواکردنی هاتنی کچان بۆ قوتابخانە و داوایان دەکرد دایک و باوکەکان کچەکانی خۆیان لە خوێندن بێ بەش نەکەن و قوتابیان خوێندنی قۆناغی ئامادەیی و دواتر خوێندنی زانکۆ تەواوبکەن.


بڕوانامەی دەرچوونی مامۆستا شوکریە لە خانەی مامۆستایانی بەغدا


نمرەکانی خوێندنی مامۆستا شوکریە لەخانەی مامۆستایانی بەغدا

# ماڵپەڕی بەدرخان لە ئینتەرنێت www.bedirxan.net بخوێنەرەوە



نازم دڵبەند

## تا زووە دەرگای (قەڵای هەولێر) بگەڕێننەوە شوێنی خۆی!

دڵنیام ئەوانەی قەرار بەدەستن لەم سێ شارەی خۆمان و هەولە چاکوخراپەکانیش هەر بەدەست ئەوانە، زۆربەیان ئەگەر پەساپۆرتی ئەوروپا-یان لە گیرفانی نەبێ ئەوە بێشک زۆرانجار چوونەتە ئەوروپا و رووخساری جوانی ئەو وڵاتانەیان بینیوە کە خەڵک و قەراربەدەستەکانی ئەوێ چەند خەمخۆری کولتور و شارستانیەت و شتە بەبەها و شوێنە پیرۆزەکانی خۆیانن.

ئەگەر بگەڕێینەوە سەر خوێندنەوەی مێژوو و دیقەتێکی ئەم وێنە دیکۆمێنتانەی شەقامەکانی (بەرلین) بدەین، چەند بە حەسرەتەوە دەڕوانینە خاپووربوونی ئەم شارە جوانەی ئێستا کە بەر لە (٦٠) ساڵ چۆن بەئاگری شەڕ هەموو جوانیەکانی سوتاوە، بەڵام هەر زوو ئەگەر ئاوڕێکیش لەم دەوروبەرەی خۆت لەبەردەمی وێنەکاندا بدەیەوە هەر هەموویان بەبێ ئەوەی تۆزقاڵێک جیاوازییان لەگەڵ حەقیقەتی ئەوەڵی ئەم شوێنەی بەر لە وێرانبوونی هەبووبێ سەر لە نوێ دەستە بیناساز و دیزاینسازەکانی ئەم وڵاتە بنیاتیاننناوەتەوە و سەر لەنوێ جۆرێک لە عەشقی ئینتیمابوونیان بە نەوەکانی کۆن و نوێ بەخشیوەتەوە و هەر (تۆریست)ێکیش کە ئەم دوو دیمەنە لێکجودایانە دەبینێ لە شوێنی خۆی دەوەستێ و بۆ ساتەوەختێک سەردا دەنوێنێ و ستایشی رۆڵی ئەم قەراربەدەستانەی ئەوێ دەکات، بە پێچەوانەی ئەم جوانیانەی کە لەوێوە دەبینرێ قەراربەدەستەکانی ئەم سێ شارەی خۆمان ئەم هەموو جوانیانەی کە لەم وڵاتانەیان بینیوە و رەنگە ئەوانیش بە عەشقەوە تێڕوانینیان بۆیان هەبووبێت، بەڵام کە دەگەڕێنەوە ئەم سێ شارە مەحاڵە بتوانن بیر لەم بیرۆکەیە بکەنەوە، باوەڕیش ناکەم راوێژکارە بیناسازەکان ئەم رۆڵەیان بۆ جێهێڵداربێتەوە جا یان ئەوەتا بە گوێیان ناکەن یان خۆیان لەگەڵ ئەم قەراربەدەستانە تووشی سەر یەشە ناکەن کە لە هەردووجاردا خۆیان و خەڵکی شار لێی زەرەرمەند دەبن و لەدوایشدا هەموو ئاسەوارە دێرینەکان کوێردەبنەوە و لە زەمەنێکی تردا نەوەیەکی نوێی ئەم سێ شارە بە ئاستەم دەتوانن وێنەی رابردووی شارەکەی خۆیان لە مێشک و شعوریان وێنە بگرن، وەک ئێستاکە کوڕە بچکۆلانەکەی من نایزانێ.

ساڵی (١٩١٨) دەرگای قەڵای هەولێر چۆن بووە...؟ کە دیویەتی هەر ئەم دیزاینە (بابلی)یەیە کە ساڵی ١٩٧٩ لە نووسینگەی بیناسازی (ئیحسان شێرزاد) کێشرا و ساڵی ١٩٨٠ تەواو کرا، بەڵام وەکو ئەوەی (بەرلین) نەبوو بەبێ ئەوەی وێنە کۆنەکەی لەگەلا هەڵواسرابێ تا هەر نەبێ ئەم مناڵە سەرنجێک بداتە ئەم وێنەیە کە دەرگای قەڵای هەولێر جاران بەم شێوەیە بووە.

ئەم هەموو عیبرەتە نەبۆتە عیبرەت بۆ قەراربەدەستەکانی ئەم سێ شارە، ئەوەتا لە (هەولێر) ئەم شارەی کە کۆنترین شاری سەر رووی زەمینە، بەم زیندویەتیە مابێتەوە و ژیان تیایدا بەردەوام بووبێ و مرۆڤەکانیش شانازی پێوە بکەن کەوتوونەتە گیانی و هەر رۆژەی لایەکی جەستە پڕ لە شوێنەوارییەکان و رۆحیەتی بوونی شارێتی لێدەکەنەوە و بەبێ ئەوەی ئەم پێوەرە زانستیانە بیناسازییەی بەسەرەوە بهێڵنەوە و روخساری کۆنی ئاسەوارە کۆنەکەی بپارێزن و لەمیانی (٢٤) سەعاتی تەواو (بلدۆزەر و شۆڤڵەکان) وێرانی دەکەن و لەسەر نەخشەی هەبوونی ئەم شارە دەیسڕنەوە بە بیانووی ئەوەی باڵەخانەی مۆدێرن کە هەر هەموشیان لەبەرژەوەندی (شەخسی) زێتر هیچی تری بەدواوە نیە.

چەند رۆژێک بەر لە ئەمڕۆ (دەڵاڵخانە)یان کردە نیشانەی ئەم کارەیان و سەرباری تەفروتوناکردنی باری گوزەرانی کۆمەڵە خێزانێکی ئەم شارە و ئاگادارکردنەوەیان بە خاڵی کردنی ئەم بازاڕە، دیارە ئەمەش نارەزاییەکی دژواری لێدەکەوێتەوە و رەنگە دوای یەک، دوو ساڵی دیکە ووشەی (دەڵاڵخانە) بەتەواوی سەر بنێتەوە.

ئینجا گەڕەکەکانی (تەعجیل) و (سەعدوناوە) و (خانەقا) و بازاڕی قەیسەری کە ئێستاکە بێبەریان کردوون لە هەموو خزمەتگوزارییەکی مرۆیی بۆ ئەوەی ئەم خەڵکە ناچار بکەن جێی بهێڵن و ئەم هەموو بیناسازییە کۆنە قەشەنگانەش بە دەردی ئەوانی دیکە بەرن.

من لەگەڵ نوێبوونەوەدام، بەڵام نەک بەم شێوەیە خاپورکراوەی کە دەبینرێ، بۆیە زەرووریيە چاو لە وڵاتان بکەین، کە نموونەی (ئەڵمانیا)ش دەهێنمەوە با چاو لەم سیستەمە جوانەی نۆژەنکردنەوە بکەین، با بەر لە هەموو شوێنێک هەر گەڕەکێ یان شوێنەوارێ دەکەوێتە بەر ماستەرپلان و نوێکردنەوە دەبێ لەسەر دیزاینە کۆنەکەی خۆی بێت، بەڵام بە شێوەیەکی مۆدێرنانەی بیناسازی کەبە هیچ شێوەیەک شێوە روخسارەکەی نەگۆڕێ با لەسەرووی هەمووشیانەوە (دەرگای کۆنی قەڵا) کە کاتی خۆی بە دەستی ئەنقەست بوو بە دەرگایەکی (بابلی) دروست بکەینەوە و وەکو قەڵاکەی شاری (جنێف) رووخساری کۆنی خۆی بمێنێ و نەوەی نوێی ئێستا و داهاتوو لە مێژوو و شارستانیەت و کولتوری شار و میللەتەکەیان نامۆ نەبن.




## دەربارەی چۆنیەتی ئەنجام دانی ماڵپەڕی بەدرخان نێت ( www.bedirxan.net )

دوای ئەوەی ماڵپەڕی تایبەتی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان کرایەوە، کە ئەو ماڵپەڕە لەلایەن ناوەندی رۆشنبیری کوردی-ئەڵمانی لە شاری (مانهایم) ئەنجامدراوە، کە تایبەتە بە کارو چالاکییەکانی دەزگای بەدرخان و هەفتەنامەی بەدرخان، کە لەلایەن هونەرمەندی دەست رەنگین (فەرهاد باپیر) و دەزگای (Digital Design) کاری تەکنیکی و هونەری بۆ دەکرێت. لەپەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا، فەرهاد باپیر کە رێکخەری سەرەکی ئەم کارەیە، سەبارەت بەدروستکردنی ئەم ماڵپەرە وتی: ئەمە کاری دەزگایەکی ئەڵمانییە لەبواری دیزاین و ئەنتەرنێت خاوەنی ئەزموونێکی نەبراوەی بەردەوامە بەکۆمەڵێک لێزان لەم بوارە کاردەکات لەسەرەتای پەیوەندی پێکردنمان لەکارەکە سڵەمینەوەو لەبەر ئەوەی شارەزای بواری زمان و فۆنتی کوردی نەبوون، بۆیە توانیمان بەتەنسیق کردنی کاری زمان وفۆنتی کوردی لە رێگای هاوکاری منەوەو دڵنیایان بکەم و گرێبەستی لە ئەستۆگرتنی ماڵپەرەکە لەگەڵ دەزگای (Digital Design) ئیمزا بکەین، شایانی وتنە ئەرکی دارایی و یاسایی ماڵپەڕی بەدرخان نێت لە ئەستۆی ناوەندی رۆشنبیری کوردی – ئەڵمانی لە مانهایمدایە.

پیرۆزبایی لە دەزگای بەدرخان و خوێنەرانی هەفتەنامەی بەدرخان دەکەین.


بەدرخان یەکەم هەفتەنامەی ئەهلی ئازادە، دوای راپەڕین ژمارە سفری لە ٢٠٠٠/١٠/٢٢ لە سلێمانی دەرچووەو هەموو ٨ و ٢٢ی مانگێک دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان لە باشووری کوردستان دەریدەکات

- خاوەن ئیمتیازو بەڕێوەبەری بەرپرس:
حەمید ئەبوبەکر بەدرخان
- بەڕێوەبەری نووسین:
عەبدولڕەحمان مەعروف (٠٧٥٠٤٦٣٨٥٤١)
- ستافی کارا:
حەسەن یاسین، نازم دڵبەند، کازم عومەر دەباغ، هێمن جەمیل، هەوراز محەمەد، محەمەد فەتاح، مەسعود ئیبراهیم.
- نەخشەساز:
ئاسۆ حەسەن ئەحمەد (٠٧٥٠٤٤٧١٨٢١)

- راوێژکاری مێژوو: د. عەبدوڵڵا عەلیاوەیی
- راوێژکاری زمانەوانیی: د.وریا عومەر ئەمین
- راوێژکاری رووناکبیریی: د. هیمداد حوسێن
- راوێژکاری کلتووری: خالید جوتیار
- بەشی کۆمپیوتەر: ئەیوب یوسف ئەبوبەکر



ناونیشان:
کوردستان، هەولێر، شەقامی ئاراس، باڵەخانەی سەرداری
نۆرماڵ: ٠٦٧٩ ٢٥١ ٠٦٦
مۆبایل: ٥٨٧٨ ٤٥٥ ٧٥٠ ٩٦٤ +
سلێمانی، باڵەخانەی رەحیمی مەلا عەلی
مۆبایل: ٨٥٥٤ ١٥٩ ٧٧٠ ٩٦٤ +

بەدرخان
Bedirxan
bedrxan@yahoo.com